# پرۆژەی (100) ناميلكەی فەلسەفی

## دەزگای ئايديا بۆ فكرو لێكۆڵينەوە

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنور حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود
باوان عومەر - زریان محەمەد

2015

IDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە
# هانا ئارێنت

وەرگێڕانی:
کۆمەڵێک نوسەر

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

ئامادەکردنی: کۆمەڵێك نوسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال
دیزاین: هەرێم عوسمان - ئاكام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 43 )

# بیۆگرافیای
# ژیانی هانا ئارێنت

ئا: لوقمان رەئوف

– له ساڵی 1906/10/14 له خێزانێکی یەهودی ئەڵمانیا له دایکبووه، تیۆرسیۆنی سیاسیەکانی-ئەمریکیه و هەندێک به فەیلەسوفی دەزانن، بەڵام خۆی ئەم ناولێنانەی ڕەتکردوەتەوه، لەسەر ئەو بنەمایەی فەلسەفه هەست به دڵەڕاوکێ دەکات، لەگەڵ (پیاو له سیغەی تاکدا) لەبری ئەوه خۆی ناوناوه تیۆرسیۆنی سیاسی .

– له زانکۆی ماربۆرگ لەگەڵ هایدگەر فەلسەفەی خوێندوه و پەیوەندییەکی رۆمانسی لەگەڵ هایدگەردا هەبووه، بەهۆی ئەوەی هایدگەر پشتیوانی نازی دەکرد، کاتێک سەرۆکی زانکۆی فریبۆرگ بوو، ڕووبەرووی رەخنەی توندبوویەوه، پاشان چووه هایدلبرغ، لەوێ به سەرپەرشتی فەیلەسوفی پزیشکی دەروونی (کارل جاسبر) نامەکەی بۆ نوسی، لەسەر چەمکی خۆشەویستی له بیری قەشه (ئاگۆستینیدا) .

–ساڵی 1929 له بەرلین شویکرد به گۆنترستیرت، له ساڵی 1937 جیابوونەوه.

–له ساڵی 1929 نامەکەی بڵاوبویەوه.

–هانا ڕێگری لێدەکرا له ئامادەسازیکردنیدا بۆ وانەوتنەوه له زانکۆکانی ئەڵمانیا، چونکه جولەکه بوو.

–ساڵی 1933 بەهۆی هاتنەسەر دەسەڵاتی نازیەکان، خاڵی گۆڕان له ژیانی هانا ئارێنت ڕوویدا، چونکه وایکرد له فەلسەفه دوربکەوێتەوه و ڕوو له سیاسەت بکات به عەمەلی.

– له هاوینی 1933 دەزگای ئاسایشی نازیەکان هانایان گرت، بەڵام دواتر ئازادیان کرد.

–ساڵی 1937 له ڕەگەزنامەی ئەڵمانی بێبەشدەکرێت.

–ساڵی 1940 شوو دەکات به شاعیری ئەڵمانی و مارکیسی فەیلەسوف هایرنش بلوگ، بەهۆی نەبوونی ڕەگەزنامەی ئەڵمانی خرایه سەربازگەی جیزر، بەوەی دوژمنێکی بێگانەیه، بەڵام پاش چەند هەفتەییەک توانی هەڵبێت.

– ساڵی 1941 لەگەڵ هاوسەر و خێزانەکەی ڕایانکرد، له ڕێگەی دبلۆماسێکی ئەمریکی (هیرام بینغام) به قاچاغ ڕەوانەکران بۆ ئەڵمانیا، لەم ڕێگەشەوه هاوکاری 2500 جولەکەی تری کرد.

– ساڵی 1941–1945 ستونێکی بە زمانی ئەڵمانی لە ڕۆژنامەی مال (Aufbau) ی جولەکە دەنوسی، هانی جولەکەی ئەڵمانی دەدا، پاش جەنگی جیهانی دووەم گەڕایەوە ئەڵمانیا و کاری بۆ لاوان و زایۆنزمی ناوچەکە دەکرد، ژمارەیەکی زۆر منداڵی ڕزگارکرد و ڕەوانەی فەلەستینی کردن.

– ساڵی 1950 ڕەگەزنامەی ئەمریکی وەردەگرێت.

–لە زانکۆکانی کالیفۆرنیا –بیرکلی –برنستۆن–نرۆرس ویستر وەک لێکۆڵەرێکی میوان خزمەتی کردووە.

– ساڵی 1951 یەکەم کتێبی گەورەی بە ناوی بنچینەی گشتگیری بڵاوکردەوە، لە هەموو بەڵێنامە باڵاو ئیمپڕیالیەکاندا شوێن بنچینەکانی ستالینی شیوعی و نازی کەوتبوو، بۆیە چەپەکان دژی ئەم کتێبە وەستانەوە.

– ساڵی 1956 بەشداری ڕاپەڕینی هەنگاریای کردووە.

–ساڵی 1958 کتێبی (باری مرۆڤی) بڵاوکردەوە، تێیدا جیاوازی لە نێوان چەمکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا کردووە، لەگەڵ کارو شێوە جیاوازەکانی کارکردن.

– ساڵی 1959 وەک یەکەم ژنی وانەبێژ وانەی لە زانکۆی برینستۆن وتوەتەوە، هەروەها لە زانکۆی شیکاگۆ وانەی وتوەتەوە، بووەتە ئەندامی لیژنەی بیری کۆمەڵایەتی قوتابخانەی نوێ، لە مانهاتن زانکۆی ییل.

–ساڵی 1960 تیۆری لە بارەی ئازادی و ماف دانەوە.

–ساڵی 1961–1962 بووە هاوکار لە بنکەی لێکۆڵینەوەی پێشکەوتوو لە زانکۆی ویسلیان.

–ساڵی 1962–1963 هەڵبژێردرا بۆ هاوکاریکردن لە ئەکادیمیای ئەمریکی بۆ هونەر و زانست.

–ساڵی 1964 ئەندامی ئەکادیمیای ئەمریکی بوو بۆ هونەر و ئەدەب.

لە 1975/12/4 بە هۆی جەڵدەی دڵەوە کۆچی دوایی کرد، لە کۆلیژی (بارد) لە ئەناندال لە نیۆیۆرک نێژراوە

# سیاسەت چییە؟

وەرگێڕانی: دانا شوانی

## سیاسەت چییە؟

**یەکەم:** سیاسەت پشت ئەستورە بە واقیعەتی فرەیی مرۆڤەکان. خودا مرۆڤی خوڵقاند، بەڵام مرۆڤەکان دەستکەوتێکی مرۆیی، خاکی، بەرهەمی سروشتی مرۆیین. لێرەوەیە بابەتی سەرەکی فەلسەفە و ئیلاهیات هەمیشە مرۆڤە، لێرەوەیە هەموو گوزارەکانیان حەقیقەتیان نیابووە، تەنانەت ئەگەر یەک مرۆڤ، یان دوو مرۆڤ، یان تەنها مرۆڤە هاوشێوەکان بوونی هەبێت و هیچ وەڵامێکی فەلسەفی قەناعەتکەریان بۆ ئەم پرسیارە پێ نەبێ: سیاسەت چییە؟ لەوەش خراپتر: بۆ هەر بیرکردنەوەیەکی زانستی (لە بایەلۆجی، یان سایکۆلۆجی، یان لە فەلسەفە و ئیلاهیات) تەنها مرۆڤ بوونی هەیە، بەو چەشنەی کە بۆ ئاژەڵناسان تەنها شێر بوونی هەیە. شێرەکان ئەو بابەتانە بوون کە تەنها بە شێرەکانەوە پەیوەستە.

ئەوەی ناحەز و نەگونجاو دێتەبەرچاو، پلەو پێگەی جیاوازی نێوان فەلسەفە سیاسییەکان و بەرهەمەکانی ترە لای هەموو بیرمەندە گەورەکان، تەنانەت ئەفلاتونیش. سیاسەت (لای ئەم بیرمەندانە) هیچ کات سیمایەکی ئاوا قوڵی نابێت. ئەم لەدەستدانە هیچ نییە، جگە لە دەستدانی مانا بۆ ڕیشەی قوڵیی سیاسەت.

**دووەم:** سیاسەت پرسی هاوژیانی و هاوتەبایی جیاوازییەکانە. مرۆڤەکان خۆیان لە ڕووی سیاسییەوە بەگوێرەی شێوە هاوبەشە دەستکردە دیاریکراوەکانەوە لە نێو ئانارشیزمی ڕەها، یان بەهۆی ئانارشیزمی ڕەهای

جیاوازییەکانەوە ڕێکدەخەن، لەبەرئەوەی جەستەی سیاسیی پشت ئەستورە بەخێزان و وەک خێزان بیری لێ دەکرێتەوە، پلەکانی خزمایەتی لە لایەک وەکـ ئەو شتە دادەنرێ، کە دەتوانێ جیاوازترینەکان پێکەوە گرێبدات، لەلایەکی تر وەک ئەو شتەی کە لەلایەن ئەو پەیکەرە مرۆڤ ئاسایانە هەم خۆیان لەبەریەک هەڵدەوشێننەوە، هەم بەرامبەر یەکتر چەندەها سنور دادەنێن.

لەم شێوە دەزگایەدا، تا ئەو شوێنەی کە پرسی مرۆڤ لە ئـارادایە، جیاوازی ڕیشەیی هەمان ئـەو چارەنوسە بەهێزە ڕیشەکێشکراوە، کە یەکسانی گەوهەری هەموو مرۆڤەکانی تێک و پێکداوە. وێرانەی سیاسەت، لە هەردوو لایەنەوە، لە گەشەسەندنی جەستە سیاسییەکان لە خێزانەوە دێتەکایەوە. لێرەدا مەبەست لەوەی وەک خێزانی پیرۆز ڕەمزیی دەکرێت ئەمەیە، کە خودا هەم مرۆڤی نەخوڵقاندوە و هەم خودا پتر خێزانی خوڵقاندووە تا مرۆڤ.

**سێیەم:** تا ئەو شوێنەی کە لە خێزاندا شتێکی پتر ببینی لە هاوکاری: واتە بەشداری چالاک لە فرەییدا، مرۆڤێک دەست پێ دەکـات، ڕۆڵی خوداوەند بگێڕێ، واتە وا خۆی دەردەخات کە گوایە مرۆڤ بە شێوەیەکی سروشتی دەتوانێ لە بنەچەی جیاوازی ڕزگاری ببێت، لە بڕی بەرهەمهێنانی مرۆڤێک، هەوڵدەدرێت هاوتا بە خودی مرۆڤ دابهێنرێ، بە زمانی پراکتیکی- سیاسیی، بەڵام خێزان لە بایەخە دێرینەکەیەوە، سوود لەم ڕێگەیە وەردەگرێ، کە جیهان بە جۆرێ ڕێکخراوە کە تێیدا بۆ تاکەکان، ئەمەش واتە بۆ جیاوازترینیان، پەناگەیەکی نییە.

خێزانەکان وەک چەند قەڵایەکی بەهێز لە جیهانێکی نادۆستانە و نامۆ بینادەکرێن، کە تێیدا مرۆڤ دەخوازێ پەیوەندی خزمایەتی بەکۆڵدا

بداٹ. ئەم ویسٹ و ئارەزووە بەرەو لادانی سەرەکی سیاسیی دەڕواٹ، لەبەرئەوەی چۆنایەتی بنەڕەتی فرەیی بەهۆی والاکردنی چەمکی خزمایەتی ڕەتدەکرێتەوە، یان بەڕاستی لەناو دەچێٹ.

**چوارەم:** مرۆڤ، بەو چەشنەی کە فەلسەفە و ئیلاهیاٹ دەیناسن: لە سیاسەتدا تەنها لە مافێکی یەکساندا بوونی هەیە (یان بە دیدێٹ) ئەو مافەی کە جیاوازترینیان بۆ یەکتر دەستەبەر دەکەن، لەم دەستەبەرکردن و پشتڕاستکردنەوەی خۆویستانەی مافی یەکسانی یاسایی بە فەرمی دەناسێٹ کە فرەیی مرۆڤەکان، فرەییان قەرزداری خۆیانن و بوونیان پەیوەستە بە داهێنانی مرۆڤەوە.

**پێنجەم:** فەلسەفە دوو هۆی باشی هەیە: هیچ کاٹ تەنانەٹ شوێنێ کە سیاسەٹ تێیدا دێتەکایەوە، لەوێ نییە. هۆی یەکەم ئەمەیە:

بونەوەری سیاسی: لەمرۆڤدا شتێکی سیاسیی هەیە، کە بە گەوهەری دەژمێردرێٹ. ڕێک ئەمە راسٹ نییە.

1) مرۆڤ لەودیو سیاسەتەوەیە: سیاسەٹ لەنێو مرۆڤەکان دێتەکایەوە، بەم چەشنە بەڕەهایی لەدەرەوەی مرۆڤە. لەم ڕووەوە، هیچ گەوهەرێکی سیاسیی واقیعی بوونی نییە، سیاسەٹ لەنێو مرۆڤەکان دێتەکایەوە و خۆی وەک پەیوەندی جێگیر دەکاٹ. ئـەم خاڵە هۆبز باش لێی تێگەیشتووە.

2) وێناکردنی ئەو تاکە خواوەندەی کە مرۆڤ لە شێوەی ئەو خەڵق کراوە: لێرەوە دواجار تەنها مرۆڤ دەتوانێ بوونی هەبێٹ، مرۆڤەکان بە دوبارەکردنەوەی کەم تا زۆر سەرکەوتووی «هاوشێوەکان» دەگۆڕن. مرۆڤ ئافرێنراوێکی هاوشێوەیە لەگەڵ گۆشەگیری ئەو خواوەندە بنەڕەتییەی کە بە گوێرەی تیۆری هۆبز «هەلومەرجی سروشتی وەک جەنگ هەمووان دژی هەمووان» بیناکراوە. ئەم جەنگە شۆڕش و هەڵگیرسانی هەموو کەسێکە

دژی هەموو ئەوانەی کە ڕەتدەکرێنەوە، چونکە ژیانیان بێ ماناو پوچە، بێ مانا بۆ مرۆڤ خەڵقکراوە، وەک گۆشەگیری و دوورەپەرێزی خواوەند.

چونە دەرەوەی خۆرئاوایی لێی، نەکردەبوونی سیاسەتە لە فەرهەنگی ئەفسانەی راستبوونی خۆرئـاوایی، یان بەدیلی سیاسەت لەلایەن مێژووەوە، لە ڕێڕەوی وێناکردنی مێژووی جیهان فرەیی مرۆڤەکان لە تاکی مرۆڤدا دەتوێنەوە، کە پاشانیش بە مرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدرێ. لەم ڕووەوەیە کە فاکتی ترسناک و نامرۆیی مێژوو، کە پەیامی خۆی سەرەتا لە کۆتاییەکی تەواو و بێ بەزەیی لە سیاسەتدا بەرەو پێش دەبات.

**شەشەم:** وێناکردنی ئەوەی ئێمە لە کایەیەکدا بەڕاستی ئازاد بین: واتە نە دڵەراوکێمان هەبێت، نە وابەستە بە کەرەستە و بەرژەوەندی هەیی بین، ئەمە بە ئامانج سەختە. ئازادی تەنها لە کایەی سەنتراڵی سیاسەت بوونی هەیە. ئێمە لەم ئازادییانەدا پەنا بۆ «پێویست»یەکانی مێژوو دەبەین. چ پوچییەکەی بێزارکەرە!

**حەوتەم:** ڕەنگە ئەرکی سیاسەت بەرچاوکردنی ئەو جیهانەیە کە بۆ حەقیقەت هەمان ئەو دونیا شەفافەیە کە بۆ خوڵقانی خوداوەند هەبووە: لە مانای ئەفسانەی یەهودی–_مەسیحی بەم مانایەیە: مرۆڤ، ئافرێندراوە بە شێوەی خوداوەند، هێزی لەدایکبوونی هەیە، تاوەکو مرۆڤەکان وەک خوڵقانی ئیلاهی ڕێکبخات.

ئەمەش ڕەنگە بێ مانا بێت، بەڵام ئەمە تاکە ڕەنگدانەوە و ئاڕاستەی گونجاوی بیرکردنەوە_ مافی سروشتییە، لە جیاوازی ڕەهای هەموو مرۆڤەکان لە یەکتر، کە گەورەترە لە جیاوازی ڕێژەیی نەتەوەکان، یان نەژادەکان، لە زۆربەی خوڵقاندنی مرۆڤ لەلایەن خوداوەندەوە شاردراوەتەوە. ڕاستییەکان بەم چەشنەیە، بەڵام سیاسەت لێرەوە ڕێک هیچ شتێکی بۆ ئافراندن نییە،

سیاسەت لە ڕاستیدا لەهەمان سەرەتاوە جیاوازییە ڕەهاکانی لە ڕووی یەکسانی ڕێژەیی و بەگوێرەی جیاوازییە ڕێژەییەکانەوە ڕێک دەخات.

**سەرەتایەکی تر بۆ سیاسەت**

پێشداوەری دژی سیاسەت و ئەوەی لەڕاستیدا لە سیاسەتی ئەمڕۆدا هەیە، ئەگەر بمانەوێ لەبارەی سیاسەت لەسەردەمی ئێمە بدوێین، پێویستە لەو پێشداوەرییانەوە دەست پێ بکەین، کە ئێمە هەموومان، ئەگەر بەڕێکەوت سیاسەتمەداری پیشەیی نەبین، سیاسەتمان لە مێشکدایە. ئەم پێشداوەرییانە، کە لە هەموومان‌دا هاوبەشە، بۆخۆی دەرخەری شتێکی سیاسیین لەمانای پوختی وشەکەدا: ئەوان لە بەرزەفڕترین ئاوەزمەندیدا ئاو ناخۆن و قەرزداری ڕێبازەسەگی (کلبی مسلک) ئەوانە نین، کە سارد و گەرمی ڕۆژگاریان زۆر چەشتووە و کەمتر تێدەگەن، ئێمە نە دەتوانین بەڵگەخوازییەکانی ڕابگەیەنین، چونکە ئەوان دەتوانن پشت بە واقیعیەتە ڕەتنەکراوەکان و پێگەی هەبووی خۆیان ببەستن، ئەوەش ڕێک لە شێوە سیاسییەکەی، بە متمانەوە ڕەنگ ڕێژ بکەن. سەرباری ئەمەش، ئەم پێشداوەرییانە دادوەریی نین، ئەوانە ئامادەن ئێمە بئاخننە ڕەوشێکەوە کە تێیدا لە ڕووی سیاسییەوە بە راستی نەزانین بجوڵێینەوە، یان نەجوڵێینەوە. مەترسییەکە لێرەوەیە کە فاکتی سیاسیی لە بنەڕەتدا لە شانۆی جیهان کۆتایی پێدێت، بە سیاسەت تێکەڵدەکرێن و ئەوەی دەبێتە ڕووداو، وەک شتێ لە قەڵەم دەدرێن، کە گوایە زاتی سیاسەتە، لەم رووەوە، شایەنی داکۆکی لێکردن نییە، لە پشت هەموو پێشداوەرییەکانی ئەمڕۆوە سیاسەت ئامادەیە، واتە لە ساتی داهێنانی بۆمبی ئەتۆم، دڵەڕاوکێ و ترس ڕاوەستاوە. مرۆڤایەتی بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی لە ڕێگەی سیاسەت و توندوتیژییەکانی لە جیهان ڕەشبکاتەوە (پەیوەست

بەم نیگەرانیە) ئومێد، مرۆڤایەتی چەند ڕۆشناییەک نیشاندەدات و لە بری خۆی، سیاسەت دەهێنێتە پێشەوە، ئەوەش لە ڕێگەی حکومەتێکی جیهانی کە دەوڵەت لە دەزگای کارگێری هەڵبوەشێنێتەوە، ململانێ سیاسییەکان لە ڕێگەی بۆرۆکراسییەتەوە بەرزبکرێتەوە و بگەڕێتەوە و ئەرکانە سەربازییەکان بکەنە جێگرەوەی سوپاکان. هەر چەند ئەم ئومێدە بەتەواوی خەیاڵییە. کاتێک لە سیاسەت، بەو چەشنەی کە زۆرجار ڕوو دەدات، پەیوەندی نێوان فەرمانڕەوا و ژێردەست دەکاتە ئامانج. لەم گۆشەنیگایەوە، ئێمە لەبڕی ڕەشکردنەوەی سیاسیی، ڕەنگە شێوەی دەسەڵاتی ستەمکاری ببێتە نسیبمان، ئەو شێوەیەی کە تێیدا ناکۆکی فەرمانڕەوا و ژێردەستەکان هێندە ڕەهەندێکی نەشیاو بە خۆیەوە دەگرێ، کە تەنانەت ئیتر هیچ سەرپێچییەک ڕوونادات، چ بگات بە کۆنترۆڵی فەرمانڕەواکان لە ڕێگەی ژێردەستەکانەوە. ئەم خەسڵەتە ستەمکارییەش، بەم ئامرازە دەگۆڕێت کە هیچ کەس، هیچ ستەمکارێ، ئیتر لەم ڕژێمە نادۆزرێتەوە، لەبەرئەوەی سەروەرێتی بۆرۆکراسیی، دەسەڵات لە ڕێگەی نوسینگەی کارەوە کەمتر ستەمکار نییە، چونکە «هیچ کەس» بەکاریناهێنێ، بە پێچەوانەوە سەروەرێتی بۆرۆکراسییەت زۆر ترسناکە، لەبەرئەوەی لەگەڵ ئەم «هیچ کەسانە» کەس ناتوانێ وشەی خراپ و لەگەڵ ئەو ئاشنا بکرێ، بەڵام کاتێک لە فاکتی سیاسیی کایەی جیهانی تێبگەی کە تێیدا مرۆڤەکان بەشێوەیەکی نمونەیی وەک ئەکتەر لەسەر شانۆ دەردەکەون و بەردەوام گرنگی بە کاروباری مرۆیی بێ ئەڵتەرناتیڤەکان دەدەن، هیوا بەهیچ شێوەیەکی خەیاڵی نییە، خۆلادانی مرۆڤەکان وەک ئەکتەرەکان، زۆرجار لە مێژوودا سەرکەوتوو بووە، بەڵام لە پێودانگێکی جیهانی نا ــ چ جا لە شێوەی ستەمکاری کە ئەمڕۆ بۆ ئێمە نیشانەی دواکەوتووییە کە تێیدا ئیرادەی مرۆڤێک ڕێگەیەک دەکاتەوە، چ جا لەشێوەی مۆدێرنی سەروەرێتی

پەتی، کە تێیدا مرۆڤ دەخوازێ «هێزە مێژووییەکان» بە ڕواڵەت واڵاتری ناکەسیی و ڕەوتەکان ڕزگار بکات و مرۆڤەکان بۆ کۆیلەکانیان بگۆڕێت. بەڕاستی فاکتێکی نا سیاسیی لەم شێوەیە لە دەسەڵاتی خۆی، ڕێک لە جێگیریی و تایبەتەکەی پیشاندەدات کە تێیدا هەموو ئەوەی دوێنێ هێشتا وەک «گەورە« موعتەبەر بوو، ئەمڕۆ دەتوانێ فەرامۆشی بکات، ئەگەر بڕیاریش بێ بزوتنەوەکە بمێنێتەوە، پێویستە بە فەرامۆشی بسپێرێ. هەر چەند ئەمە بەهیچ شێوەیەک ناتوانێ ببێتە مایەی ئارامی یادەوەری. کاتێک ناچارین دیاریبکەین کە لە دیموکراسییە جەماوەرییەکان بێ، هەر تیرۆر و لەهەمانکاتدا خۆبەخۆییەک، بەم چەشنە، بێتوانایی مرۆڤەکان لە لایەک و ڕەوتی بەردەوامی گۆڕانی بۆ داڕزان و فەرامۆشی لەلایەکی تر دەکاتەوە، هەر چەند ئەم دیاردانە، لە جیهانی ئازاد و بێ تیرۆردا، بە فاکتی سیاسیی لە مانای پوختی وشەکە و فاکتی ئابوری گەمارۆ دەدرێن.

بەڵام پێشداوەرییەکانی سیاسەت، ئەم وێناکردنەی کە سیاسەتی ناوخۆیی تان و پۆی لەدرۆ و دەسەلەی بەرژەوەندییە شەرمهێنەرەکان و ئایدۆلۆژیای نەنگیدایە، ئەمە جگەلەوەی کەناری سیاسەتی دەرەکی لەنێوان پڕوپاگەندە بەتاڵ و توندوتیژییەکان توشی کەموکوڕی بوەتەوە، مێژوو پلەیەکی زۆر کۆنتر لە داهێنانی ئەو پێویستیانەیە، کە لەگەڵیان بتوانێ هەر ژیانێکی ئۆرگانێکی لەسەر ڕووی زەوی وێران بکرێت، ئەوەی پەیوەستە بەسیاسەتی ناوخۆییەوە، ئەوە لانی کەم بە ئەندازەی دیموکراسی پارتەکان تەمەنیان هەیە، واتە شتێکی پتر لە سەد ساڵ. ئەو پارتانەی کە وا خۆیان دەردەخەن بۆ یەکەمین جار لە مێژووی هاوچەرخ نوێنەرایەتی دابهێنن، وێرای ئەوەی کە خودی بیناکردن هەرگیز بڕوای بەمە نییە. ئەوە بە سیاسەتی دەرەکیشەوە پەیوەستە، ڕاگەیاندنی پەیدابوونیەتی، هەروەها پێویستە لەو یەکەمین

دەیانەی پەرەسەندنی ئیمپڕیالیستی سەرەتاکانی چاخەکە بێ، ئەو ماتەی دەوڵەتی نەتەوەیی نەک بە فەرمانی دەوڵەت، بەڵکو بەهۆی بەرژەوەندییە ئابورییە نەتەوەییەکانەوە دەست پێ دەکات، دەسەڵاتی ئەوروپایی بەسەرتاسەری جیهان بڵاوبکاتەوە، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ بایەخی واقیعی بە پێشداوەری پەیوەست بەسیاسەت دەدات: پەنابردن بۆ گۆشەگیری و بێ توانایی، تەمەنایی نائومێدانە بۆ لەدەستدانی تەواوی شیاوێنییەکانی کردەی ئەو ساتەی هێشتا پێشداوەری بوو، ئیمتیازی تایبەتی توێژێکی بچوک، کە هاوشان بەوەی لێرد ئاکتۆن بڕوای پێی هەبوو، کە دەسەڵاتێکی گەندەڵە و خۆ کردنە خاوەنی دەسەڵاتی ڕەهای گەندەڵی ڕەهایە. بەڕاستی هیچ کەس مەگەر نیچە لە هەوڵەکانی بۆ دوبارە ئابڕوسەندنەوە لە دەسەڵاتی لەم چەشنە ئاشکرا نەکات، کە ئەم سەرزەنشتە دەسەڵات دەبینێتەوە، بەتەواوی لەگەڵ ئارەزوو و ویستی جەماوەرەکان هاوکارو تەبابێت، هەر چەندە ئەویش هاوهەنگاو لەگەڵ رۆحی زەمەنی خودی دەسەڵات، کە کەس هیچ کات ناتوانێ لێی سوودمەند بێ، لەبەرئەوەی دەسەڵات لە بنەڕەتدا تەنها لەکردەی هاوبەشی زۆرێ لە مرۆڤەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەویش بەو توندوتیژیەی کە کەسێ هەڵبەتە دەتوانێ ببێتە خاوەنی، لێی تێکبچێ یان بە دەستەواژەیەک بە یەک بزانرێت.

**سەرچاوە**

_ Hannah Arent, what is the politics?, Piper München Zürich, march 2003.

# شوێنکەوتەی هیچ ڕێبازێک نیم

گفتوگۆیەک لەگەڵ هانا ئارنێت

لە فارسییەوە: ڕەند

لە مێزگردێکدا لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (1972ز) لە شاری تۆرنتۆ و لەچوارچێوەی چالاکییەکانی کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەی هزری کۆمەڵایەتی و سیاسی، بەرهەمەکانی هانا ئارێنت تاوتوێکرا، خودی هانا ئارێنت (1906–1975)یش بەشداری تێدا کردبوو.

(مەلڤین هێل) کۆمەڵێک لە گفتوگۆکانی ئەم مێزگردەی کۆکردوەتەوە و لەژێر ناونیشانی (هانا ئارێنت: چاوخشاندنەوەیەک بە تێگەیشتنی گشتیدا، نیویۆرک، بڵاوکراوەی سەنت مارتین، 1979ز) بە چاپگەیەنرا.

لەم نێوەندەدا ئاڵوگۆڕی بیروڕاکان کە تێیدا هانا ئارێنت وەڵامی پرسیاری لێکۆڵیاران، یاخود ئەو پرسیارانەی لەلایەن کەسە زۆر نزیکەکانی خۆی وەک (هانس.ج. مۆرگنتۆ) ی دایەوە، کە یەکێکە لە مەزنترین تیۆریستانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەبواری جەنگی سارد، مۆرگنتۆ لە ساڵی (1980ز)دا کۆچی دوایی کرد، یاخود وەڵامی پرسیاری هاوڕێ دڵسۆزەکانی خۆی وەک (ماری مەک کارتی)  دایەوە کە نوسەرو ڕەخنەگری هونەری شانۆ و شێوازی ئەدەبی ئارێنت بوو، ناوبراو لە ساڵی (1989ز) کۆچی دوایی کرد.

بەشێکی گچکەی ئەم گفتوگۆیانە تائێستاش بەزمانی فەرەنسی بڵاونەکراونەتەوە، وا لێرەدا دەیانخەینەڕوو.

ئارێنت لەم گفتوگۆیانەدا، پێگەی خۆی لە هەمبەر لیبڕاڵیزم و کۆنسەرڤاتیزم (موحافیزکاری)و دیدگاکانی خۆی لەبارەی کاپیتاڵیزم بە ڕوونی

دەربڕیوە.

*هانس مارگنتۆ: ئایا تۆ موحافیزکاریت، یاخود لیبڕاڵ؟ پێگەت لەنێو گۆڕەپانی ڕەنگاوڕەنگی شەترەنجی ئەم سەردەمەی ئێمەدا کەوتوەتە کوێ؟

-هانا ئارێنت: لە ڕاستیدا نازانم و هیچ کاتیش نەمزانیوە. پێموایە هەرگیز لەو بارودۆخانەدا نەکەوتوومەتە ئەم دەستەیەوە. هەروەک ئاگاداریت، باڵی چەپ منیان بە باڵی موحافیزکار دادەنا، هەندێکجار موحافیزکارانیش منیان بە یەکێک لە کەسە چەپەکان، یاخود بەژنێکی سەرکێش هەژمار دەکرد، یان مەگەر هەر خوداوەند خۆی بزانێ چ جۆرە کەسێکم.

پێویستە ئەوەش بڵێم کە بەشێوەیەکی گشتی بایەخ بە کرۆکی مەسەلەکان نادەم، پێموانییە بەکۆمەڵێ بابەتی لەم چەشنە، لە تواناماندا هەبووبێ کە لەڕێگەی وەڵامدانەوەی هەندێ لە پرسیارە ڕاستەقینەکانی ئەم سەدەیەوە، ڕێگایەکمان دۆزیبێتەوە.

من شوێنکەوتەی هیچ ڕێبازێک نیم، تەنها ئینتیمام بۆ ڕێبازێک هەبوو، کە هی جولەکە بوو، تاکە هۆکاری ئەم ئینتیمایەش لە ساڵانی (1933 تا 1943)ی سەردەمی هێتلەردا بوو، پاشان لەو ڕێبازەش جیا بوومەوە، ئەمە تەنها ڕێگایەکە کە توانیم لەبری ئەوەی خۆم خۆشبوێ، نەک وەک مرۆڤ، بەڵکو وەک جولەکەیەک داکۆکی لە خۆم بکەم. لەو سەردەمەدا بیر لەوە دەکەمەوە کە ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە ئەگەر تۆ وەک جولەکەیەک بوێربوویتایە و توانای وەڵامدانەوەی ئەوەت نەبێ کە بڵێی «من داوای لێبوردن دەکەم، من جولەکە نیم، بەڵکو تەنها مرۆڤم»، ئەوا ئەوپەڕی نەزانییە. هەر ئەم ڕەوتە نەزانییە بوو کە تێیدا ڕۆچوو بووم. هیچ ڕێگایەکی دیکە نەمابووە، بەم شێوەیە پەیوەندیم بەسیاسەتی جولەکەوە کرد: ئەگەر بتەوێ ڕاستی بزانیت، دەبێ نەک بە سیاسەت، بەڵکو بایەخ بە کاری

کۆمەڵایەتی بدەین، کە بەجۆرێک لە جۆرەکان گرێدراون بە سیاسەتەوە.

من هەرگیز نە سۆسیالیست بووم، نە کۆمۆنیست. من لەنێو گۆڕەپانی سۆسیالیستیدا پەروەردە بووم، باوک و دایکم سۆسیالیست بوون، بەڵام هەرگیز ئینتیمام بۆ ئەو ڕەوتە نەبووە. هەربۆیە ناتوانم وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە.

من هیچکاتێک لیبڕاڵ نەبووم، کاتێک دەڵێم لیبڕاڵ نەبووم، لەبەرئەوەیە بڕوام پێی نییە، کاتێک هاتمە نێو وڵاتی ئەمریکا، وتارێکم لەبارەی کافکا (KAFKA) بەزمانێکی شەپڕێوی ئینگلیزی نوسی و بۆ پارتیزان ریڤیو (PARTISAN REVI)م نارد، کاتێک چوومە ئەوێ تا لەبارەی ئینگلیزییەکەم بدوێم و ئەو وتارەم خوێندەوە، زاراوەی (پێشکەوتن)م لەنێو هەموویاندا بەرچاوکەوت. نارەزاییم دەربڕی کە «ئایا چ دەرەنجامێ لەم چەمکە بەدەستدەهێنی؟، من هەرگیز لەم چەشنە زاراوەیەم بەکارنەهێناوە» و هەندێ شتی دیکەش. بەپەلە یەکێک لە ئەندامانی ستافی نوسەران بۆ بینینی یەکێک لە هاوپیشەکانی خۆی، بۆ ژوورەکەی پەنای رۆیشت. منیان لەوێدا جێهێشت، بەگوێی خۆم بیستم کە بە ئاوازێکی تەواو نائومێدەوە دەڵێن: «ئەو تەنانەت بڕوای بە پێشکەوتنیش نییە! ».

*ماری مەک کارتی: هەڵوێستت لەبارەی کاپیتاڵیزم چییە؟

-هانا ئارێنت: من خۆم بە هاوبەشی ئەو هەژانە مەزنەی مارکس (MARX) لەبارەی کاپیتاڵیزم نازانم، ئەگەر بەرگە یەکەمەکانی پەرتوکی (مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست MANIFESTE COMMUNISTE) بخوێنینەوە، ڕووبەڕووی بەناوبانگترین ستایش دەبینەوە، کە تائێستا بۆ کاپیتاڵیزم کراوە، ئەویش لە رۆژگارێکدا کە کاپیتاڵیزم بووەتە جێ نیشانەی پەلامارە خوێناوییەکان بەتایبەت لەلایەن باڵی راستڕەوەوە. موحافیزکاران

لەڕیزی یەکەم ئەو کەسانەدا بوون، کە بایەخیان بەم ڕەخنە فراوانانە داوە، دواتر لەلایەن باڵی چەپیشەوە پەلاماردرا، شیاوی گوتنە ئەم چەمکە لەلایەن مارکسەوە شرۆڤەکراوە.

لەلایەکەوە مارکس خاوەنی ڕاستییەکی ڕەها بووە: سۆسیالیزم دوا دەرەنجامی لۆژیکیانەی کاپیتاڵیزمە. پاساوەکەشی زۆر سادەیە، کاپیتاڵیزم بوونیەتی خۆی بە لێسەندنەوەی موڵکایەتی دەستی پێکردووە. ئەمەش هەمان یاسای گەشەپێدانە. سۆسیالیزم بەجۆرێک لەجۆرەکان بە شێوازێکی ڕەها موڵکایەتی لە کەس و لایەنەکان دەستێنێتەوە، بەشێوەیەکی میانڕەویش چاودێری لۆژیکیانەی ئەو پرۆسەیە دەکات، تا کۆتای پێدێت. ئەوەی بە سۆسیالیزمی مرۆیی ناودەبرێت، بەمانایەکی زۆر سادە، ئاراستەیەکی بێ بەزەییانەشە کە بە کاپیتاڵیزم دەستپێدەکات و بە سۆشیالیزم کۆتایی دێت.

سەرتاسەری پرۆسەی نوێی بەرهەمهێنان، لەراستیدا بریتییە لە پرۆسەی لێسەندنەوەی موڵکایەتی، بەشێوازی هەنگاو بەهەنگاو، هەربۆیە هەمیشە هەوڵم داوە تا خۆم لە جیا کردنەوەی ئەم دوو پرۆسەیە بپارێزم.

لەراستیدا من ئەم دوو پرۆسەیە بە یەکگرتوو دادەنێم، لەم ڕووەوە (کارل مارکس) لەسەر هەقە. ناوبراو تاکە کەس بووە کە بە ڕاستی ئازایەتی بیرکردنەوە لەم پرۆسەی بەرهەمهێنانەی هەبووە، کە مێژووی سەدەکانی هەڤدەهەم و هەژدەهەم و نۆزدەهەمی ئەوروپای گرتبویەوە. مارکس تا ئەم قۆناغە، تۆزقاڵێ لە هەقیقەتی کەم نەکردوەتەوە. لەم ڕوانگەیەوە ئەم دوو پرۆسەیە لەیەکتر جیا نین.

لەهەمانکاتدا ئەمە خودی دەسەڵات بوو کە مارکس لە تێگەیشتنیدا لاوازبوو، ناوبراو لە تێگەیشتنی ئەم گوتەزا سیاسییە بێ دەسەڵات مایەوە. وێرای ئەمەش مارکس شایەتحاڵی ئەو راستیەیە، کە کاپیتاڵیزم خاوەنی

دەسەڵاتە، حەز بە تێکپێچانەوەی هەموو ئەو یاسایانەش دەکات، کە لەهەمبەر گەشەپێداندا، بەشێوازێکی بێ بەزەییانە پاساو بۆ خۆی دادەتاشێ.

سنەمی کاپیتاڵیزم لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدە و نۆزدەهەم، بەچەشنێک بوو کە بە دڵنیاییەوە مرۆڤ نەیدەتوانی بەرگەی بگرێت. ئەمەش هەمان ئەو بابەتەیە کە لەکاتی خوێندنەوەی ستایشە بێ وێنەکەی مارکس بۆ کاپیتاڵیزم، نابێ پشتگوێ بخرێت.

مارکس لەو ساتەی لەنێو غەمبارترین دەرەنجامەکانی ئەم سیستمەدا ڕۆچوو بوو، هەرگیز کەمترین گومانی لە مەزنێتی ئەم میکانیزمەی خۆی نەبوو. ئاشکرایە کە مارکس شوێنکەوتەی هیگڵ بوو، بڕوای بە بڕست و هێزی نێگەتیڤی بیروباوەڕ هەبووە، بێگومان من نە بڕوام بە بیروباوەڕی نێگەتیڤ هەیە، نە بڕواشم بە ڕەتکردنەوەی ئایدۆلۆژیای کەسانێتر هەیە.

**سەرچاوە:**

-گفتوگو با هانا ارینت، مجله فلسفه، شماره (1)، سال 1380.

# واتای ئازادی لەلای هانا ئارێنت

سەید حوسێن ئیمامی

**له فارسییەوە: شەریف فەلاح**

بەوپەڕی نێرمانەوە دەکرێ بوترێ بە درێژایی سەدەو سەردەمەکان، هیچ وشەیەک بە ئەندازەی وشەی ئازادی باس هەڵگر نەبووە. ئازادی بووەتە پڕ واتاترین و سەرنجڕاکێشترین وشەی کۆمەڵگەی مرۆیی لە زانستە جۆراوجۆرەکانی وەک: فەلسەفە، زانستی سیاسی، زانستی کۆمەڵایەتی، زانستی ئابوری و...دا و لەم نێوەندەدا فەیلەسوف و بیرمەندانی هەر قۆناغێک لە مێژوو بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی کات و شوێن، بارودۆخی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، سیاسی و ئابوری هەوڵی پێناسەو شرۆڤەی ئازادی و چارەسەرکردنی پرسە پەیوەندیدارەکانی ئازادییان داوە. بەناوی ئازادی و لەپێناو پاراستن و بەرگریکردنیدا بە درێژایی مێژوو خوێنی زۆر رژاوە، شەڕی زۆر هاتوەتە ئاراوە، ئازار و ئەشکەنجە کراوە و لەلایەن ئەدیب ، شاعیر، سیاسەتڤان، فەیلەسووف و تەنانەت خەڵکی ئاساییش لەمەڕ پێداهەڵدان یان دژایەتی کردنیدا قسەیان کردووە و چەندین namilke و کتێب چاپکراوە.

«لوییس براندیس» لەبارەی ئەو کاڵ فامییانەی، کەلە ئازادی هاتوەتە گۆڕێ دەنوسێ: «گەورەترین مەترسی ئەوکاتە دێـتە سەر رێگەی ئازادی، کە کەسانێکی بە هەست بە ویستی خێرخوازانە و پاک، بەڵام لەڕووی نەزانییەوە دێنە مەیدانی ئازادییەوە.

هانا ئارێنت (1975 ـ 1906) یەکێک لە رەخنەگرانی مرۆڤ و کۆمەڵگای نوێ و هاوچەرخە. ئەو دەڵێت: سەردەمی نوێ بەو نامۆ بوونە لەرادەبەدەری

له جیهان و دەورووبـەر گەیشتوەتە ئاستێک، کە تێیدا مرۆڤ روو لە هەرکوێ دەکات، تەنیا لەگەڵ خۆی رووبەڕوویە، هەروەها لە شێوازە باوەکانی تێڕوانین بۆ جیهان بە هێنانەگۆڕی شێوازی نوێ، دڕدۆنگی دێنێتە ئاراوە. بۆ وێنە: ئازادی کەلە ئەندێشەی لیبڕاڵی زیاتر بە واتای پاراستنی پێگەی ژیانی تایبەتی لە بەرامبەر دەستێوەردان و ناچاریی خەڵکانی دیکە لێکدەدرێتەوە، لە ئەندێشەی هانا ئارێنتدا بەشداریکردن لە کاروباری گشتیدا پێناسە دەکرێت، لە ئەنجامدا ئازادی لەگەڵ ژیانی سیاسیی یەکساندا پێناسە دەکرێت. نموونەی دیکەی رەخنەی هانا ئارێنت لە ئەندێشەی هاوچەرخ، بەباوەڕی ئەو ئەولەویەتی کاری سروشتییە بەسەر کاروباری دەسکرد لە ئەندێشەی سیاسیی کلاسیکدا. هانا ئارێنت ئەو ئەولەویەت و لەسەرتر زانین دەڕوخێنێ، واتە سروشت بە پێویستی بوون، یان نەبوونی ئازادی بە یەکسان دادەنێ و لە بەرامبەردا لە ستایشی توانایی تایبەتی مرۆڤ، لە خوڵقاندنی جیهانی مرۆیی و ئازادیدا دەکات.

خواستی سەرەکیی ئەندێشەی سیاسیی هانا ئارێنت دژی پێکهاتەخوازییەکی باوە، کە مرۆڤ بە بابەتی یاسا گشتییە پێکهاتەیی و مێژووییەکان دادەنێت، کەواتە لە ئەندێشەی ئەودا روانگەیەکی دژی زانستی کۆمەڵایەتیی باو لە سـەدەی بیستەم بەدیدەکرێت، بۆیە هانا ئارێنت بەپێی بـەراوردی فەیلەسووفە سیاسییەکانی پێشوو، بەدوای تێگەیشتن و درکپێکردنی ئەزمونی مرۆیی و پێگەی سیاسییە لەژیانی مرۆییدا. سیاسەت لە پێناسەی هانا ئارێنتدا هەڵوێست و کردەوە گشتییەکانی مرۆڤەکانە، کە ئازادی و ئیختیار بکەربوونی مرۆڤی لەناخی خۆیدا حەشار داوە. بە ڕای ئارێنت، سیاسەت تاقە فەزایەکە، کە مرۆڤەکان دەتوانن تێیدا بگەنە ئازادییەکانی خۆیان. لە ئەندێشەی ئەودا کاری ئازادی سیاسی بە واتای ئارمانی سەرەکیی مرۆڤ

بۆ خۆش بژێوی و ژیانی شیاو، کە ئامانجی سەردەمی مۆدێرنە، دەبێنە بابەت و ئەولەویەتی سەرەکی. بەم چەشنە لە روانگەی ئەوەوە مرۆڤ لە لە بەرامبەر رێگە جۆراوجۆرەکاندا وەستاوە و دەبێ لە نێوانیاندا دەستەبژێر بکات.

لە ئەندێشەی ئارێنتدا، ئازادی هۆکاری پێکەوەژیانی خەڵکە لە رێکخراو و دامەزراوەی سیاسیدا، کە بەبێ ئازادی ژیانی سیاسی لە واتا دادەماڵدرێ. لە هزر و رامانی ئارێنتدا هۆکاری بوونی سیاسەت، گەوهەری ئازادییە. سیاسەت گرنگترین سەرچاوە، هەوێنی سەرهەڵدانی ئازادییە. بەڕای هانا ئارێنت، ئازادی تەنیا لە ژیانی ئاسایی و سیاسیدا دەستەبەر دەکرێت. بەم چەشنە ئەو لە چەمکی لەمێژینە و رابوردووی ئازادی، واتە ئازادی نێگەتیڤ، وەک ئازادیی پۆزەتیڤ هەژمار دەکرێت. هەڵبەت چەمکی ئازادیی پۆزەتیڤ، لە ئەندێشەی ئەو لەگەڵ ئازادیی پۆزەتیڤ لە ئەندێشەی «ئێزا بەرلین» جیاوازیی هەیە. لە ئەندیشەی ئارێنتدا کردە باڵاترین جۆری چالاکیی مرۆڤە. کردەوەی بوونی مرۆڤ لەخۆ دەگرێت کە لەگەڵ ئازادی لە پەیوەندی دایە، لە روانگەی ئارێنتەوە کردە یان هەڵوێست بەردەوام دەسپێکی نوێیە و ئەم دەسپێک نوێیەیە کە مۆڵەتی ئازادی و سەربەستیمان پێدەدات.

لەم رووەوە لە ئەندێشەی ئارێنتدا کردەوەی ئازادی سیاسی وەک ئارمانی سەرەکیی مرۆڤ بەسەر خۆش بژێوی و بەختەوەری (پرسەکانی بژێوی ژیان) کە ئارمانی سەردەمی مۆدێرنە، ئەولەویەتی دەبێت. ئامانج و ئارمانی مرۆڤی ئەمڕۆ، گەیشتنە بەخۆش بژێویی کۆمەڵایەتی و ئابوری، بەڵام ئارێنت لەو باوەڕە دایە ئەمە بەشێکە لە کەموکوڕییەکانی سەردەمی مۆدێرن، کە تێیدا بە گەشەی شێرپەنجەیی بەشی قازانجی بوونی مرۆڤ، مرۆڤ لە

ئامانجی سەرەکی و کەونارایی خۆی دوور خراوەتەوە و فەرامۆشی کردووە.
ئەو دەڵێ: لە یۆنانی کەونارا بەشداری لە ژیانی گشتی و ئاساییدا، ئامانجی سەرەکیی مرۆڤ و بەختەوەریی رۆحی و کۆمەڵایەتی، تەنیا ئامرازێک بووە بۆ گەیشتن بەو ئازادی و ژیانە. ئازادی لە یۆنانی کۆن بەواتای ئازادی تاک لە ژیانی گشتی لەناو هاوڕەگەزەکانی بووە، بەڵام بەرەبەرە گۆڕاوە بەو ئازادییەی کە واتاکەی پاشەکشەی تاکەکەسی بووە بۆ هەرێم و ناخی ژیانی تاکەکەسی.

ئارێنت دەڵێ: لە نەریتی فەلسەفەی سیاسیی رۆژئاوا، ئازادی یان لە بیچم و فۆڕمی نەریتی فەلسەفەی یۆتۆپیاو دژە سیاسی، یان لە نەریتی مەزهەبیدا هاتوەتە گۆڕێ، هەربۆیە خەسڵەتی سەرەکیی خۆی  کە کارکردنە لە ئاقاری ژیانی کۆمەڵایەتی و گشتیدا لە دەستیداوە، لەئەنجامدا ئەزمونی کردەیی بەگشتی پەراوێز خراوە لە حاڵێکدا وشەی ئازادی، هەروەها بە شێوەی رەها بەکاردەهێنرێ و واتای راستیی مێژوویی تایبەت لەبەردەگرێتەوە، کە هەرکامەیان پێویستیان بە وشەی تایبەت بە خۆیانە. کەوایە نەریتی فەلسەفەی سیاسیی رۆژئاوا بە بەریان و مەیلی یۆتۆپیاوە ئەزمونێکی ئازادی سیاسیی بە راستی واتاو مانا نەکردوەتەوە و لە ئەنجامدا لە ژیانی گشتیی مرۆڤدا، نەریتێکی چەواشەکاربووە، لە ئەندێشەی هانا ئارێنتدا، ژیانی مرۆیی بە دوورکەوتنەوە لە سروشت دەستەبەر دەبێت، لەگەڵ ئازادیی تێکەڵە. ئازادیش پێویستی بە خۆڕسکی و کرداری پێشبینی نەکراوە، بەڵام ئەمڕۆ بە سەرهەڵدانی خۆش بژێوی بە واتای بەختەوەری و ئازادی لە کردەوە لە مەیدانی ژیانی گشتیدا، ئابوری هێرشی کردوەتە سەر سیاسەت و سیاسەتیش بووەتە بەشێک لە ژیانی تاکەکەی و بنەماڵەیی.

بە باوەڕی هانا ئارێنت، دەوڵەت ـ شاری یۆنانی یەکێ لە بنەماو گەوهەرە

سەرەکییەکانی کاروباری گشتی و ئازاد بووە. ئازادی بە واتای دەرکەوتنی سیاسی هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەت ـ شارەکانی دەرکەوت، لە روانگەی «هێرۆدۆت»ەوە بە جۆرێک لێکدرایەوە کە هاووڵاتییان تێیدا بتوانن بەبێ ئەوەی کە کەسێک بڕیاردەر بێت و جیاوازییەک لە نێوان فەرمانڕەوا و فەرمانبەراندا هەبێت، پێکەوە بژین. کردە یان هەڵوێست هەمووکات دەسپێکێکی نوێیە و هەمان ئەو دەسپێکە نوێیەشە کە مۆڵەتی ئازادبوونمان پێ دەدات.

کەوایە سیاسەت لە پێکهاتەی دەوڵەت شاری یۆنانیدا داڕێژرا، چونکە ئەوکات فەزرا و کەشێکی گشتی هەبوو، کە مەیدان و دەرەتانی کاری ئازاد و گشتگیر، بە واتای کرداری سیاسیی هاووڵاتییان بوو. بەرەبەرە بە سەرهەڵدانی سەرەڕۆیی و زێدەڕۆیی مەیدانی گشتی ئەو فەزایە رەوییەوە و کەسەکان لە چوارچێوەی بنەماڵەدا قەتیسدەمانەوە. ئەو شار بە قەڵەمڕەو و مەیدانی سیاسەت دادەنێت. سیاسەت بە واتای مەیدانی کردەوە، تەنیا رەنگدانەوەی چالاکیی ئابوری و کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو ژیانێکی جیاواز و تایبەتی خۆی هەیە، کە ناکرێ پێگە و چوارچێوەی تەنیا لە ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوریدا بەرجەستە بکەینەوە.

لە ئەندێشەی کەونارا، سیاسەت بە واتای ئەنجامی کارێک بۆ گەیشتن بە ئامانجێک وەکو کارو کردەوە داهێنەر بووە، بەڵام لە ئەندێشەی سیاسیی سەردەمی نوێدا، سیاسەت بە واتای هەوڵدان بۆ بژێوی ژیان و پێویستییەکانی ژیان پێوەند درا و لە چوارچێوەی کاری تاکەکەسیدا ،بوو بە ئامرازی چارەسەریی نیاز و سەرچاوەی خۆش بژێوی و دیسان بەم شێوە لە واتا و رەهەندی راستەقینەی خۆی دوور کەوتوەتەوە و لە ئەنجامدا هاووڵاتی بوو بە بە کەسێکی تایبەت. هانا ئارێنت تێگەیشتنێکی تایبەتی لە ئازادی هەیە،

که تێیدا ئازادی به ئیمکانی کارکردن له چوارچێوەی گشتی و پرۆسەی سیاسیدا یەکسانن. ئەم واتایەی ئازادی له بەرامبەر تەفسیری نوێی لیبراڵی له چەمکی ئازادی، واته ڕزگاربوون له دەسەڵات و هێژمونیی زۆرەملێدا وەردەگرێتەوە. له ئەندێشەی ئارێنتدا ئازادیی پۆزەتیڤ ئیمکانی بەشداری و کارکردنه له بیاڤی تایبەتی و تاکەکەسیدا، له حاڵێکدا که ئازادیی نێگەتیڤ، بە ڕەهایی مانەوەیه له چوارچێوەی تایبەتی و تاکەکەسیدا. هانا ئارێنت له نێوان ئازادی و رزگاربووندا جیاوازیی سەرەکیی دادەنێت. ئەو دەڵێت: یەکەم پرسی رزگاری بۆ ئازادکردنی مرۆڤ، له کۆت و بەندی سروشتی و لایەنه پەیوەندیدارەکانی، بەو واتایه تەنیا پێشەکی و سەرەتای ئازادییه، نەک خودی گەوهەری ئازادی. ئازادی و رەزگاربوون لەلای ئەو یەکسان نین.

دووەم : به باوەڕی هانا ئارێنت لەوانەیه رزگاربوون مەرجی دەستەبەربوونی ئازادی بێت، بەڵام به هیچ لەونێ نابێته بەستێنێک بۆ بنەماو گەوهەری خودی ئازادی.

سێیەم: وێنا و تێگەیشتنی ئازادی که به شێوەی لاوەکی له رزگاربوون دایه، دەکرێ تەنیا وێنایەکی نێگەتیڤ بێت.

چوارەم: تەنانەت وێنای رزگاربوونی یەکسانی به واتای دەستەوداوێنی ئازادی نییه، واته رزگاربوون له نیاز و کۆت و بەندی ئازادی به واتای راستەقینەی ئازادی نییه، واته ئازادی تەنیا له چوارچێوەی کردە، له دۆخی کاری ئازادیی سیاسیدا خۆی دەردەخات.

**سەرچاوە:**


-باشگاه اندیشه (http://www. bashgah. net/fa/content/show/36290)

# هانا ئارێنت دژیەکەکانی

راسێل جاکۆبی

لە فارسییەوە : شەهێن سنەیی

لە کۆبوونەوە یەک لە دوای یەکەکان یادی ئەو دەکەنەوە. کتێبە نوێیەکان کە لە بارەی فکرەوە دەنوسرێن پشتیوانی لەو دەکەن. هانائارێنت کە سەد ساڵ پێش ئێستا لە دایکبوو، چووەتە ریزی جیهانی بچوکی پاڵەوانە فەلسەفییەکانەوە، بەڵام ئەم گرنگی و سەرنج پێدانە سەبارەت بە ئەو لە سەردەمی کۆچی دوایی ئەودا لە ساڵی 1975ەوە راست نەبووە، لە کاتێکدا کە ئەو هێشتا زیندوو بوو، پلەی شانازی لە زانکۆکانی پرینستۆن، سمیث و ناوەندە زانستییەکانی دیکە بە دەستهێنا. دانیمارک خەڵاتی بە ناوبانگی sonningی خۆی بە هۆی « نوسراوی شیاوی ستایشکردن کە پەرەی بە کولتوری ئەوروپا داوە» پێشکەش بەو کرد و ئەوی لە پاڵ دەستی کەسایەتی گەلێکی وەک ئالبرێت شوایستێر و وینستۆن چەرچیڵ دانا. کاتێک کە ئەو لە نێو زانکۆدا وتاری پێشکەشدەکرد، قەرەباڵغی خوێندکاران بە رادەیەک بوو، کە رێگا نەبوو لە نێو راڕەوەکان و شوێنەکانی چوونە ژوورەوە هاتوچۆ بکەیت.

ئارێنت بۆ ئەوەی پاڵەوانێکی فەلسەفی بێت، سیمایەکی بە تەواوی شیاو بوو. ئەو پەنابەرێکی جولەکەی ئەڵمانی بوو، بە تەواوی ئاشنایی لەگەڵ پەروەردەی کلاسیک و ئەزمونی دونیایی هەبوو، لە نوسراوەکانی ئەودا گەڕانەوەی یەک لە دوای یەک بۆ زاراوە یۆنانی و لاتینییەکان، ئەو هزرە قوڵە بوو کە دەردەکەوت. ئەو لە خستنەبەرباسی بابەتە گەورەکان نەدەترسا ـ بابەت گەلێک وەک دادپەروەی، شەڕ و تۆتالیتاریزم ـ یاخود چوونە نێو

بابەتە سیاسییەکانی ڕۆژەوە وەک شەڕی ڤێتنام، مافی مەدەنی و دادگای ئادۆڵف ئایشمەن. ئەو کەسایەتییەکی میتافیزیایی و لە هەمانکاتدا ریالیزم بوو، لە زمانێکی قوڵ و هەستی بزوێندا، ئەلفرێد کازینی ڕەخنەگری گۆڤاری نیویۆرک ئەو وەک ژنێک بە سەرنجڕاکێشی زۆر و هەستی بزوێن و شاد بە باس دەکات ـ ڕەنگە تەنانەت شارێکی پڕ لە ئاژاوەش بووبێت.

بەڵام ئەگەر ئەستێرەی ئارێنت ئەوەندە درەوشاوەیە، هۆکارەکەی ئەمەیە کە ئاسمانی ڕۆشنبیری ئەمریکا زیاتر لە رادەی خۆی تاریکە، هەروەها فەیلەسوفانی سیاسی دیکە چ کەسانێکن و لە کوێن؟ دوایین فەیلەسوفی سیاسی ئەمریکا جۆن دیوی بوو کە لە ساڵی 1952 کۆچی دوایی کرد. لەو کاتە بە دواوە فەلسەفەی ئەمریکایی ـ بەدەر لە ریچارد رورتی ـ بە باسکردنی بابەتە تەکنیکیەکان لەدەستچووە. جۆن راولسی گەورەترین سیمای ئەو لە نێو پانتاییە لاوەکییەکانی فەلسەفەی سیاسی ڕەها و کورت بینانەدا ماوەتەوە. ڕەنگە نوسراوەکانی ئەو لێدانی لاوازی دەماری فەیلەسوفانی ئەکادیمیایی خێراتر بکات، بەڵام ئەوانی دیکەمان لە شوێنی خۆمان ناجوڵێنێت.

ئەو بیرمەندانەی کە سەر بە نەوەی ئەوروپایی ئارێنتن سەرنجڕاکێش نین. بۆ نمونە دوو بانگەشەکەریان لەبەرچاو دەگرین: جۆن پۆل سارتەر کە بەهۆی رادیکاڵگەرایی بەدرێژایی تەمەنی و سیاسەتی نەگۆڕی لەم ڕۆژانەدا، هۆگری بۆ کەم بووەتەوە. ئایزایا بەرلین کە میانەڕەوی نەگۆڕ و یەدەکی زیدەڕۆیانەی سەرچاوەی ئیلهامێکی کەم دەبێت. بە پێچەوانەی ئارێنت، بەرلین هەم دووری لە دەروەستی سیاسی دەگرت و هەمیش لە نوسینی کتێب گەلێک لە بارەی بابەتە گەرمەکان ( لە راستیدا کتێبیشی نەنووسی). لە کاتێکدا کە ئارێنت لە کتێب گەلێکی وەک « بارودۆخی مرۆیی» و وەک

ناوێکی لاوەکی « خوێندنەوەی تەنگەبەرە سەرەکییەکان لە بەرامبەر مرۆڤی هاوچەرخ»ی نوسی، بەرلین وتارگەلێکی وەک « ڕێژەگەرایی بانگەشەیی لە هزری ئەوروپای سەدەی هەژدەیەم» و « دوو  مانا لە بارەی ئازادی» نوسی. لە کاتێکدا ئارێنت هەوڵێستی وەردەگرت، بەرلین دەمدرێژی دەکرد.

ئەوە تەنها بارودۆخی بێ هیواکەری گشتی نەبوو، کە ببووە هۆی درەوشاوە بوونی ئەستێرە چانسی ئارێنت، نوسراوەکانی ئەویش توانایی درەوشانەوەیان هەبوو، بە تایبەت وتارەکانی ئەو ئەم تواناییەیان زۆرتر بوو، بەڵام دیسان بەدەر لە « ئایشمەن لە ئۆرشەلیم» کتێبە سەرەکیەکانی ئەو هەموویان توشی جۆرێک داپۆشین و ئالۆزی گەورەن، بە ڕێکەوت چەندە ئارێنت هەوڵی زۆرتر لە فەلسەفی بوون دەدا، ئەوان بە هەمان رادەش زیاتر رەش دەبوون، تەنانەت دوای خوێندنەوەی وردی ئەوان بە دژوای دەتوانین لەوە تێبگەین کە ئەو هەوڵ دەدات چ شتێک بڵێت. ئەم بانگەشەیە لە بارەی بارودۆخی مرۆیش بە هەمان رادە راستە کە لە بارەی « سەرچاوەکانی تۆتالیتاریزم» کتێبێک کە بۆ یەکەم جار سەرنجی ئەوی راکێشا، بەڵام ئەو لەم باوەڕە باوەدا سوودی هەبوو، کە تاریکی فەلسەفی نیشانەیەک لە قوڵایی هزری فەلسەفییە.

هەندێ کات لایەنگرانی ئەوە پەسەند دەکەن کە « سەرچاوەکانی تۆتالیتاریزم» کتێبێکی ئالۆزە و سەرکەوتوو نییە، ئەو لەم کتێبەدا هەوڵدەدا پێشانی بدات تۆتالیتاریزم و ستالینیزم وەک نوێنەرانی جمگی حکومەتی دیکتاتوری بوون، بەڵام ئەو هەتا بەشی کۆتایی کتێبەکە باسی ستالینیزمی نەکرد. بەشەکانی پەیوەندیدار بە ئیمپریالیزم و  نەژادپەرستی کە تۆکمە و ئاوەزمەندانەن، هیچ جۆرە پەیوەندیەکیان لەگەڵ تۆتالیتاریزمی ستالینیستی نەبەست، بابەت گەلێک کە ریشەی لە هیچ لەو دووەدا نییە، لە بەڵگاندنی

ئەودا نازیزم و ستالینیزم بە زۆربڵێیی فەلسەفی لە بارەی ئایدیۆلۆژیا و تەنیایی، پەیوەندی لەگەڵ یەکتر دەبەستن. « تەنیایی» جەماوەر بە شێوەیەک دەبێتە هۆی ڕێکخستنی تۆتالیتاریزم، « لە کاتێکدا کە ئەمە راستە کە سەرقاڵی زەینی جەماوەر حەزێکی زۆر بۆ هەڵهاتن لە راستیەکان پێشان دەداث، چونکە ئەوان لە ئاوارەیی خودی خۆیدا تەحەمولکردنی پەسەندکردنی رەهەندە ڕێکەوتییەکان و دوور لە تێگەیشتنی ژیانیان نییە، ئەمەش راستە کە ئاواتی ئەوان بۆ بیرکردنەوەی دوور لە واقیع، هەڵگری هەندێ پەیوەندی لەگەڵ تواناییە زیهنیەکانی مرۆییدایە، کە یەکبوونی پێکهاتەیی ئەوان لە ڕێکەوتنی رەها زیاترە». بە راستی جێگای سەرسووڕمانە!

داپۆشراوی و ئاڵۆزی نوسراوەکانی ئەو راستگۆیانەیە، لە راستیدا ئەو خوێندکار و خۆشەویستی مارتن هایدگەر بوو، ئەو ئێگیزیستانسیالیستە ئەڵمانیەی کە لە هێنانەوەی رەخنەی تەشەرئامێزدا، واقیعەتی مردنی کردە رەمزێکی پیشەیی بۆ فەیلەسوفان، لە کاتێکدا پەیوەندی خۆشەویستی ئەو لەگەڵ هایدگەر پڕوپاگەندەی زۆری لەبارەوە راستبوو ـ لە زانکۆی ئەمڕۆدا پەیوەندی خۆشەویستی بەرێز دکتۆر هایدگەر لەگەڵ خوێندکارێکی هەژدەساڵەی سەرنجڕاکێش، دەیتوانی زۆر هەست بزوێنتر بێت، نەک هاودەمی و هاودڵی ئەو لەگەڵ نازییەکان، بەڵام وەفاداری رۆشنبیرانەی ئارێنت لەگەڵ ئەو کێشەیەکی گرنگتر بوو.

ئەو لە روانگەی تێگەیشتن و هـزرەوە، هیچ کات لەگەڵ هایدگەر پەیوەندی خۆی نەپچڕی، تەنانەت سەردەمانێک بڕیاری دابوو: « بارودۆخی مرۆیی» پێشکەش بەو بکات، بەڵام وەهای نەکرد و لە نامەیەکدا بۆ هایدگەر باسی لەهۆکارەکەی کرد، چونکە بە وتەی ئەو: « ئەو شتەی کە دەبوو لە نێوان ئێمەدا بوایە، نەلوا»، بەڵام ئەو دەیویست هایدگەر بزانێت

که بە شێوەیەکی پراکتیکی کتێبەکە لە هەموو لایەنێکەوە قەرزداری ئەوە.

لە راستیدا کۆی وشە نیمچە ئایینیەکان و هایدگەری دڵەڕاوکێ، تەنیایی و ئاوارەیی نوسراوەکانی ئارێنتیان گەڵاڵە کردووە. ئەو جەماوەرەی کە پشتیوانیان لە هیتلەر دەکرد (ستالینیش) بەهۆی برسیەتی و بێکارییەوە ئازاریان نەدەچێشت، بەڵکو ئازاری سەرەکی ئەوان « تەنیایی « بوو. تۆتالیتاریزم « خۆی لە سەر بنەمای تەنیایی بنیات دەنا، لە سەر بنەمای ئەزموونی نەبوونی پابەندی بە جیهان، ئەو شتەی کە لە نێوان زۆربەی ئەزمونە کۆنترۆڵ نەکراوەکان و رادیکاڵی مرۆڤدا بوونی هەیە».

کتێبی « ئایشمەن لە ئۆرشەلیم» واتە بە ناوبانگترین و گەورەترین بابەتی ئەو، بووە هۆی مشتومڕ لە جۆرێکی دیکەیە. ڕوون و بێ پەردەیە و جێگای سەرنجە کە لە نێو کتێبەکانی ئەودا، تەنها ئەم کتێبەیە کە بە راسپاردەی نیویۆرکەر بڵاوکرایەوە و سەرەتا لە ساڵی 1963 وەک کۆمەڵەیەک وتاری جیاواز، لە ژێر ناوی « پەیامنێری ئازاد» بڵاوکرایەوە. رەنگە نوسین بۆ سەرسنوری ئەفسانەی نیویۆرکەر بە ناوی ڤیلیان شاون کە بۆ کورتکردنەوە و لادانی بێبەزەییانەی وتارەکان بە ناوبانگ بوون، بووە هۆی ئەوەی کە ئارێنت زێدەگۆیی فەلسەفی خۆی بەلاوە بنێت.

هەرچەندە ئەوشتەی کە لە بارەی ئایشمەن لە ئۆرشەلیم جێگای سەرنجە و ئەویش زاراوەیەکە، کە کردیە باو واتە « بێبایەخبوونی شەڕ»ە پانتاییەکە کە دەبێتە هۆی گۆڕانی بیروباوەڕی تەواوی ئارێنت، دوای نوسینەکانی «سەرچاوەکانی» ئەو لەم بەرگەدا گەیشتبووە، ئەم ئەنجامە کە تۆتالیتاریزمی جیهانی رووبەڕووی شتێکی بە تەواوی جیدی کردوەتەوە. تۆتالیتاریزم لە هەوڵدان بۆ «گۆڕینی سروشتی خودی مرۆڤ»ە. ئەمە « شەڕێکی بنەمایی» بوو، دیاردەیەک لە دەرەوەی «هەموو نەریتی فەلسەفی ئێمە... لە راستیدا

ئێمە شتێکمان بۆ پشت بەستن بەو، بە مەبەستی تێگەیشتن لە دیاردەیەک کە... هەموو ئەو پێوەرانەی کە دەیناسین وێران بکات، لە بەر دەستدا نییە.»

هەرچەندە کاتێک کە ئەو دە ساڵ دواتر هەواڵەکانی دادگای ئایشمەن-ی لە ئیسرائیل بڵاودەکردەوە، ئەنجامێکی بە تەواوی پێچەوانەی بە دەستهێنا. سروشتی مرۆڤ نەگۆڕابوو. شەڕی توتالیتار شتێکی بنەمایی نوێی نەبوو، بەڵکو بە تەواوی ماندووکەر بوو. ئەو دەنوسێت: «مرۆڤ ناتوانێت هیچ جۆرە گەورەیی شەیتانی لە ئایشمەن دەر بێنێت»، هەروەها کە ئەرنێست گلنێری فەیلەسوف و رخنەگر دەڵێت: « دوای ئەوەی کە ئارێنت تێگەیشتنێکی لە بارەی تۆتالیتاریزم بە دەستهێنا، نیوەی ئەو لە « دادگایی» کافکا بوو و نیوەی دیکەیشی لە واگنێر، ئیدی دەبوو بێبایەخبوون و سووکی ئایشمەن کاریگەری لەسەر ئەو دابنابێت و توشی سەرسووڕمانی دەکرد».

بەمشێوە ئەو کتێبە بەناوبانگەی ئارێنت گەیشتە ئەنجامی دژیەک و ئەو هیچ کات ئەو داوانەی لەگەڵ یەکتر سازگار نەکرد. لەبارەی ئەم دژیەکییە کەسانی نزیکی ئەو ئەم دەست و ئەودەست دەکەن، یان بە شێوەیەکی لوت بەرزانە هەوڵدەدەن چەکی شەڕ بێبایەخ و شەڕی بنەمایی لەگەڵ یەکتر هاودەنگ بکەن. ژمارەیەکی دیکە کەمتر گوێرایەڵ بوون. گێرشۆم شۆلم لێکۆڵەری عیرفانی جولەکە لە نامەیەکدا بۆ ئارێنت نارەزایەتی خۆی دەخاتە روو، چونکە کتێبی تۆتالیتاری ئەو تیۆرییەکی دژیەک لەگەڵ راپۆرتێکی رۆژنامەیی لە ئایشمەنی خستوەتەڕوو: «لەو کاتەدا ئێمە هێشتا ئەوەمان کەشف نەکردبوو، کە شەڕ بێبایەخە».

ئارێنت لە هاودەنگی لەگەڵ ئەودا وەڵامی دایەوە: «بە تەواوی حەق بە ئێوەیە. بیروباوەڕی من گۆڕاوە و ئیدی باسی شەڕی بنەماییم نەکرد».

راستگۆیی ئارێنت سەرنجڕاکێشە، بەڵام لە هەموو حاڵێکدا « سەرچاوەکان» ڕەتدەکاتەوە. مانای ئەو ئەمەیە کە باشترین کتێبی ئەو ـ ڕاپۆرتی ئایشمەن ـ لەنێو کۆمەڵەی نوسراوەکانی ئەودا تاقانەیە. ئەم کتێبە نەک تەنها لە نوسراوەکانی دیکەی ئەو کەمتر فەلسەفەییە، کە مانایەکی لە شەڕ پێشکەش دەکات کە تیۆرییە باسکراوەکان لە کتێبەکانی پێشووی ئەو لاواز دەکات.

لایەنگرانی ئارێنت ئەم قسە لەڕوویی ئەویان نییە، هەوڵی پەردەپۆشکردنی ئەم کەلێنە دەدەن. ریچارد جی برێنشتاینی فەیلەسوف دەنوسێت: « بە پێچەوانەی شولم کە بانگەشەی ئەوە دەکات، شەڕی بنەمایی و بێبایەخبوونی شەڕی دژیەکییان لەگەڵ یەکتر هەیە، سەلماندنی من بۆ سازگاری ئەم دوو مانایە لە شەڕ لەگەڵ یەکترە. «ئارێنت گرنگی بە بەڵگاندنی ئەو نادات، لەگەڵ شولم هاوڕایە. لێکۆڵەرێکی دیکە لەو باوەڕەدایە کە ئارێنت لە پرۆژەی شەڕی بنەمایی لە نوسراوەکانی خۆیدا توشی جۆرێک تەعبیری هەڵە لە بارەی نوسراوەکانی خۆی و کانت بووە. بیرمەندێکی دیکە ئەم دژیەکە بە دەستەواژەی «بێبایەخبوونی شەڕی بنەمایی» چارەسەر دەکات. ئەم پسپۆڕە وشەکانی ئارێنت هەڵدەبژێرێت و بە ئێمە دەڵێت: « ئارێنت ئاماژە بەوە دەدات، کە بێبایەخبوونی شەڕی بنەمایی لە ڕەتکردنەوەی نەبوونی خودی ئێمەدا شاراوەیە، لە دڵتەنگی ئێمە و لە نەلواو بوونی بووندا».

لە دواییدا دەستکەوتی ئارێنت لەسەر هەمان « ئایشمەن لە ئۆرشەلیم» بنیاتنراوە و لە هەندێ وتارە ریالیزمیەکان و باسکردنی بیرمەندانەی ئەو، هەندێ کات لە شێوەیەکی پڕ لە پەژارە لە ئامانجی سەرەکی خۆی دوور دەکەوێتەوە. وەک هزرەکانی لە بارەی شاری لیتل روک ناوەندی ویلایەتی ئارکانزاس شوێنێک کە ئەو « حکومەتی لاتەکان» و پێشێلکردنی مافی

تایبەت» لە کەڵک وەرگرتنی پرێزیدنت ئایزنهاوەر لە هێزە فیدراڵییەکان بۆ سەپاندنی تێکەڵاوکردنی قوتابخانەکان دەبینی. لەلایەکی دیکەوە وتارەکانی ئەو لەبارەی سەهیۆنیزم و ئیسرائیل بایەخی ئەوەی هەیە جارێکی دیکە بیخوێنێنەوە. ئەو بە توندی رەخنەی لە سەربازیگەری زایۆنیزم دەگرت. لە ساڵی 1948 ئارێنت هۆشداریدا رەنگە زایۆنیزمێکی خۆنەگونجێن لە شەڕی دوایی سەرکەوتن بە دەست بێنێت، بەڵام روونە کە ئەنجامی کارەکە چی دەبێت. ئارێنت لە «جولەکە وەک مرۆڤێکی پەراوێزخراو» نوسی: «جولەکە سەرکەوتووەکان لە شوێنێکی بە تەواوی گەمارۆ دراو لە دانیشتوانی عەرەبی نوڕەدا دەژین، ئەم جۆرە بۆچوونانە لەنێو بەرجەستەترین بابەتەکانی ئەودان و بەڵگەیەکی ئاشکرا بۆ ئاشنایی لەگەڵ تیۆرییەکانی ئەو، بەڵام لە دوایین کتێبێک کە لەلایەن یەکێک لە گرنگترین لایەنگران و ژیاننامەنوسانی ئارێنت نوسراوە، سەرنجی پێنەدراوە. لە کتێبی « بۆ چی خوێندنی ئارێنت گرنگە» لە نوسینی ئەلیزابێت یانگ بروهێل کە لە هەوڵدایە، پەیوەندی ئارێنت لەگەڵ سیاسەتی ئارایی جیهان پێشان بدات، وتارە ئازایانەکانی ئەو لە بارەی ئیسرائیل و زایۆنیزم نەک تەنها بۆ نوسەری بایەخی ئەوەی نەبووە بە بیری بێنینەوە، کە وا هەستیش دەکرێت بایەخی ئەوەی نەبووە بخرێتەبەرباسیش.

ئارێنت پێگەی خۆی وەک نوسەرێکی ئازاد و سەربەخۆ دەناسێنێت و هەندێ کات کە لە بەرامبەر ئەوەی پێی بڵێن فەیلەسوف ناڕەزایەتی خۆی دەخاتەڕوو. لە راستیدا رەنگە باشتر بێت کە پێگەی ئەو لە توێژاڵی دەرەوەی ئەنجومەنە رۆشنبیرییەکانی نیویۆرک دابنێن، ئەو نوسەر و رەخنەگرانەی سەدەی بیستەمی رابوردوو، کە هەرگیز ناتوانین ئەوان لە بیر بکەین. ئەو یەکێک لە هاوڕێیانی مارک کارتی بوو، واتە کەسێک کە

هاودەمی فیلیپ راو و ئێدمۆند ڤیلسۆن بوو و یەکێک لە هاوکارەکانی گۆڤارە جۆراوجۆرەکان بە تایبەت نیویۆرکەر، گۆڤاری رۆشنبیرانی نیویۆرک، باشترین نوسراوەکانی لە شنێک کە رەگەزی هەست و ئازایەتی رۆشنبیرانی جەدەلی گەلاڵە کردبوو، واتە لە راستیدا ئایشمەن لە ئۆرشەلیم و وتارەکانی ئەو و هەڵبەتە هەر ئەوانەی کە نافەلەسفەترین نوسراوەکانی ئەون بۆ رێزگرتن لە ئەو ناتەواون.

بەڵام جیا لەمانە، کۆمەڵە نوسراوەکانی ئەو چەندین بەرگی ئاڵۆزە، کە زمانێکی بێ مانا کاریگەری لەسەر رەسەنایەتی بوونی ئەوان داناوە. ئەمڕۆژە ئەو وەک سوڵتانێکی راستەقینە (یان شێرێک لە نێو لێرەوار) رێزی زۆری لێدەگیریت، چونکە ئیدی هەموو شێرەکانی ئێمە لە قەفەس دان و تایبەتمەندی خۆیان لە دەستداوە. ئەم جارە ئایزا بەرلین بەمشێوە بۆچوونی خۆی خستوەتەڕوو ـ هەڵبەتە ئەو بە رادەی پێویست موحافیزکار بوو، کە ئەو بابەتە لە سەر کاغەز نەنوسێت ـ کە لە بارەی هیچ فەیلەسوفێکی سەدەی بیستەم بە رادەی ئارێنت زیدەڕۆیی نەکراوە. رەنگە ئایزا بەرلین دەیزانی، بەڵام تەنانەت ئەگەر لەم کارەی ئەویشا پشکی هەبێت دیسان ئەو تەنها نیوەی راستی وتووە.

**سەرچاوە:**

http://sociologicaltheories. blogfa. com/post-77. aspx

# لەبارەی هانا ئارێنت و دەسەڵاتەوە

ئا.سەلاح سەعید ئەمین

هانا ئارێنت لەکۆنتێکستی تیۆراندنیدا بۆ چەمکی دەسـەڵات، بەوە جیادەکرێتەوە کە دەکەوێتە نێوان دوو کلتورەوە، یەکەمیان: لە روانگەی هەیمەنەوە باس لەدەسەڵات دەکات، دووەمیان:خودی دەسەڵات تەبەنی دەکات، بەپشت بەستن بەچەند سائێکی راگوزەر و چەند دەقێکی پەراوێزی کەزۆربەیان کلتوری یەکەم فەرامۆشیکردون.

کەلتوری یەکەم بنەما تیۆریە یەکەمەکانی لای ئەفلاتون و ئەرستۆ دەبینین، کە جیاوازییان لە نێوان  شێوە جیاوازەکانی دەسەڵاتدا کردوە، بەپشت بەستن بەهەیمەنە، هەیمەنەی تاک ( مەلەکیەت)، یان هەیمەنەی کەمینە (ئۆلیگارشی)، یان هەیمەنەی باشەکان ( ئەرستۆکراتی)، یان هەیمەنەی زۆرینە (دیموکراتی)، یان هەیمەنەی تری  نوێ  کە ئارێنت ئاماژەی پێداوە، کەبریتیە لەهەیمەنی نادیار (بیرۆکراتیەت)، ئەم کلتورە لە فەڕەنسا لەسەدەی شازدەدا لەگەڵ جان بودان و لەئینگلتەرا لەسەدەی حەڤدەدا لەگەڵ هۆبز چەسپی، بەڵام دەرکەوتەکانی ئەم کلتورە لەسەدەی بیستدا بەرونی بەدیارکەوت لەبەرهەمەکانی زۆر بیرمەندی راسترەو و چەپرەودا وەک (رایت مێڵز، ماکس ڤیبەر، ماونسی تۆنگ... هتد)سیاسەت لای ئەمانە ململانێیەکی ئەبستراکت و کراوەیە لەسەر دەسەڵات، دەسەڵات دواجار جگە لە توندوتیژی هیچ شتێکی تر نییە، (باسکردنی ڤیبەر لە «توندوتیژی رەوا «لەدیدی ئارێنتدا هیچ نییە؟، جگەلە دژیەکیەکی گەورە لە زاراوەدا )).

ئەو کلتورەی کە ئارێنت ئیلهامی لێوەرگرتوە، بریتیە لەکلتوری فەیلەسوفەکانی رۆشنگەری و بیرمەندانی هـەردوو شۆڕشی ئەمەریکاو فەرەنسا، بەتەنهاش لای ئەمانە ناوەستێت، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ رابردوی ئیغریق و لاتینیش، واتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەق و ساتانەی  کە ئەو فەیلەسوف و بیرمەندانە لەسەری وەستاون و تێیدا ژیاون.

دەکرێت بەکورتی بڵێین: ئارێنت تێڕوانینی خۆی بۆ دەسەڵات لەعەدالەتی ئیغریقەوە وەرگرتوە، لە هاوڵاتی رۆمانەوە، لەو فکرەی کە بیرمەندانی هەردوو شۆڕشی ئەمەریکاو فەرەنسا بەرهەمیان هێنا.

سەبارەت بەسەدەی بیستیش ئارێنت جەخت لەسەر ئەو جوڵانەوانە دەکات،کە داوای مافەمەدەنیەکان و مافەکانی مرۆڤ بەگشتی دەکەن، جەخت لەسەر ئەو بزوتنەوانە دەکـات، کە لە سیستمە تۆتالیتاریەکان جیابوونەتەوە. ( بەهاری پراگ و...هتد)

ئەگەر بگونجایە ئارێنت پێیخۆشبوو  لەوەی رویدا لەمەیدانی تیان ئان مین لەچین  سەری دابنایایە، لە هەر دیاردەیەکی تردا کە ئارێنت پەنای بۆ بردووە، هەوڵیداوە وا لەبارەی دەسەڵاتەوە بدوێت کەلەفەزای هاوڵاتیانەوە سەرچاوە دەگرێت و پشت بەرێکەوتنی هاووڵاتیان دەبەستێت، ئەم رێکەوتنەش  لەدەرەوەی هەیمەنە دەبرێتەوە، لەبەرئەوە ئارێنت ئەوە رەتدەکاتەوە کەدەسەڵات تایبەتمەندیەکی تاکگەرا بێت، ئارێنت قەناعەتی وایە: دەسەڵات ئینتیمایی بۆکۆمەڵ هەیە تا ئەو کاتەی ئەم کۆمەڵەدوچاری لێکترازان نابێت و بەسەرخۆیدا دابەش نابێت.

لەبەرئەوە کاتێک دەسـەڵات لەدەستی کەسێک، یان دەستەیەکدایە مەبەست ئەوەیە ئەو کەسە یان ئەو دەستەیە لەلایەن کۆمەڵەوە دەسەڵاتیان پێدراوە، تا بەناوی ئەوانەوە مومارەسەی دەسەڵات بکەن.

گرنگی دیدی ئارێنت لەوەدایە  دەسەڵات لە بنچینەدا دەسەڵاتی هاوڵاتیانە و لەفەزای گشتیدا مومارەسەی دەکەن لەرێگەی نارەزای دەربڕین وگوزارشت لەخۆکردن و دەنگدان وخۆپیشاندان وئیدانەکردنەوە، بەڵام دەسەڵاتی دەوڵەت (یان نەسەقیەت بە زمانی هابرماس )دەسەڵاتێکە لەیەکەمەوە وەرگیراوە پاشکەوتەی ئەوە، واتە دەسەڵاتی دەوڵەت دیموکراتی نابێت، ئەگەر پشتی بەهاوڵاتیان نەبەست بێت، هەر ئەم گێڕانەوەی هانا ئارێنتە بۆ دەسەڵات، ئەمڕۆ دەرگا لەبەردەم ئێمە دەکاتەوە باس لەو رۆڵانە بکەین کە چەمکەکانی وەک: کۆمەڵگەی مەدەنی و فەزای گشتی دەیگێڕن.

**سەرچاوە:**

-سایتی فیلۆسۆفیا، وتاری: (عن حنا ارنت و مساله السلطه)

# ڕۆحی شۆڕش .....
# ئارێنت و دامەزراندنی ئازادی

راجر برکۆۆیتز

ئامادەکردنی: عەلی قادر بەهرامی

**پێشەکی وەرگێڕ:**

ئەم بابەتە وەرگێڕدراوی نوسراوێک لە نوسراوەکانی بەشی «ڕوونکردنەوەی هەفتانە» لە وێب سایتی ناوەندی ڕامیاری و زانستە مرۆڤایەتیەکانی هانا ئارێنتە. لەم بەشەی سایت، هەفتانە پسپۆڕێک لە بوارەکانی بیرۆکەی ڕامیاری، فەلسەفە، توێژینەوە کلتوریەکان، مرڤ ناسی، زمان ناسی و ... دەرئەنجامێکی بەشێک لە بەرهەمەکانی هانا ئارێنت دەخەنەڕوو. تەوەری «ڕۆحی شۆڕش» لەلایەن راجر برکۆویتز (Roger Berkowitz)، مامۆستا لە بوارەکانی ڕامیاری و مافی مرۆڤ لە کۆلیژی بارد (Bard College) نوسراوە. برکۆویتز لە کایەکانی وەکو بیری مافناسی، مافی مرۆڤ و فەلسەفەی گەردونی پسپۆڕی هەیە، لە بابەتی خۆشەویست و سەرنج ڕاکێشەکانی ئەو دەتوانرێت بە ئایدیای دادپەروەری و مافی مرۆڤ (لەسەر بیری مافناسی) بیری هانا ئارێنت و ڕامیاری و جوانناسی (لە کایەکانی تیۆری ڕامیاری)، هایدگەر، نیتچە، کانت، ئەفلاتون، ئەرستۆ و لایبنیتز (لە کایەی فەلسەفەی گەردونی) ئاماژەی پێ بکرێت. لێرەدا دەتوانین لاپەڕەی کەسی (تایبەتی) برکۆویتز ببینین. دەقی نوسراوی «ڕۆحی شۆڕش»یش لەم سایتە دەست دەکەوێت. جێگای باسە راجر برکۆویتز بەڕێوەبەری ناوەندی زانستی ڕامیاری و زانستە مرۆڤایەتیەکانی هانا ئارێنتی بە ئەستۆ گرتووە.

**کۆتایی شۆڕش رزگارییە، لە کاتێکدا کە کۆتایی شۆڕش دامەزراندنی ئازادییە.**

**هانا ئارێنت، شۆڕش**

ئازادی فیزیکی بناغەی ئازادییە، بەڵام ئەو جۆرەی کە ئارێنت پێیوایە، ئازادی «لە ڕەوتی پراگماتیزم، نەک لە جێگای دیکە، ئەزمون دەکرێت.» پەیوەندی پنەوەی نێوان پراگماتیزم و شۆڕش ئەوەیە، کە پراگماتیزم ویستی شۆڕش لای شۆڕشگێڕان زیاد دەکات، لە کاتێکدا ئازادی بەربەست دەکرێت، زۆرجار لە کەلێنەکانی شۆڕش بەهیوای ئەوەی کە (ڕەوتێکی مێژوویی لە ناکاو، لە نوێ دەستپێبکات و ئەوەی کە چیرۆکێکی تازە، چیرۆکێک کە پێشتر هیچ کاتێک نەزانراوە و باس نەکراوە، لە دۆخی دەرکەوتنە و لە ناوی دەبات). شۆڕش وەک خاڵی دەستپێکی ئایدیای ئازادی و ئەزمونی دەستپێکێکی نوێ، چالاکیەکی پتر بە ئەزمون و ڕەوتی ئازاد دەبەخشێت.

ئارێنت پێیوایە « ڕۆحی شۆڕش» ئازادی، دوو توخمی بە رواڵەت جیاواز یەک دەخات. یەکەم توخم دامەزراندنی دەستەی سیاسی نوێ، ئەو کردارەی کە دڵەڕاوکێیەکی زۆر لەگەڵ جێگری و نەمری بونیادێکی نوێ، هاوشان دەکات.

کردەوەی شۆڕشگێڕانە، هاوشێوەی کردارێکی دامەزرێنەر، تێدەکۆشێت کە ناوەندێکی نوێی حکومەتی و هاوکات جێگیر بدۆزێتەوە. زۆربەی کات لە نێوان بایەخدان و تەرکیزکردن لەسەر توندوتیژی شۆڕشگێڕانە و ویستی

ڕۆحی شۆڕشگێڕان بۆ بیناکردنی بونیادێکی جێگیر ڕەچاو ناکرێت.

بەم چەشنەش، تۆخمی دووەمی ڕۆحی شۆڕش، ئەزمونی شۆڕشگێڕانە لە شۆڕشە، ئەزمونێک کە ئەوان لەم شڵەژانە جددیە بەشدار دەکات، ئەویان لە ژێر دەست دایە «واتە ئەزمون» وشیاری ڕۆح بەخشین بە تواناکانی مرۆڤ بۆ نوێ گەراییان پێ دەبەخشێت.

شۆڕش کە لە پاش داهێنان دیلکراوە، « کەسانێکی زۆر کە چاوەڕوانی لە دایک بوونی شتێکی نوێن هیوایەکیان پێ دەبەخشێت. کەواتە ڕۆحی شۆڕشگێڕانە پڕ لە خۆشی و وروژێنەر دەبێت، کە لەگەڵ هەر تێکۆشانێک بۆ لەناو بردنی و دوبارە وێناکردنەوە دایە، شادمانی بۆ لەناو بردنی ڕابوردوو، کە نینچە باسی لێ دەکات، لە شادمانی بۆ وێناکردنی شتێکی نوێ جیا ناکرێتەوە.

ئارێنت لە دەست چوونی ڕۆحی شۆڕشی - ئەوەی کە بە گەنجینەی شۆڕشی دادەنێت- بە هۆکارێکی گرنگ و دیار دەزانێت. کێشەکە لێرەدایە کە ئەو دەوڵەتانەی شۆڕش وێنا دەکەن، یەک بەدوای یەک لە فەرەنسا، روسیا، یان ئەمریکا هیچ دۆخێک بۆ ئەو ئازادیەی کە بەشێک لە گەنجینەی شۆڕشگێڕانە پێکیدەهێنێت، نەهێشتووە. ئەو پرسیارەی کە ئارێنت دەیکات ئەوەیە: کام یەک لە فەزا سەرەکیەکان، بە شێوەیەکی بەهێز، لە جێگایەک ئاماژە و پارێزگاری لە ڕۆحی شۆڕشگێڕانەی ئازادی ناخی شۆڕشگێڕان (تاکەکان) دەکات؟

ئێستا من لە سێبەری بەهاری عەرەبی، بەهاری ئیسرایلی و پاییزی ئەمریکی ئاماژە بە وەسفی دوالیزمی ئارێنت لە سەر ڕۆحی شۆڕشگێڕانە دەدەم.

لە مسر، تونس و لیبیا، شۆڕشگێڕان خەڵکیان لە ژێر دەسەڵاتی هێزە سەرکوتەکەرەکان ڕزگارکرد، شۆڕشگێڕانی سوریا و سودان و بەحرەینیش بۆ بەدەستخ هێنانی ئازادی درێژە بە چالاکیەکانی خۆیان دەدەن. هاوکات هەموو دونیا (دەور تادەوری دونیا) شۆڕشگێرەکان سەرقاڵی پرسیارەکەی ئارێنت لەبارەی چۆنیەتی بە دەستهێنانی ڕۆحی شۆڕشگێڕانەی ئازادی لە نێو هاسەنگیەکی رامیاریدان، لە نێوان هەستی بێ بەشی و بێ هێزیەکی نەگۆڕ کە بووەتە هۆی ترازانی ئەو جوڵانەوەیە لە دڵی حکومەت/ وڵاتە دیموکراتەکان، پێویستە تێبکۆشین تا فەزاکان و پێداویستیەکانی ئەزمونی ئازادی دوبارە بدۆزینەوە.

ئارێنت خەفەت لەوە دەخوات، کە لە ئەمریکا دامەزرێنەرانی ولایەتە یەکگرتوەکان « توانای گونجاندنی دانیشتنە شارستانیەکان لە تالارەکانی شار لەگەڵ یاسای بنەڕەتیان نەبوو». کۆبوونەوەکانی ناوەندی شار «دۆخەکانی ئازادی» بوون، کە جۆرێک لە ناوەندی سەرەکی کۆماریان راستکرد. ئارێنت پێیوایە، ژیانی مرۆڤی ئازاد پێویستی بە «جێگایەک کە خەڵک بتوانن لەوێدا کۆ ببنەوە» هەیە. هەبوونی ئازادی گشتی پێویستی بە ئەنجومەنانێکە کە بە شێوازی ناوەندێکی فەرمی، بۆ کرداری نوێ کە لەوێدا هاوڵاتیان ئازادی خۆیان بۆ کەسانی دیکە باس بکەن.

پەیوەندی ئارێنت بەم شورا و کۆبوونەوانەی تالاری شار - هەروەها پێشنیاری لە توخمدا (بنەڕەتدا) خنکاوی تۆماس جفرسۆن بۆ «سیستمێکی ناوچەیی» کە وڵات دابەشی «کۆمارانێکی سەرەتایی و بنەڕەتی» دەکات، دەنگێکی نۆستالۆژیکی بۆ بڕیاردانی ڕاستەوخۆ نییە، ئامانجی ئەم کۆمەڵگا و شورانە بڕیاردان بۆ حکومەت کردن یان بەڕێوەبردنی ناوچەیەک لە شار نەبوو، لە راستیدا، ئارێنت بە شێوەیەکی تایبەت باسی ئەو یانە

فەرەنسییەی کە خۆی بۆ هەر جۆرە کاریگەریەک لەسەر پەرلەمانی فەرەنسا ( General Assembly ) تەرخانکردبوو، دەکات. ئامانجی ئەم یانەیە تەنها بۆ گفتوگۆکردن لەسەر (دۆخە کۆمەڵایەتیەکان) و ئاڵوگۆڕکردنی ڕای خەڵک بەبێ هیچ چاوەڕوانییەک و گەیشتن بە پێشنیارەکان، تۆمارەکان، وتارەکان و لەم بابەتانە بوو. شوراکان ناوچەیەک بۆ ئەزمونی ئازادی بوون، ناوچەیەک بۆ ئەوەی تاکەکان تێیدا کۆببنەوە و لەسەر بارودۆخی ڕۆژانەیان گفتوگۆ بکەن. گرنگی ئەوان نەک لەوەی کە بە دەستی دێنن، بەڵکو لەوەی کە پەروەردەی دەکەن بوو. یانەکان وەکو ناوەندە بنەڕەتیەکان (نەهادیەکان) «ئەزمونی سیاسی ڕێکخراو، جۆرێکی هاوشێوەی هاوڕا لەگەڵ ڕووداوانێک کە شۆڕشگێڕەکان بەرەو پراکنیک و بە ڕێگای ئەوانی کێشاوە، گەشەیان پێدا». بە واتای دیکە شوراکان ئەزمونێک لە ئازادیان هێنایەکایەوە کە « لە ڕەوتی پراگماتیزم نەک لە جێگایەکی دیکە، ئەزمون دەکرێت.»

**سەرچاوە:**

www. irancpi. com/digran/matn_6093_2. html

# سەرچاوەی تۆتالیتالیزم

## روانینێک بۆ کاریگەرترین بەرهەمی سیاسی

هانا ئارێنت

لە فارسییەوە: هانا میری

«سەرچاوەی تۆتالیتاریزم» کتێبی یەکێک لە فەیلەسوفانی هاوچەرخ «هانا ئارێنت»ە (1975ـــ 1906). ئەو کتێبە کە بە یەکەم بەرهەمی ئارێنت هەژمار دەکرێت، وەڵامێکی روونە بە کارەساتی و رووداوە وێرانکەرەکانی سەردەمی خۆی. چارەنوسی رەشی جولەکەکانی ئەوروپا، کە لەگەڵ سەرهەڵدانی نازیزم گیری خواردبوو، هەروەها دەرکەوتنی ستالینیزم لە سۆڤیەت کە نەک هەر گیانی میلیۆنان جوتیاری لەناوبرد، بەڵکو زیانێکی گەورەشی لە جەستەی روناکبیرانی ئازادئەندێش، نوسەران، هونەرمەندان، زانایانی زانستی سرووشتی و هەڵسوڕاوانی سیاسی وەشاند.

بە بڕوای ئارێنت، تێگەیشتن لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی سیاسەتگەلێکی ئاوا رەش، تەنیا لە پەرەگرتنی دۆخی ئێستا سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو زیاتر لە هەر شتێک هێمای «شێوازێکی نوێی دەسەڵاتدارێتی»یە: بەواتایەکی روونتر، شێوازێک لە دەسەڵاتداری کە لەسەر ترس و ئایدۆلۆژیک دامەزراوە. سیستمە زۆردارەکانی دێرین، ترسیان بە چەشنێکی ئامانجدار بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات، یان پاراستنی ئەو بەکاردەهێنا، بەڵام سیستمە تۆتالیتارەکانی هەنوکە لە بەکارهێنانی تیرۆر و تۆقاندندا بیرلێکراوە ناجوڵێنەوە. وێرای ئەمانەش، تیرۆر بە هیچ شێوەیەک کەرەستەی گەیشتن بە ئامانجێک نییە، بەڵکو بەئامانج هەژمار دەکرێت. پێویستیی درێژەی تیرۆر ئەمڕۆکە لە رێگای پشتبەستن بە کۆمەڵێک یاسای گریمانەکراوی مێژوویی (کۆمەڵێک یاسای لە چەشنی سەرکەوتنی چارەهەڵنەگری کۆمەڵی بێ چین) یان (شەڕی

نێوان نەژادی «هەڵبژاردە» و نەژادە «نزمەکان») پاساو دەکرێت.

مەیل بە وەها ئایدۆلۆژی گەلێک_ بە گشت و زیان بۆ هەڵخراندنی جەماوەر_ لە روانگەی ئارێنت، لە وێرانکردنی ئەو کۆمەڵگایانە سەرچاوە دەگرێ، کە سەردەمانێک خەڵک بە ئارامی و ئاسایشەوە تێیاندا دەژیان. کاریگەری شەڕی یەکەمی جیهانی، هەرەسی ئابوری و پەرەگرتنی گرژی شۆڕشگێرانە، ئەو زەینیەتەی لە ناو خەڵک فۆرم پێدا، کە هۆکاری گشت ئەم چارەڕەشیانە خۆیانن و تەنیا رێگای دڵنیا لە بەرامبەر جیهانی ناڕوون و پرمەترسی داهاتوو، لەگرەوی شوێنکەوتنی ئایدۆلۆژیەک یان کەسێک دایە. ئایدۆلۆژیە تۆتالیتاریەکان، کۆمەڵێک وەڵامی لەم چەشنەیان پێشنیار دەکرد و ئیدعای دۆزینەوەی «کلیلی مێژوو»یان دەکرد: بەم کلیلە دەکرێ باشتر لە رووداوەکانی رابوردوو، ئێستا، داهاتوو تێبگەین و داهاتووش بە پێی وتەکانی سروشت و مێژوو گەرەنتی بکەی.

بەم پێیە، کاردانەوەی کۆمەڵگەکانی ئەوروپا بە ئایدۆلۆژیای تۆتالیتاری، دەرنجامی ئەو زەنجیرە زیانانە بوو، کە کەشی گشتی یان سیاسیان وەک کەشی ئازاد وێرانکرد. ئەو زیانانە بابەتەکانی خوارەوەیان لەخۆ دەگرت: پەرەگرتنی هەر ڕۆژەی ئیمپریالیزم بە مەبەستی سەرکوتی کۆلۆنیەکان، هەروەها قۆرخکردنی دەسەڵات بەدەست ژمارەیەک بۆرژوا، کە رێگای کەڵەکەکردنی سامان و بەرژەوەندیەکانی خۆیان گرتبووە بەر. ئەم بابەتە خۆی رەوایی دامـەزراوە سیاسیەکانی خستە ژێر پرسیارەوە، بنەماکانی شارۆمەندی و کۆدەنگی خۆرسک کە سەردەمانێک تەوەری هەر چەشنە چالاکیەکی سیاسی بوو لاواز کرد، کەواتە دەبوو لەو شوێنانەدا بەدوای ریشەکانی تۆتالیتاریزم بگەڕێین، کە بۆشایی کەڵەکە بوونی بەشێنەیی خەسارەکان دەبووە لەمپەری بەردەم ژیانی مەدەنی سودمەندانە، ژیانێک

که بەبێ زەوتکردنی خۆشی و ئازادیەکانی شارۆمەندان بتوانێ یەکگرتوویيان بکات. دۆخێک کە ئارێنت وەک «فرەچەشنی» ناوی دەبات.

لەم بەرهەمە دا دەکرێ پەی بە گەلێک لە ناوەڕۆکەکانی بەرهەمەکانی ماوەی ژیانی زانستی ئارێنت بەرین، کە دواتر پێشکەشیکردن. بۆ نمونە، بەستنی پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ کەشی گشتیی دیموکراتیک، هێزە مێژووییەکان، ئابوری و کۆمەڵایەتی، کە هەڕەشەن بۆ سەر وەها ژیانێک، پەیوەندی پڕ لە گرژیی نێوان بەرژەوەندی تایبەتی و گشتی، کاریگەری ئۆرگانە پەرەگرتووەکانی بەرهەمهێنان و بەکارهێنان کە ئارامی و ئاسایشیان لە ژیانی مرۆیی هەڵگرتووە... ئەو بابەتانە لە بەرهەمەکانی تری ئارێنت بەوردی شیکار دەکرێن.

بەمجۆرە، ئەو دەتوانێ جەوهەری هەبوونی سیاسی، هەروەها ئەو هۆکارانەی لە بەرهەمهێنان و مانەوەی ئەو دیاردەیە رۆڵیان هەیە، بە روونی بخاتە بەرچاو.

«لە بابەتی شــۆڕش»(1961): کتێبێکی تری هانا ئارێنتە. لە نوسراوە مێژوویی_ فەلسەفیەکانی ئارێنت لە کتێبی دۆخی مرۆڤایەتی، وا دەردەکەوێ بـاوەڕی بە سیاسەتێکی دڵنیا (وەک ئـازادی بەیان، شەفافیەتی گشتی) لە سەردەمی نوێدا نییە. وێڕای ئەوەش، لە کتێبەکەی تریدا لە بابەتی شۆڕش، بەرهەمی بیرۆکەکانی خۆی لە واتا سیاسیەکان لە کۆمەڵگەی نوێدا بەکاردێنێت و دەرەنجامگەلێکی ناڕوونی لێ هەڵدەهێنجێ.

ئارێنت لەو بڕوایە دایـە چ لێکدانەوە مارکسیستی و چ لێکدانەوە لیبڕالیستیەکان لە شۆڕشەکانی (فەرەنسا و ئەمریکا) لێکدانەوەیەکی درووست نین، بە پێچەوانەی لیبراڵەکان بەرپەچی ئەو تێزە دەداتەوە، کە گوایە ئەو شۆڕشانە سەرەتا بە شوێن پێکهێنانی دەوڵەتێکی بەرتەسکەوە بوون، کە

بتوانێ ئازادی تاکەکەسیان_ بەدەر لە دەسڕاگەیشتنی دەوڵەت_ بۆ دابین بکات، لە بەرامبەر مارکسیستەکانیش کە لەو بڕوایەدان شۆڕش لە «پرسێکی کۆمەڵایەتی»یەوە سەرچاوەی گرت، کە بریتی بوو لەوەی بۆچی ژمارەیەکی کەم قۆرخی سامانەکانیان لە سیستمی پێشوو کردووە، روانگەیەکی جیاوازی بوو. لەراستیدا ئارێنت لەو بڕوایە دایە ئەوەی شۆڕشە هاوچەرخەکانی لێکەوتەوە، بریتی بوو لەوەی ئەوان تاکەکانیان بە مەبەستێکی دیاریکراو لێک کۆدەکردەوە، تا بگەنە ئامانجی دامەزراندنی ئازادی لەکەشی گشتیی دا. هەر ئەو ئامانجی دامەزراندنی کەشی ئۆرگانی و گشتیی ئازادی مەدەنی و بەشداریکردنە، وەها ساتە شۆڕشگێڕانەکان وەک کۆمەڵێک نمونە لە «سیاسەت بۆ کردەوە» دەخوڵقێنن.

وێرای گشت ئەوانە ئارێنت هەر دوو شۆڕشەکەی ئەمریکا و فەرەنسا وەک کۆمەڵێک شۆڕشی سەرکەوتوو، لەبەرچاو ناگرێت، چونکە لە هیچ کام لەو دووانە دا ئامانجی شۆڕشگێرەکان کە هەمان سازدانی کەشێکی سیاسی ئاوێتە بە هاوکاری و لێکتێگەیشتن بوو، وەدی نایەت. بۆ نمونە لە شۆڕشی فەرەنسا بابەتی گرنگی وەک ئازادی سیاسی بۆ بابەتگەلێکی سەرەتایی لە جۆری دابەشکردنی سەرچاوە و کالاکان دابەزی.

هەڵبەت شۆڕشی ئەمریکا چارەنوسێکی تری هەبوو، چونکە بە کەڵک وەرگرتن لە مەرجدارکردن لە هەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵێکی سیاسی لەسەر بنەمای رێککەوتنی گشتی بوو. وێرای ئەوەش ئەو سەرکەوتنەی شۆڕشی ئەمریکا بۆ ئارێنت، سەرکەوتنێکی گچکەیە. بە بڕوای ئارێنت تەنانەت لەو شۆڕشە دا، دەبینین ئەو کەشەی ئەندامانی کۆمەڵ بە گشتی بتوانن بەشداری حکومەت بکەن، پێک نەهاتووە. جیا لەوەش کەڵکی پێویست لە پۆتانسیێلی ئازادی بەیان، قەناعەت پێهێنان و دادوەری کە لەو شۆڕشەدا رەخسا، وەرنەگیرا.

ئەگەرچی زۆربـەی شارۆمەندان لە بەرەکەتی پارلەمان لە دەست زۆرویژی دەوڵەتیی دەرباز بوون، بەڵام بە هیچ شێوەیەک نەکەوتنە دۆخی دادوەری و دەسەڵاتەوە. هەر بەم هۆیەشە ئارێنت دەڵێ: شارۆمەندان کەڵکی تەواویان لە پۆتانسیێلی بەشداریکردن لە چارەنوسی خۆیان__ کە بەرهەمی شۆڕش بوو__ وەرنەگرت.

**سەرچاوە:**


*Yar, Majid(2010), Hanna Arendt: Internet encyclopedia of philosophy

# چەمکی شۆڕش لای هانا ئارێنت

## خوێندنەوەیەکی شرۆڤەکارانەی
## کتێبی «شۆڕش»ی هانا ئارێنت

شکوە مەحمود زادە

لە فارسییەوە : شەریف فەلاح

هانا ئارێنت لە کتێبی «شۆڕش»ی خۆیدا گۆشەنیگای خۆی بەڕووی مێژوو و مۆدێرنیتەدا دەکاتەوە، بەڵام نەک بەو پرسیارە قوڵ و تێگەیشتنەی کە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان لە نەریتی مێژوویی خۆیان تێپەڕین، بەڵکو ئەو لەو کتێبەدا دوای ئازادیی سیاسی دەکەوێ، کەلە کاتی شۆڕشەکانی سەدەی هەژدەیەمەوە مێژوو هاوئاهەنگی سەردەمی خۆی ڕێگای پێواوە. تێڕامانەکانی «ئارێنت» لەبارەی تۆخمە ئەرێنییەکانی مۆدێرنیتە لە وتارە جۆراوجۆرەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە، لە دووتوێی چەند وتارێکدا لەژێر ناوی «لەنێوان ڕابوردوو و ئایندە»دا هانا ئارێنت هەر بە هەمان میتۆدی کتێبی «شۆڕش» ڕوانگەکانی دەربڕیوە. ئەم کتێبە نە مێژوویەکی کامڵی شۆڕشەکانە و نە تاوتوێ و لێکدانەوەی تیۆرەکانی شۆڕش، لەم کتێبەدا نە لەبارەی لێکدانەوە و تاوتوێیە پێکهاتەییەکانەوە توێژینەوە دەکرێ و نە پرۆسەی جوڵەی نمونەیی شۆڕشەکان دیاریدەکرێن، نە ئەوەی کە ئەم کتێبە تاوتوێیەکی مێژووی کۆمەڵایەتی بێت، لەبارەی پێش مەرجەکانی شۆڕشێک یان پێناسەیەک بێت لە سەرکەوتن یان شکستی شۆڕشێک، بەڵکو مەبەستی سەرەکی و بنەڕەتیی هانا ئارێنت لەم کتێبەدا «ڕۆحی شۆڕش» و نوسینەوەی «ئامانجی» شۆڕشە لە ڕوانگەی مێژووی ئەندێشەکان و هەڵێنجانی دیاردەی شۆڕشە لە قووڵایی مێژوو، هەروەها نوسینەوەیە لە چوارچێوەی وشەدا، بە چەشنێک کە درەوشانەوەی لە مێژوو و پرۆسەی مۆدێرنیتەدا بەرجەستە و دیاریبکرێت. هانا ئارێنت مەبەستی سەرەکیی ئەمەیە کە بۆمان ڕوون

ببێنەوە کە لەراستیدا شۆڕش بە چ مانایەکە و چ شتێک لە گۆڕێدایە، کە دیاردەی شۆڕش لەلایەک بۆ مرۆڤەکان ببێتە مەیدانی کاری سیاسی، لەلایەکی دیکەشەوە ژیان و گوزەران لە جیهانێکدا، کە بەرهەمی شۆڕشەکانە و لە رێگای شۆڕشەکانەوە کەوتوەتە لەرزە، چ واتایەک دەگەیەنێ؟

بەڕای هانا ئارێنت ناکرێ دیاردەی شۆڕش لەگەڵ مێژووی خودی شۆڕشدا شیبکرێتەوە، هەر بەو چەشنەی کە ناکرێ لە لە خودی مێژووەکەشی ئەنجامێک بەدەستبهێنرێ، بەڵکو دەکرێ ئەم دیاردەیە لەو کات و زەمەنە مێژووییەوە دەستنیشان بکەی، کە ئەو دیاردەیە بە شێوەیەکی کامڵ سەرهەڵدەدات و فۆرم و قەوارەی راستەقینەی خۆی پەیدا دەکات، هەر بۆیە ئەمە دەبێتە هۆکاری سەرەکی کە هانا ئارێنت بە تەواوەتی و بە شێوەیەکی ورد سەرنجی شۆڕشەکانی ئەمریکا و فەرەنسا دەدا و کاتی خۆی بۆ تەرخاندەکات. بەڕای هانا ئارێنت، هەموو شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکان، بەتایبەت شۆڕشی روسیا، خاوەنی چەندین تایبەتمەنی و خەسڵەتن، کە زۆرتر یارمەتیی لاوازی و شکستی دەدەن، هەتا ئەوەی کە درێژدەری تەمەنی ئەو نەریتەی شۆڕش بن.

کتێبی «شۆڕش»ی هانا ئارێنت دیاردە ناسییەکی ئازادیی سیاسیی تەژی لە گێڕانەوەگەلی مێژووییە، کە هەڵبەتە لەباری رەسەنایەتیی کاری «هانا ئارێنت»ەوە ناگاتە ئاستی کتێبی دیکەی (سروشت و سەرچاوەی دەسەڵاتی زێدەخواز)، بەڵام کتێبی «شۆڕش» کۆمەڵێک لە تیۆرییەکانی «هانا ئارێنت» لەبارەی پرسیارگەلێکی وەکو مافی مرۆڤ و گەوهەری ئازادی، یان رۆڵی چینی باڵا و ئەشرافی (ئەرەستۆکراتی فەرەنسا لە فۆرم گرتنی کۆمەڵگەی مۆدێرن لەخۆ دەگرێت، کە ئەو لە دەیەکانی چل و پەنجای سەدەی بیستەمدا خۆی پێوە سەرقاڵ کردبوو. زۆرێک لە بەڵگە و فاکتەکانی هانا

ئارێنت لە کتێبی «شۆڕش» هاوشێوەی روانگەکانی «ئالکسی دوتۆکۆیل» یان «مۆنتسکیۆ»ن. پێکهاتە و هەوێنی سەرەکیی ئەم کتێبە لە شێوەی پۆلێن بەندی، هەروەها روانگەی هانا ئارێنت لەبارەی دیموکراسیی شورایی و راستەوخۆیە لە کۆتایی کتێبەکەدا. بۆ وێنە ئەم کتێبە لەلایەن «ئێریم جی. هابس باوم» مێژووناسی ئەمریکاییەوە بە توندی کەوتە بەر رەخنە و «هابی باوم» لەو رەخنەیەدا جەختی کردوەتەوە کە کتێبی «شۆڕش»ی هانا ئارێنت رووداوە مێژووییەکانی دیاردەی شۆڕش لەبەرچاو ناگرێت، بەڵکو ویست و ئامانجی سەرەکیی ئارێنت. گەرچی بە باوەڕی هابس باوم، هانا ئارێنت خۆی بەوەوە ماندوو نەکردووە کە «دیاردەناسیی مێژوویی» لەسەر بنەمای گەلاڵەی پرۆژەیەکی پۆلێنکرا و روونی شۆڕشێکی سەرکەوتوو بنیات بنێت، بەڵام بەڕای من وەها ئایدیایەک لەلای ئارێنت بەرەنجامی دەبێت، کە لێرەدا دەخرێنە روو.

## جیاوازی دانان لە نێوان شۆڕشەکانی ئەمریکا و فەرەنسا

ئەبستراکت و بۆچوونی هانا ئارێنت لە دیاردەی «شۆڕش» پێنج بەش دەگرێتەوە:

1 ـ شۆڕش بەدژی دەوڵەتێک روودەدات، کە رەوایی کەوتوەتە ژێر پرسیارەوە، چونکە ئەم دەوڵەتە مافی هاوڵاتییانی خۆی زەوتکردووە.

2 ـ ناکرێ روکاری شۆڕشی ئەوکاتە بسڕێینەوە، کە شەڕی دەسەڵات لە شەقامەکان دیاریدەکرێت، واتە ئەوکاتەی کە دەوڵەتی دەسەڵات بەدەست کێشەی بەرینی رەوایی هەیە و ناتوانێ، یان نایەوێ خۆی راگیر بکات، یان پۆلیس و سوپا ئامادە نین بەرگری لێبکەن.

3 ـ نە کۆمەڵانی خەڵک و نە شۆڕشگێڕانی شارەزا، ناتوانن بە تەنیایی شۆڕشێک بڕەخسێنن، بەڵکو شۆڕش کاتی روو دەدات، کە شۆڕشگێڕان هەست بە کات و زەمەنی هەستیار بکەن، کە لەو کاتەدا جەماوەر و کۆمەڵانی خەڵک ئامادەن، رووبەڕووی سیستمی دەسەڵات ببنەوە و لەلایەکی دیکەشەوە پێکهاتەی سیستم بۆ خۆی لە دەروونەوە پوکاوەتەوە و لە هەموو شتێک داماڵراوە.

4 ـ ئەرکی بنیاتنانەوەی دەوڵەتی پاش شۆڕش، بە داڕشتنی یاسای بنەڕەتی بۆ دیاری و سەقامگیرکردنی دەسەڵات جێبەجێدەکرێت، نەک بە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو یاسایە، یان دەسەڵاتەدا.

5 ـ ئەوەی کە شۆڕشێک لەگەڵ راپەڕین یان کودەتا جیادەکاتەوە، ئامانجەکەیەتی کەلە کردەوە بۆ رزگاری لەسەرتره و لە کۆتاییدا بە «بنیاتنانی ئازادی» کۆتایی پێدێت، لە «بنیاتنانی ئازادی»دا سەرەتای دوبارەی پرۆسە سیاسی و مێژووییەکان خۆی دەردەخات، کە لە دۆخی ئارمانیی خۆیدا سەرەنجام بە پەسەندکردنی یاسایەکی بنەڕەتی لەلایەن نەتەوە و سەقامگیریی دەوڵەتی کۆماری کۆتایی پێدێت. ئەم دەسپێکە دوبارەیە جیاوازیی سەرەکیی نێوان شۆڕشی سەردەمە نوێیەکانە، لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کەلە سەردەمی کەونارادا روویان دەدا، لێرەدا چەمکی شۆڕش وەکو دیاردەیەکی تایبەتی مۆدێرنیتە خۆی دەردەخات.

بە دەستنیشانکردنی ئەو چەند خاڵ و تایبەتمەندییەی کە باسیان لەبارەوە کرا، دەردەکەوێ کە هانا ئارێنت نە تەنیا شۆڕشی ئەمەریکا بەپێی لێکدانەوە و بەراوردە گشتییەکان تاوتوێدەکات، بەڵکو ئەو هەموو شۆڕشەکان لەگەڵ شۆڕشی ئەمریکا هەڵدەسەنگێنێ و بەراوردی دەکات، بەڕای ئارێنت شۆڕشی ئەمریکا نموونە و سەرمەشقی هەموو شۆڕشەکانی دیکەیە. جیا

لەم پێناسەیەی هانا ئارێنت، شۆڕشی ئەمریکا وەک دەسپێک و کانگای دیاردەی شۆڕش دێنە ئەژمار، بەڵکو ئەو شۆڕشە تاقە شۆڕشی سەرکەوتووی مێژووی مرۆڤایەتییە. بەڕای هانا ئارێنت هەڵەی سەرەکیی شۆڕشگێڕانی فەرەنسا ئەوە بوو، کە نەیانتوانی یاسایەکی بنەڕەتیی پتەو بۆ هەمیشە دابڕێژن و پەسەندی بکەن. یاسای بنەڕەتیی ساڵی 1791ی فەرەنسا لەو کاتەدا پەسەندکردنی لە «کاغەزێکی دڕاو» زیاتر نەبوو، کە بەردەوام بەناو و مەبەستی جۆراوجۆرەوە گۆڕانی بەسەردا دەهات، بە جۆرێک لە کۆتایی و ئەنجامدا ئەو یاسایەیان دەخستە خزمەت ئامانجەکانی شۆڕشەوە و بەم چەشنە ئازادییە تاکەکەسی و سیاسییەکان لە بنەڕەتدا سەرکوت و بێدەنگ دەکران، لە حاڵێکدا لە ئەمەریکا ئامانج و هەوڵی کۆبوونەوەی سیاسەتڤانان لە پارلەمانە هەرێمییەکان بۆ داڕشتن و تۆمارکردنی یاسای بنەڕەتیی کۆماری لەناو وڵات و جەماوەر بوو، «ڕۆبسپیر» لە فەرەنسا هەرکە بە تەنیا خۆی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، کۆمەڵەی یاسادانانی هەڵوەشاندەوە. ئارێنت دەڵێ: بۆئەوەی نمونەی وەها سیستمێک بخرێتەڕوو، دەبێ پێکهاتە و سیستمە فیدراڵەکان بەهێز بکرێن، چونکە هەر جۆر و شێوازێک لە ناوەندگەرێتی، ڕێڕەوی سیاسەتی سەرەکیی دەگۆڕێ بۆ سیاسەتی ئاسایشی و بەم چەشنە پێش بە بەشداریی هاوبەشی سیاسیی خەڵک دەگیرێت.

بەدەر لەمەش لە فەرەنسا لەباتی «بنیاتنان و سەقامگیریی ئازادی» ڕزگارکردن لە هەژاری و دەستەنگی وەکو سەرەکی و باڵاترین ئامانج دێنە ئەژمار. هەر هەوڵێک کە بیەوێ کێشە و جیاوازییە چینایەتییەکان بە ئامرازی سیاسی چارەسەر بکات، هەروەک نموونەی مێژووی شۆڕشی فەرەنسا بۆمانی خستەڕوو، لەکۆتاییدا شکست دێنێ. بەڕای هانا ئارێنت بەهۆی هەژاری و دەستەنگیی کارەساتبار لە کۆمەڵگەی فەرەنسا: «یەکسانیی

ماف و یاسا لەو وڵاتە وەکو پێکەنینێکی تاڵ دێتە بەرچاو، چونکە (ئەو یەکسانییە) خوازیاری بەرکارهێنانی ڕێوشوێن و یاسای یەکسان و بەرامبەری نێوان تاکەکانە، کەلە کۆشکەکاندا دەژیان لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لەژێر پردەکانی پاریس دەخەوتن». هەربۆیە شۆرو شەوقێکی زۆر کەم لەناخی نەتەوەی فەرەنسا لە هەمبەر یاسای بنەڕەتیدا دەمایەوە و ئەمەش لە حاڵێکدا بوو کە شۆڕشگێڕان لە «ئاگری تینویەتیی هاوەردی» لەگەڵ خەڵکدا دەسووتان و زیاتر خۆیان لە بەرامبەر دابینکردنی بژێوی و خۆش بژێویی خەڵکدا بە بەرپرسیار دەزانی هەتا ئەوەی کە بیر لە سیستمی کۆماری، یان بە وتەی داننۆن «پەرستگەی ئازادی» بکەنەوە. لەو شوێنەی کە دەبوا هاوپەیوەندی بێتە ئاراوە، هاوەردی هاتوەتە ئاراوە، کە لەباری سیاسییەوە هیچ سوودێکی نییە.

شۆڕشی ئەمەریکا پێچەوانەی شۆڕشی فەرەنسا توانی سەربکەوێ، چونکە ئەمەریکا پێچەوانەی وڵاتان و شوێنەکانی دیکەی دنیا لەژێر «نەفرەتی هەژاری»دا نەیدەناڵاند. لێرەدا وەکو «دەوڵەت ـ شار»ەکانی یۆنانی کەونارا هەژاری نەتەنیا «پرسێکی کۆمەڵایەتی»، بەڵکو پرسێکی سیاسی بووە، کە دەبوایە لەگەڵ جۆرێک لە سیستمی دەوڵەت دژایەتیی کردبا، نەک سیستم و نەزمێکی کۆمەڵایەتی. دامەزرێنەرانی کۆماری ئەمەریکا گەورەترین دژوارییی سەر ڕێگای خۆیان لەوەدا دەبینی، کە زۆرینەی خەڵک بەهۆی زەرورەتی دابەشکردنی کار لەناو کۆمەڵدا ڕاستەوخۆ لە بەشداریی چالاکانەی ژیانی گشتی و سیاسیی وڵاتدا وەلا دەنران. دانیشتوانی یۆنانی کەونارا ئەم گرفتەیان بەو چەشنە چارەسەر دەکرد، کە ئەو کەسانەی نەیاندەتوانی لە کاروباری سیاسیی وڵاتدا بەشداربن، بەدانی بڕە پارەیەک خۆیان دەپەڕاندەوە، گەرچی باوکانی شۆڕشی ئەمەریکا ئەندێشەکانی خۆیان بەگشتی لەگەڵ

پەیوەندی و ئەندێشە یۆنانی و رۆمییەکان دەبەستەوە و شۆڕشەکانی سەردەمی نوێ دوو جۆر و فۆرم لە دیموکراسیی بەدیهێنا، دیموکراسیی حیزبەکان و دیموکراسیی شوراکان. جیاوازیی بنەڕەتیی نێوان ئەم دوو شێوە دیموکراسییە لەوە دایە، کە یەکەمیان، واتە دیموکراسیی حیزبەکان پشتی بە پێکهاتەی نوێنەرایەتی بەستووە، لە حاڵێکدا دووەمیان یانی دیموکراسیی شورایی خوازیاری بەشداریی راستەوخۆی هەموو هاووڵاتییانە لە جوغزی بڕیاردانداا. خاڵی جێگای رەخنەی دیموکراسیی حیزبەکان، ناوەڕۆک و ئاراستەی بەلای «ئۆلیگارشی»دا دەشکێـنەوە، واتە بەرەنجامی توێژێک لە سیاسەتڤانانی پسپۆڕ کە زیاتر لە بیری پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان دان هەتا بەرژەوەندیی گشتیی خەڵک، لە ئەنجامدا ئەو سیاسەتڤانانە دەبن بە فەرامابنەرانێک، کە حاشا لە بوونی چەمکگەلێکی وەکو «بەختەوەریی گشتی، بەرژەوەندیی گشتی و ئازادیی گشتی» دەکەن و رەتیدەکەنەوە و لەم بارەوە جۆرێک دەنوێنن کە «کرداری سیاسی کۆڵێکی قورسە بۆیان» کەوایە ئامانجی کۆتایی خودی سیاسەت لەسەرووی کاری گشتیەوەیە، لە ئەنجامدا لە چوارچێوەی ژیانی تاکەکەسیی هەر هاووڵاتییەک دایە». بەم چەشنە لە کۆتاییدا پێگەی دەوڵەت بەپێی تۆڕیی مارکسیستی، بە تەواوەتی لاواز دەبێت و دادەبەزێ، کەوایە جیاوازیی نێوان حیزبەکان لە ئەنجامدا لاوەکین و هیچ گرنگییەکان نامێنێ و تاقە جێگرەوە و ئەڵتەرناتیڤی ئەم هەلومەرجە پێکهاتنی شوراکانە و لێرەدا روانگەی «هانا ئارێنت» هەم جیاکردنەوەی ناوچە نوێنەرایەتییەکانی «جێڤرسۆن» دەگرێتەوە و هەم کۆڕی گشتیی فەرەنساو هەم ئەنجومە شارەوانییەکانی ئەڵمانیا و هەم لیژنەکانی دەسپێکی دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت. بەڕای «هانا ئارێنت» تەنیا شارەکانن کە دەتوانن هەلومەرجی کاری سیاسی بڕەخسێنن. ئەگەر «ئامانجی سەرەکیی

شۆڕش» بە «بنیاتنانی ئازادی» ناودێر بکەین... دەردەکەوێ ئەم سیستمە کۆماری یان شوراییانە کەلە پێکهاتەیاندا هەرکەسە و ئازادیی تاکەکەسی و گشتیی خۆی مسۆگەر دەکات، کەوایە بە شێوەیەکی ئەرێنی ئازاد و سەربەستە. ئامانجی سیستمی کۆماری لە گەوهەری خۆیدا (بەدیهاتووە) .... لە حاڵێکدا پێشنیاری سەرەکیی دەزگای شورای (ئەنجومەنی) یەو ناکرێ کەس بە «بەختەوەر بزانین کەلە بەشداریی کاروباری گشتیی وڵات نییە، کەسیش سەربەست و بەختەوەر نییە، لە کاتێکدا هیچ دەسەڵاتێکی نییە، واتە لە دەسەڵاتی گشتیدا هاوپشک و بەشدار نییە».

لێرەدا دەبێ من گۆشەیەک لە رەخنەکانی خۆم لەمەڕ تیۆریی هانا ئارێنت بخەمەڕوو. واتە ئەو بەشەی کە نەپرژانە سەر دامەزراوە سیاسییەکان، لەم کتێبەدا سەرنجی تیۆری دارژانی رانەکێشاوە، جیاوازیی سەرەکیی کتێبی «شۆڕش»ی هانا ئارێننە لەگەڵ بەرهەمەکانی دیکەی. هەرچەند دەکرا کتێبی «شۆڕش» کتێبێکی مێژوویی بێت، بەڵام بە شێوەیەکی غەریب غەیرە مێژووییە، سەرەڕای ئەوەی ئەم کتێبە زۆر گرنگە سەرو مێژوویی هەیە. دژواری لە تێگەیشن لەم کتێبە لەو شوێنە دەردەکەوێ کە خوێنەر شوێن بەڵگە و هۆکارە بەهێزەکانی هانا ئارێنت دەکەوێ، بەڵام ئەو بەڵگانە لەگەڵ پرسیارە روون و دەستنیشانکراوە مێژووییەکان ناگونجێن. ئایا بەڕاستی شۆڕشی ئەمەریکا «لە شۆڕشی فەرەنسا «سەرکەوتووتر» بوو؟ ئایا ئامانجی سەرەکیی شۆڕشەکان «بنیاتنانی ئازادی»یە؟ ئاخۆ شۆڕشی ئەمەریکا لە بنەڕەتدا شۆڕشێک نەبوو بۆ خۆ دزینەوە لە دانی باج و سەرانە بە ئەمەریکا؟ ئاخۆ ئارێنت هێزی ناچاریی ئەندێشە مارکسیستییەکانی بە راستی لێکداوەتەوەو شیکردوونەتەوە؟ ئاخۆ شۆڕشی فەرەنسا بەڕاستی بەهۆی هێنانە گۆڕی پرسە کۆمەڵایەتییەکان شکستی خوارد؟ ئاخۆ بەراورد و لێکدانەوەی شۆڕشەکانی

فەرەنسا و ئەمەریکا وەکو دوو مۆدیلی کلاسیکی شۆڕش ئەنجام و سوودێکی هەیە، یان دەبێ شۆڕشی روسیا و شۆڕشەکانی جیهانی سێیەمیش لە سەدەی بیستەمدا لەبەرچاو بگرین؟ ئاخۆ هانا ئارێنت لەبارەی پێداویستیی سەرکەوتن و کار و کردەوە دەزگا شورایی و ئەنجومەنییەکان زێدەڕۆیی نەکردووە؟ ئاخۆ لەم کتێبەدا واقیعە مێژووییەکان راست و وەک خۆیان باسکراون؟ لە کۆتاییدا ئەم پرسیارە دێنمەگۆڕێ، کە ئاخۆ بەرهەمی بیرمەندانێکی وەکو «دوتوکویل، ئێدمۆند برک، هیگڵ، مارکس، لنین و رۆزالۆکزامبۆرگ چ کاریگەرییەکیان لەسەر هانا ئارێنت هەبووە؟

هەڵبەت هەموو ئەم پرسیارانە گرنگن، بەڵام لە تاوتوێی چەمکی مێژووییدا لە پلەی دووەم دان. هانا ئارێنت پێچەوانەی بیرمەندانی هاوچەرخی خۆی لەو باوەڕەدا بوو، کە ناکرێ پرسە سیاسییەکان لە رێگای رابوردوو، یان ئەزمونە مێژووییەکانەوە چارەسەر بکرێن و کێشەو گرفتەکانی دەوڵەت و حکومەت، هەروەها گرنتی گەلی مافی مرۆڤ و هاوڵاتی بوون و گرفتی بەشداریی کاروباری سیاسی تەنیا لە رێگای عەقڵانیەتی سیاسییەوە چارەسەر دەکرێن. من لە درێژەی ئەم وتارەدا هەوڵدەدەم، ئەوە بخەمەڕوو کە ناوەڕۆکی کتێبی «شۆڕش»ی هانا ئارێنت لەسەر بنەمای گواستنەوەی دوولایەنەی عەقڵانییەت و مێژوو و دووفاقیەتی شۆڕشەکانی ئەمەریکا و فەرانسا راوەستاوە.

**هەندێ تێڕوانینی مێژوویی:**

هەروەک ئالکسی دوتوکویل دەڵێ، شۆڕش لە فەرەنسا بەبێ بانگەوازی عەقڵانییەت و بەبێ فەلسەفەی رۆشنگەری کاریگەریی لەسەر تێگەیشتن و ئاگایی گشتی، وێنانەکراو دەهاتە بەرچاو. بەڕای دوتوکویل، دەسپێکی

کامڵبوونی شۆڕشی فەرەنسا لە «نامە مرۆییەکان»ی رۆشنگەرانی فەرەنسا بوو، کە مژدەبەخشی سەرهەڵدانی سروشتێکی رۆشنبیریی بەناو«زەینی لە فەزای سەرگەردان»دا بوو، «سەرگەردان لە فەزا» بەو واتایەی کە رۆشنبیران لەمەڕ پرسە سیاسییەکان ئەزمونی کەمیان هەبوو، لەم ڕووەوە ئەوان نەتەنیا ئەندێشە ئازاد و نەریتییەکانیان قبوڵ نەدەکرد، بەڵکو بەبێ سەرنجدان بە نەریت و سیستمی باو، ئەندێشە و تیۆریی نوێیان دادەڕشت «کە بە هەر رێگایەکدا دەڕۆیشتن سەرەتا و دەسپێکی جوڵەکەیان بەم چەشنە بوو: ئەوان (رۆشنبیرانی فەرەنسا) لەو باوەڕەدا بوون، کە دەبوایە لەباتی دابونەریت، رێوشوێن و یاسا نەریتییەکان، کە سەر مەشق و رێنوێنکەری کۆمەڵگای ئەوکات بوو، رێوشوێن و یاسایەکی سادەتر جێگیر و سەقامگیر بکەن، کەلە هزر و مافی سروشتییەوە سەرچاوەیان گرتووە». بەڕای دوتوکویل دەکرێ خۆشەویستی و پێگەی «نامە مرۆییەکان» لەلای کۆمەڵانی خەڵک بەم چەشنە شیبکرێتەوە، کە کۆمەڵانی خەڵک لە رەوت و پرۆسە ئاسایی و واقیعەکانی سیاسەت دوور بوون، بۆ خۆیان لە رووداوە نەریتییە سیاسییەکان و رەوتی بڕیارداندا بەشدار نەبوون:

ئەگەر فەرەنسییەکان هێشتا وەکو کۆبوونەوە زنجیرەییەکانی (لە سەدەکانی ناوەڕست) لە پێکهاتەی دەوڵەتدا بەشدارییان کردبایە، ... بێگومان ئەوان هیچکات وەکو ئەوکاتەی (کاتی شۆڕشی فەرەنسا) بە روانگە و بۆچوونی نوسەران هەڵنەدەچوون، (لە وەها حاڵەتێکدا) ئیدی ئەوان بەشداری پرۆسەی سیاسی دەبوون و پێگەیان لە هەمبەر باس و تیۆرییەکاندا گەرەنتی دەکرا، ئەگەر ئەوان (خەڵکی فەرەنسا) وەکو بەریتانییەکان ئەو توانایییەیان هەبوایە، کە رۆح و پێکهاتەی دامـەزراوە کۆنەکانی خۆیان، بەبێ هەڵنەکان و وێران کردنیان بەرەبەرە بەکردار و ئەندێشەی نوێ

بگۆڕن، لەوانەیە بەم چەشنەی ئێستا ئامادە نەبوایەن، کە دامەزراوەی تازە بنیاتبنێن». لەڕاستیدا هەروەک لە روانگەکانی «دوتوکویل» دا دەرکەوت، روانگەکانی شۆڕشگێڕانی فەرەنسا بەو خێراییەی کە هانا ئارێنت دەڵێ، نەبوونە دامەزراوەی سیاسی. بەر لە راگەیاندنی «جاڕنامەی مافی مرۆڤ و مافی مەدەنی» لە 26ی ئاگوست 1789 ئەم شۆڕشگێرانە لە بەیاننامەیەکدا خوازیاری (یاسای بنەڕەتیی پاشایەتی، سەقامگیریی دوبـارەی نەزمی گشتیی و پاراستنی هەیمەنە و پێکهاتەی سیستمی پاشایەتی» ببوون. لەم بەیاننامەیەدا، هەروەها «لۆیی شازدەیەم» وەک «بنیاتنەرەوەی ئازادیی فەرەنسا» ناوی هاتبوو. تەنانەت پاش هەڵوەشاندنەوەی یاسای ئەشرافیەتی میراتی لە ساڵی 1970 هەتا رووخان و لەسێدارەدانی شا، ماوەی دوو ساڵ و نیوی خایاند، کەوایە مافی سروشتی و مێژوویی سەرەتا بە هیچ شێوەیەک وەک بنیاتە پارادۆکسیکاڵەکان لەبەرچاو نەدەگیران، بەڵکو دەبوا پێکەوە گەیشتبانە رێککەوتنێک ـ رێکارێک کەلە یاسای بنەڕەتیی پاشایەتیی لیبراڵ ساڵی 1791 لە شێوازی مانیفێستیدا دەرکەوت. نۆڤەمبەری 1792 «رۆبسپییر» لە دژایەتی لەگەڵ ئەم یاسا بنەڕەتییە دەیوت: «لایەنگرانی راستەقینەی کۆماری، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە کە شایەکی رێبەر بۆ رێنوێنی نەتەوە بە ئاراستەی قۆرخکردنی ئازادییە گشتییەکاندا نییە، ئێمە نەک بە یارمەتیی هێزی زۆری ئامرازەکانی شەڕ، بەڵکو بە یارمەتیی عەقڵ دەتوانین ئامانجە سەرەکییەکانی شۆڕشە بەناوبانگەکەمان لە جیهاندا رابگەیەنین». سەرەنجام ئەوکاتەی لە فەرەنسا هەوڵدەدرا هەموو نەریتە سیاسییەکان بە قازانجی یەک قاڵب و فۆرمی فەرمانڕەوایی بخەنە لایەکەوە، مێژوو لە دەرگای پشتەوە دەهاتە ناو و دەستێوەردانی لە سیاسەتدا دەکرد، چونکە شۆڕشگێڕانی فەرەنسا لەڕاستیدا فۆرمە نوێیە دەسەڵاتدارییەکانیان، وەک زەرورەتێکی

مێژوویی پاساو دەهێناوە. لە حاڵێکدا دەکرێ هێزی دنەدەری شۆڕشی فەرەنسا وەک جێگۆڕکێ لە هزری نامێژوویییەوە بەرەو مێژووی عەقڵانی و زەڕووڕی تەفسیر بکرێت. «شۆڕشی شکۆداری» بەریتانیا لە ساڵی 1688 کە لەوێدا مۆدێرنیتەی بەریتانیا دەستیپێکرد، کەمتر تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی تێدا بەدیدەکرێ، بەڵکو ئەم شۆڕشە زیاتر «قۆناغێکی گەڕانەوەیە بەرەو ڕێوشوێن و بەها نەریتییەکان و لەم بارەوە لە نێوان بیرمەندە ڕۆژئاواییەکاندا ڕێککەوتن و هاودەنگییەک هەیە. بەگشتی وادیارە کە ورەی بەریتانی، هەروەک «ئێدمۆند برک» دەڵێ: زیاتر مەیلی ئەوەیان هەیە، کە پێکهاتە و قەوارە کۆن و لەمێژینەکانی پێشینیان، کە بە میراث بۆیان ماوەتەوە بپارێزن و ئەگەر بکرێ ریفۆرمیان تێدا پێکبهێنن، هەتا ئەوەی دوای وەستان و دابڕانێکی رادیکاڵی ئەو پێکهاتانە بە تەمای بنیاتنانی پێکهاتە و قەوارەیەکی نوێ و نامۆی حکومەتی بن.

شۆڕشی ئەمەریکا ئاڕادەیەک دەکەوێتە بازنەی ئەم ئەندێشە نەریتی و سیاسییەوە. سەرەتای شۆڕشەکانی سەربەخۆییدا، ئامانجی شۆڕشگێڕانی ئەمەریکا ئەمە بوو، کە مافی لەمێژینەی خۆیان ـ یانی ماف و ئازادیی هەموو بەریتانییەکان بهێڵنەوە و بیپارێزن، تەنانەت ساڵی 1775 کاتێک ڕێبەرانی شۆڕشی ئەمەریکا، ئەرتشی کۆلۆنیالییان پێکدەهێنا، تێدەکۆشان بریتانیا لەگەڵ ویست و ئامانجەکانی خۆیان هان بدەن، ئەمەش لە بەریتانیا دژکردەوەی زۆری لێکەوتەوە. لەو سەردەمەدا بەریتانیا پێداگریی لەسەر بەهێزیی لایەنی سەربازی خۆی لە هەمبەر کۆلۆنیالەکانی ئەمەریکا دەکرد و دوای ئەوە کۆنگرەی ئەمەریکا ڕێکەوتی چوارەمی جولای 1776 بەیاننامەی سەربەخۆیی ئەمەریکای پەسەندکرد، کە سەرەنجام ساڵی 1778 بووە هۆی شەڕی نێوان ئەمەریکای کۆلۆنیال و نیشتیمانی دایک (بەریتانیا). مەبەستی

سەرەکیی ئەمەریکاییەکان سەرەتا جیابوونەوە لە بەریتانیا نەبوو، بەڵکو ئەوان بەدەستهێنانەوەی ماف و ئازادییەکانی خۆیان دەویست، لە پێش هەموو شتێکدا دەستەبەرکردنی ماف و دەسەڵات بوو بەسەر دیاریکردنی باج و سەرانە بەسەر کاڵاکانی بریتانیا.

هەربۆیە «ئێدمۆند برک» وەک نەریتخواز و کۆنەپارێزێکی رەسەن و دژبەری شۆڕشی فەرەنسا، لایەنی شێوازە ئەمریکاییەکەی شۆڕشی دەگرت. لەلایەکی دیکەشەوە ئەوکاتەی کە تاج و تەختی بەریتانیا لە قبوڵکردنی داخوازیی ئەمەریکاییەکان خۆی بوارد، بنیاتنانی وڵاتێکی نوێ (ئەمەریکا) و پەسەندکردنی یاسایەکی بنەڕەتیی نوێ بوو بە سەرمەشقی ئەو کەسانەی کە ئەمڕۆ نەک بەناو «جیایی خوازەکان»، بەڵکو وەکو رێبەرانی شۆڕشی ئەمەریکا پێگەیەکی بەرزیان لە مێژووی ئەو وڵاتەدا هەیە. «تۆماس پیێن» یەکێک لە رێبەرانی شۆڕش و داڕێژەرانی یاسای بنەڕەتیی ئەمەریکا ساڵی 1776 لە نامیلکەی خۆیدا بەناوی «عەقڵی سالم» کە پاش چاپ و بڵاوکردنەوەی لە ماوەی کەمتر لە سێ مانگدا سەد و بیست هەزار نوسخەی لێ فرۆشرا، دەڵێ: «هەندێ لە بڕگە و بەشەکانی یاسای بنەڕەتیی بەریتانیا پاشماوەی دەسەڵات و هێژمۆنیی کۆنە و پاشایەتییەکی میراتیی ناڕەوایە».

**لە ستایشی شۆڕشی ئەمەریکا**

لە پەیوەندی لەگەڵ مەیل و بەریانی شۆڕشەکانی ئەمەریکا و فەرەنسا، هانا ئارێنت لەو باوەڕە دایە کە شۆڕشگێڕانی فەرەنسا پێداگرو شێلگیر بوون، کە بارو ئەرکە قورسەکان لە کار رووداوە سیاسییەکان  جیابکەنەوە و لە رێگای عەقڵانییەتەوە پێشیان بخەن، لە حاڵێکدا شۆڕشگێڕانی ئەمەریکا تەنیا لەژێر کاریگەریی هەلومەرجی دژواری شەرێکی تەیارکراودا بوون و

گۆڕانکاری بەسەر دەرک و تێگەیشتنی نەریتیی خۆیاندا بێنن، بەڵام هانا ئارێنت بەم پاساو و شیکردنەوەیە رازی نابێت. ئارێنت لە کتێبی «شۆڕش»ی خۆیدا زیاتر روانگە و بۆچوونی خۆی لەسەر بەرەنجامی شۆڕشەکانی ئەمەریکا و فەرەنسا چڕدەکاتەوە، هەتا بنەما و هەوێنی ئەو شۆڕشانە. «تێز»ی بەناوبانگی هانا ئارێنت ئەمەیە کە شۆڕشی فەرەنسا لەسەر بنەمای هزر و عەقڵانییەت بنیاتنراوە و شۆڕشی ئەمریکا لە سەر بنەمای مێژوو و نەریت. لێرەوە دەکرێ لە روانگە و تەفسیری سەروو مێژوویی مۆدێرنیتەی هانا ئارێنت گەیشت.

بەڕای هانا ئارێنت لە شۆڕشی ئەمەریکا وەرچەرخان و گۆڕانی بنەڕەتی لە روانگەی نەریتییەوە بۆ روانگەی عەقڵانی گـۆڕاوە و بەم چەشنەی لێکدەدایەوە، کە لە ئەنجامدا تەنیا باسی مافی سروشتیی مرۆڤەکانی دەکرد و بەرزترین دەسەڵاتی بەهی خودا دەزانی، کە بۆ خۆشی باوەڕی پێ نەبوو، لە حاڵێکدا لە فەرەنسا وەرچەرخان و گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە روانگەی عەقڵانییەوە بە ئاراستەی ناوەندگەرایی مێژوویی رۆیشتووە. بە باوەڕی هانا ئارێنت جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان تێگەیشتن و لێکدانەوەی بەریتانییەکان و دواتریش ئەمەریکایی و فەرەنسییەکان، پاشان لە سەرانسەری ئەرورووپا لەبارەی مێژووەوە لە ئارادایە. بۆ «ئەنگلۆساکسۆن»ەکان مێژوو قۆناغێکە و کۆتایی پێهاتووە، لە حاڵێکدا لەلای فەرەنسییەکان مێژوو هەموو کاتێک سەرلەنوێ سەرهەڵدەداتەوە، ئەگەر ئێمە چاو لە ئەمەریکا بکەین، بۆمان دەردەکەوێ، کەلە مێژوو لە گشتییەتی خۆیدا، ئەو تێڕوانینە ئەورووپییە نەک ئەمەریکایی، لە ئەمەریکا هەڵبەتە گەشە و پەرەپێدانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کاتی شۆڕشەوە لە قوتابخانە و زانستگەکان بە وانە دەوترێنەوە، بەڵام بەگشتی لە ئەمەریکا لە چاو ئەورووپا سەرنجێکی کەمتر

بە مێژوو دەدرێت، هەروەها لە تەفسیری «هانا ئارێنت»دا رووداوەکانی شۆڕشی ئەمەریکا بۆ وێنە تێگەیشتن لەئارمانی شۆڕشی هیدایەت لەلایەن کەسانێکەوە دەبێت، کە هەموو نەریتەکان وەلا بنێت، ئەمە لە کاتێک دایە ئەم نەریتانە هیچ چەشنە پلان و رێوشوێنێکیان بۆ ئێستا نییە، ئەمەریکاییەکان وەکو رۆمییەکانی سەردەمی کەونارا سەرچاوەکانی خۆیان کاتێک بەکاردێنن، کە سودێکی بۆیان هەبێت. «لە نوسراوەی رێبەرانی ئەمەریکادا کۆمەڵێک بۆچوون و روانگە بەرچاودەکەون کە رادەگەیەنن: ئەزمون باشترین رێکاری ئێمەیە و عەقڵ لەوانەیە بەرەو هەڵدێرمان بەرێت. لە دووتوێی ئەم وشانەدا وا دەردەکەوێت، کە ئەوان (رێبەرانی ئەمەریکا) چۆن چۆنی لەبارەی کار و رەوتە نوێیەکانەوە زانیارییان هەبووە، لە کاتێکدا ئەو سەردەمە هیچ تیۆرییەکی خاوەن متمانە لە گۆڕێدا نەبووە». بەڕای هانا ئارێنت هەر هەمان کەموکوڕییە مێژووییانە، شۆڕشگێڕانی ئەمەریکای دەهێنایە سەر ئەو قەناعەتە، کە بگەڕێنەوە سەر هزر و بیری خۆیان و عەقڵانییەتی مرۆیی خۆیان قبووڵ بکەن. هانا ئارێنت لە شوێنێکدا دەنووسێت: «هەڵبەتە شۆڕشی ئەمەریکا بە گەڕانەوە بۆ ئەزمون نەک عەقڵانەیت بە ئەنجام گەیشتووە»، مەبەستی ئەو ئەزمونی تاکەکەسیی رێبەران و باوکانی یاسای بنەڕەتیی ئەمریکایە و لەم رووەوە لە هەمبەر عەقڵی تیۆریی رێبەرانی شۆڕشی فەرەنسادا عەقڵی کردەیی ئەوان لەبەرچاو دەگرێت.

چەمکی عەقڵ، کە هانا ئارێنت بە یەکێک لە توخمە پێکهێنەرەکانی شۆڕشی ئەمەریکای دادەنێت، سێ تایبەتمەندی و خەسڵەتی بنەڕەتیی هەیە.

یەکەم ئەوەی کە ئەم عەقڵە لەپێناو کرداری سیاسی دایە، دووەم ئەوەی کە ئەم عەقڵە بەرەنجامی عەقڵێکی سالمە کە خۆی بە نوێنەری هەقیقەت دانانێت، بەڵکو خۆی بە نوێنەری بیروباوەڕ و روانگە دادەنێت،

کە تایبەتمەنییەکەی ئەوەیە کە بیروباوەڕی (عەقڵانییەت)ێکی دیکەش هاوشانییەتی. ئەم بیروباوەڕە جۆراوجۆرانە پێش مەرجە سەرەکییەکانی کرداری سیاسی دەخەنەڕوو. لێرەدا هانا ئارێنت نموونە لە وتەکانی «جەیمز مدیسۆن» یەکێک لە ڕێبەران و بناغەدارێژانی شۆڕش و یاسای بنەڕەتیی ئەمەریکا دێنێتەوە کە: «حیزب و فراکسیۆنی (حیزبی) لە ناو پێکهاتەی دەوڵەتدا لەباری روانگە، دەنگ و بۆچوونەوە جیاوازییەکانیان دەخرێنە روو، چونکە عەقڵانییەتی مرۆیی زیانبارە و ئەگەری بەلاڕێداچوونی هەیە، هەڵبەتە هەموو مرۆڤێک سەربەستە کە عەقڵی خۆی بخاتە گەڕ و سوودی لێ ببینێت»، هەروەها سێیەم تایبەتمەندیی شۆڕشگێڕانی ئەمەریکا بە باوەڕی هانا ئارێنت، ئەمەیە کە عەقڵی شۆڕشگێرانی ئەمەریکا لەژێر کاریگەری و ئیشکی شۆق و هەست و سۆزی ئەواندا نەبووە: «ئەوان (شۆرشگێڕانی ئەمەریکا) وادیارە لە دووڕگەیەک دانشبوون و لەژێر کاریگەریی هیچ دەرد و رەنجێکدا بەلاڕێدا نەدەچوون، یان هیچ دەستەنگی و و پەرێشانییەک روو لە هاودەردیی یەکتر بکەن و عەقڵی خۆیان وەلا بنێن».

ئەگەر ئێمە دوای شرۆڤە و شیکردنەوەی هانا ئارێنت بکەوین، خۆشحاڵی ئەویش بەو چەشنە دەبینین، کە بووەتە هاووڵاتییەکی ئەمەریکایی. وێنایەک کە هانا ئارێنت لە شۆڕشی ئەمەریکا بۆمانی دەخاتەڕوو، بەو وێنانەی خودی ئەمەریکاییەکان لە مێژووی خۆیان دەیخەنەڕوو، هاوتایی و هاوسەنگییەکیان پێکەوە هەیە، بەو چەشنەی کە ئەمەریکاییەکان هیچ شتێکیان بە شێوەی ئۆرگانیک یان بە شێوەی لۆژیکی لە رابوردوو وەرنەگرتووە، بەڵکو بەردەوام نموونەگەلێکیان لە رابوردوو وەرگرتووە و لەسەر بنەمای پێکهاتەی رێوشوێن و رێکارەکان بەکاریان هێناوە:

«پیاوان و ڕێبەرانی شۆڕشی ئەمەریکا بە هیچ ڕەنگێک خۆیان بە بەستراوەی نەریتەکان نەدەزانی، ئەوان شانازیان بە ڕۆشنگەری خۆیانەوە دەکرد و باوەڕیان بە هیچ پێشداوەری و پێشبینییەک نەبوو. لەو ڕووەوە کە ئەوان هێشتا نەیان دەزانی ئەم پەیوەستنەبوونە چ بەرەنجامێکی بۆیان دەبێ، بەدەر لە هەست و سۆزێک بوون، کە شەوق و ئەفسونی ڕۆژانی خۆشی ڕابوردوویان بیربێنێتەوە، کە ئەم تێڕوانینە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا باو بووە. ئەوان زیاتر سەرنجیان دەدایە سەردەمی کەونارا، نەک ئاگایی و زانیاریی لەبارەی نەریتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، چونکە بۆیان ڕوون و ئاشکرا بوو کەلە سەردەمی کەونارا شتێک دەدۆزنەوە، کە نەریت پێیان نابەخشێ. ئەوان لەباتی ئەوەی کە هەڵوەدای سەرمەشق و هێماکانی خۆیان بن، بەدوای ئەزمونی کۆن و ڕابوردووە بوون، هەڵبەت ئەوانیان دۆزییەوە ـ بە پێچەوانەوە هەموو ئەو ئاخاوتنە پێداهەڵگوتنانەی کە ئەوان لەبارەی گەورەیی و شکۆ و گەورەیی «ئەسینا ویۆنان»ی کەوناراوە پێشکەش دەکران ـ تەنیا لەو جێگایەی کە ماکیاڤێلیش دوای کەوت و دۆزییەوە، لە گۆڕێدا بوون، واتە لەدووتوێی مێژوو و دامەزراوەکانی کۆماری ڕۆما».

## دووفاقیەتی عەقڵ و مێژوو و دووفاقیەتی شۆڕشەکانی ئەمەریکا و فەرەنسا

لەلای هانا ئارێنت عەقڵ و مێژوو هیچ پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیان پێکەوە نییە، بەڵکو زیاتر بە شێوەی پارادۆکس و پێکناکۆک پێکەوە لەبەرچاو دەگیرێن. ناکرێ هێماکانی بڕیاردان و شێوازی عەقڵانییەت و لۆژیک لە بیروباوەڕ و نەریتی هانا ئارێنت دەرهاوێژین، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەم بڕیارانە لەژێر کاریگەری و دابونەریت و نەریتەکان دوور بخەینەوە، بەڵام

نەتەنیا عەقڵ و مێژوو دوو گەوهەری دژ بە یەکن، بەڵکو دەکرێ ئەم بابەتە بۆ عەقڵ و هەقیقەتیش باس بکرێت. لەلای هانا ئارێنت شۆڕشگێڕانی ئەمەریکا لە نێوان عەقڵانییەت و هەقیقەتیشدا دژایەتییەکیان دەبینی، چونکە عەقڵ پێچەوانەی دەرک، هەندێ بیروباوەڕ دێنێتە ئاراوە، کە بەپێی هەمان پێناسە لەگەڵ هەقیقەتیش دژایەتییان هەیە. ئەگەرچی ئەم تێز و بۆچوونەی هانا ئارێنت لە روانینی یەکەمدا سادە و ساکار دێتە بەرچاو، بەڵام ئەو لێرەدا دەگاتە خاڵێکی گرنگ و بە هەر تێڕوانینێک بە مێژووی شۆڕشی ئەمەریکا دەریدەخات ،کە ئەم ئیدیعایەی هانا ئارێنت راستە. «بنیامین فرانکلین» لە سیپتامبری 1787 لە ئاخاوتنێک لەژێر ناوی «سازان» لە کۆنگرەی ئەمەریکا تێدەکۆشا ناوەندگەرا و ئێتنیک خوازەکان ، هەروەها لیبراڵ و دەسەڵاتخوازان پێکەوە ئاشت بکاتەوە. فرانکلین دەڵێ: «من لەمێژە سەرقاڵی کارم و بە بیرکردنەوە و تێڕامانی قوڵ دەمەوێ ئەزمونی زۆر بەدەست بهێنم هەتا بتوانم دەنگ و بیروڕاکانی خۆم و تەنانەت لەبارەی گرنگترین مەسەلەکان بگۆڕم، ئەو روانگانەی کە سەردەمانێ: بە راستم دەزانی و ئێستا ئیدی بە راستیان نازانم ... زۆرینەی مرۆڤەکان پێیانوایە ئەوان لەسەر حەقن و گەیشتوون بە هەقیقەت و لە هەر شوێنێک کە خەڵکانی دیکە روانگەیەکان هەیە بە هەڵەی دەزانن».

هانا ئارێنت پێیوایە: لە حاڵێکدا ئەمەریکا عەقڵ و هەقیقەت و شەوق سێگۆشەیەکی گونجاوی پێکهێنابوو، شۆڕشگێڕانی فەرەنسا پێیانوابوو کە عەقڵ و هەقیقەت پێکەوە هاووات‌ا و یەکسانن و هەست و سۆز وەک خاڵی دژەبری هەردوویان لە قەڵەم بدەن. ئەم کارە کاردانەوەی بێ ئەملا و ئەولای بۆ کرداری سیاسی سیاسی بەدواوە بوو، چونکە شۆڕشگێڕانی فەرەنسا لەو باوەڕەدا بوون: «کە عەقڵ نەتەنیا دەبێتە رێگر لەبەردەم هەست و سۆزدا،

بەڵکو تەنانەت ڕێگرە لەبەردەم هاودەردی لەگەڵ داماو و هەژارەکانیش... عەقڵ مرۆڤ خۆ بەزلزان و زێدەخواز بار دێنێ و ناهێڵێ یارمەتیی مرۆڤی هەژار بدەیت. بەڕای ئارێنت شۆڕشی بەدژی عەقڵ لەڕاستیدا نەتەنیا بە ڕۆمانتیسم و کۆنەپارێزیی دژ بە شۆڕشی فەرەنسا نایەتە ئاراوە، بەڵکو ئەو شۆڕشە بەدژی عەقڵ تەنیا بە خودی شۆڕشی فەرەنسا دەستپێدەکات.

**سەرچاوە:**

- http://archiv. iran-emrooz. net/mahmoud/mahmoud830108.html

- ڕوژنامەی سەرمایە 17ی بەهمەن 1384

# هانا ئارێنت...
# عشقی حەقیقەت و هاوڕێیان

عەلی حەرب
لەعەرەبییەوە: ئەحمەد فاتیح محەمەد

فەیلەسوفەکان بەدەگمەن لەسەر ئەوەی کۆمەڵگەکانیان، یاخود ئەوەی خەڵک بەگشتی دەیبینێت کۆکن، بۆیە هەمیشە جێگای مشتومڕن، یان توشی شۆک دەبین بەبیروبۆچون وهەڵوێستەکانیان، هانا ئارێنت (1906–1975) یەکێک بوو لەو ژنە فەیلەسوفانەی لەژیانیدا بەم شێوەیە بووە. ئیمڕۆش سەرلەنوێ مشتومڕ لەبارەی ئەم ژنە فەیلەسوفە سەرهەڵدەداتەوە، ئەمەش بەبۆنەی دەرهێنانی ئەو فیلمەی کە سەرگوزشتەی دادگاییکردنی ئەدۆلف ئایخمانی نازیست دەگێرێتەوە، کە تۆمەتباربوو بەوەی لەسەردەمی هیتلەر بەشداری پاکتاوکردنی یەهودییەکانی کردبوو، بێگومان ئەمەش سەرگوزشتەی خۆشەویستی نییە، بەڵکو سەرگوزشتەیە لەگەڵ هەقیقەتدا.

ئارێنت ژنە رۆشنبیرێکی ئەڵمانییە و لەرەگەزی یەهودی، فەلسەفەی لەسەردەستی مارتن هایدگەر (1889–1976) خوێندووە، پاشان کەوتوەتە داوی خۆشەویستی ودواتر عاشقی بووە.

ئاشکرایە هایدگەر بۆماوەیەکی کورت پشتیوانی لە رژێمی نازی کردووە، پاشان پاشگەزبوونەتەوە و بێدەنگ بوو، ئەمەش بێ ئەوەی بیانویەک بۆ ئەو هەڵوێستەی خۆی بهێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر ئەم هەڵوێستەی ئارێنت رەخنەو تەنانەت گلەیشی لێنەکرد، کاتێک جەنگ کۆتایی هات و رژێمی نازی هەرەسیهێنا، هەوڵیدا بێت بۆ ئەڵمانیا بۆئەوەی بیبینێت، کەساڵی 1933 جێی هێشتبوو، دوای ئەوەی تەنگیان بە یەهودییەکان هەڵچنیبوو، ئیتر سەری هەڵگرتبوو تا لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا نیشتەجێ ببێت.

ئارێنت چەندین بەرهەمی فەلسەفی هەیە کەکاریگەری لەسەر گۆڕەپانی هزری ئەوروپی و جیهانی جێهێشتووە، دیارترینیان کتێبی (رەگوریشەی سیستمی تۆتالیتاریزم)ە، ئەو کتێبەی پێگەو ناوبانگی لەنێو فەیلەسوفەکاندا بۆ راستکردەوە و بەشێوەیەکی پێشەنگ ورێک وپێک دیاردەی تۆتالیتاریزم راڤە دەکات، کە ئەوروپا لەگەڵ سەرکەوتنی نازیزم لەئەڵمانیا و فاشیزم لە ئیتالیا و ستالینیزم لە روسیا بەخۆیەوە بینی، بەڵام هەڵوێستی لە پرسی ئایخمان، هەڵوێستێکی پر بوێری هزری و مەعریفیە، ئەم هەڵوێستەشی بووە هۆی ئەوەی باس لە ژیان و لەهزری بکەم. ئایخمان بەناوێکی نهێنی لەئەرژەنتین نیشتەجێ ببوو، بەڵام دەزگا هەواڵگرییەکانی ئیسرائیل توانیان دوای چەندین ساڵ بیدۆزنەوە، بەنهێنی دەستگیری بکەن و بیهێنەوە بۆ قودس، بۆئەوەی ساڵی 1961 دادگایی بکەن و لەسێدارەی بدەن.

بەڵام هانا ئارێنت سوور بوو لەسەر ئەوەی بچێتە ئیسرائیل، وەک ژنە رۆشنبیرێک وفەیلەسوفێک ئامادەی ئەو دادگاییکردنە بەناوبانگە ببێت، پاشانناملیکەیەکی بڵاوکردەوە لەچەند خالێکدا بۆچونی خۆی لەو بارەیەوە دەربریوە.

**یەکەم:** نازیزمی بە دوژمنی رەگەزی سامییەت دانەناوە، بەڵکو لەسیاقی دیاردەی تۆتالیتاریزم هەژماری کردووە، کەلەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ئەوروپای گرتبووەوە.

**دووەم:** هەندێک لەلێپرسراوێتی هۆلۆکۆستی یەهودییەکان لە ئەڵمانیا خستە ئەستۆی دامودەزگا یەهودییەکان.

**سێهەم:** ئەم خاڵە لەهەموویان گرنگترە ئەوەیە: شرۆڤەکردنی ئەو تاوانەی ئایخمانی پێ سزا درا، ئەمەش بەجۆرێکی نوێ کەسەر لەنوێ تێڕوانینی بۆ چەمکی خراپەکاری کردەوە.

ئارێنت ئایخمانی بەکائینێکی شەیتانی ئەژمارنەدەکرد، کە رەنگدانەوەی رەگوڕیشەی خراپەکاری یان خراپەکاری پەتی بێت، بەڵام کاتێک گوێبیستی

ئایخمان بوو، تووشی سەرسامبون بوو، چونکە کەسایەتیەکی زیرەک و قاڵ بوو وفێڵباز نەبوو وەک چاوەڕوانی دەکرد، بەڵکو کەسایەتیەک بوو جێگای پێکەنین و گاڵتەجاری بوو، ئەمەش لەبەر سادەیی و کاڵفامی، هەروەها ئەقڵی لەقاڵبدراو بە فۆرمە ئامادەکراوە پێشوەختەکان. لێ زۆرترین شتێک کەجێگای تێڕامانی ئارێنت بوو، لەداکۆکیکردنەکەی ئایخماندا، ئەو قسەیەی بوو کە وتی (من تەنها زمانی کارگێری دەزانم)، کەراستەوخۆ فرمانەکانی جێبەجێکردووە بەبێ هێچ ڕێگرییەک، بۆیە ئارێنت دەڵێت: (هەرکاتێک ئایخمان هەوڵی بیرکردنەوەی دەدا، ڕاستەوخۆ بیری لەپۆسنەکەی دەکردەوە) واتە هێندەی وەک کۆیلەیەکی پیشەکەی هەڵسوکەوت دەکات، وەک مرۆڤێک بیرناکاتەوە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانێت بڕیاری ڕێک وپێک بینابکات. بەم شێوەیە بۆی روونبووە وەکە ئایخمان خاوەن کەسایەتیەکی سادەیە و خاوەنی کەسایەتی خۆی نییە، بیرناکاتەوە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی وتە ناوبانگەکەی بڵێت (خراپەکاری ڤێزەوەن). مانای وایە تاوانەکەی ئایخمان لەوەوە سەرچاوە ناگرێت کە مرۆڤ لەسروشتیدا خراپەکارە، بەڵکو بە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کەدەست بەرداری مەرجی مرۆڤایەتی خۆی بووە، واتە پێش ئەوەی هەرکارێک ئەنجام بدات وبڕیارێک بدات بیردەکاتەوە و سەیردەکات و قوڵدەبێتەوە، واتە ئەوەی مرۆڤی پێ دەناسرێتەوە، بۆیە ئەم ڕاڤەکردنە کەپێچەوانەی کۆدەنگی بوو، سروشتی بوو تێوەندە یەهودییەکان تووشی شۆک بکات، ئەم هەڵوێستەیان بەداکۆکیکردن لەئایخمانی نازی دانا، بۆیە ئەم ژنە فەیلەسوفەیان بەوە وەسفکرد (کە دژی خودی خۆیەتی) واتە یەهودیبوونی خۆی، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی زۆرێک لەهاوڕێکانی پەیوەندی لەگەڵ بپچڕێنن، لێ وەڵامەکەی بەجدی بوون و رەسەنایەتی جێگای سەرنج بوو کاتێک وتی: (لەژیانی خۆم هیچ میللەتێک و کۆمەڵێکم خۆش نەویستووە، نەمیلەتی ئەڵمانی، نە فەرەنسی، نە ئەمریکی، نە چینی کرێکار. تەنها هاوڕێیەکانی خۆم خۆشدەوێت، چونکە تەنها باوەڕم بەخۆشەویستی کەسەکان هەیە و متمانەم پێی هەیە).

بەم شێوەیە ئارێنت تێڕوانینی ئێمەی بۆچەمکی خراپەکاری گۆڕی، هێندەش چەمکی خۆشەویستی بۆ سەر ئەرزی واقیع گەڕاندەوە، بەڵام لەکۆتاییدا خۆشەویستی راستەقینە بەر چاومان دەکەوێت و هەستی پێدەکرێت، هێندەش رەنگدانەوەی نێوان پەیوەندی نێوان خەڵکەکانە، بەڵام خۆشەویستی بۆ گەلان و نیشتیمان.

مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم خۆشەویستیەدا، دەبێتە هۆی پەرگیری و توندڕەوی و ریشەکێشکردنی بەرامبەر. لێرەوە ئارێنت کاتێک رەزامەندە لەسەر لەسێدارەدانی ئایخمان، ئەوا بە ئەقڵی وردبین و بەدواداچونی خۆی ئەوەی رەتکردەوە، زەوییەکەی خۆی لەگەڵ ئەڵمانیەکان یان هەر میللەتێکی تردابەش بکات، چ یەهودییەکان یان هەندێک میللەتی تر. ئەم هەڵوێستەی ئارێنت متمانەبوونی لەو هەڵوێستەی خودی یەهودییەکان وەردەگرێت، کە دواتر خۆیان بەخۆیان کرد، بەڵام چونکە پرۆسەی هۆڵۆکۆستیان قۆستەوە، کەلەئەڵمانیا بەسەریاندا هات، بەمە جیهانیان ئیستیغلال کرد و لە رێگای دوژمنایەتی رەگەزی سامی تیرۆری هزرییان ئەنجامدا، تەنانەت لەمەدا لەگەڵ جەلاد دا پێکدەچن، بەوەی لەبەرامبەر میللەتی فەلەستینی سیاسەتی راگواستن وچەوساندنەوە و پاکتاوکردنیان پەیڕەوکردووە. ئەمەش هەمان ئەو سیاسەتەیە ئەو کۆمەڵە پەیڕەوی دەکات، کەبانگەشەی ئەوە دەکەن خۆیان قوربانی زوڵم و زۆرداری بوون، بەڵام دەبینین زەوییان پڕکردووە لە زوڵم ودوژمنایەتی. بەهەرحاڵ هانا ئارێنت، نمونەی ئەوە پێشکەش دەکات کە زۆرینەی فەیلەسوفەکان، لەپەیوەندییان لەگەڵ شوناسی کۆمەڵگە و کەلتوری، نەتەوەیی و ئایندیدا شێوەیەکی رەخنەگرانە پیادە دەکات، بۆیە هەمیشە نێوانێک لەنێوانیاندا هەیە و پێوەی نالکێن، لەو کۆدەنگییە دەچنە دەرەوە ودژی ئەقڵیەتی مێگەل بوون دەوەستنەوە. رەنگە هەڵوێستی هیگڵی فەیلەسوف لەم بارەیەوە پێشەنگ بێت، بەڵام رۆشنبیرەکانی ئەڵمانیا پشتیوانی دروشمە ئازادیخواز و ئاسۆ رۆشنگەرییەکانی شۆڕشی فەرەنسیان دەکرد، بەڵام

کاتێک سوپاکەی ناپلیۆن پەلاماری خاکی ئەڵمانیایدا، هەموو ئەو رۆشنبیرانە لەو هەڵوێستەیان پەشیمان بوونەوە بێجگەلە هیگڵ، بەڵام کاتێک ناپلیۆنی بینی لەشەقامەکانی شاری بیینا پیاسە دەکات، ئیتر هیگڵ گوتە بەناوبانگەکەی خۆی وت: (ئەقڵ بەسەر ئەسپەوە رێدەکات)، رەنگە هیگڵ بیانوێ هەبێت لەسەر ئەم هەڵوێستەی، چونکە متمانەی وابوو ئەم فراوانخوازییە فەرەنسیە گوزارشت لەبڵاوبونەوەی ئەقڵی رۆشنگەری دەکات، بەڵام ئیمڕۆ لەم گۆشە نیگایەوە تەماشای ئەم پرسانە ناکەین، کە لەکاڵفامی بەدەرنییە، بەتایبەتی دوای ئەوەی دروشمەکانی پێشکەوتن و ئازادیخوازی پاشەکشێیان کرد، بەڵکو بەشێوەیەک لە ناپلیۆن دەڕوانین خاوەنی پرۆژەیەک بێت بۆ باڵادەستی و هەژمونکردن، کەلەپێناویدا چەندین جەنگی بەرپاکردووە، ژمارەیەکی زۆریش لەفەرەنسی و ئەوروپیەکان لەناوچون ئەمە سەرەرای عەرەبیش. لێرەوە خاوەن ئەقڵ و رۆشنگەر هەڵوێستی بەئاگاو گوماناویی دەبێت، لێپێچینەوەش لەپرۆژە ستراتیژییەکان، ئینجا هەڵگری چ ناسنامەو ئینتیمایەک بێت.

**سەرچاوە:**

- عشق الحقيقة والاصدقاء، علي حرب، google

# هانا ئارێنت..ژیانی تایبەتی و زانستی وتێروانینی بۆ مۆدێرنێتە

مائوریتزیو پاسێرین دێنتیرێڤێس

لە فارسییەوە: ئارام مەحمود ئەحمەد

هانا ئارێنت Hanna Arendt 1906– 1975 یەکێک لە کاریگەرترین فەیلەسوفە سیاسیەکانی سەدەی بیستەم بوو. ناوبانگی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ دوو بەرهەم، یەکەم: سەرچاوەکانی تۆتالیتاریزم (The Origins Of Totalitarianism) ساڵی 1951 چاپکراوە و لێکۆڵینەوەیەکە لەبارەی ڕژێمە نازی و ستالینیەکان.

دووەم، دۆخی مرۆڤ (Human Condition) ساڵی 1958 چاپکراوە، لێکۆڵینەوەیەکی بنچینەییە لەبارەی بنەماکانی ژیانی کارکردن، ماندو بوون، کار ئەنجامدان، بێجگە لەم دوو بەرهەمەی ئارێنت، ژمارەیەک راپۆرت و وتاری کاریگەری وەک گرنگی راپەڕین، ئازادی، دەسەڵاتداری، سوننەت و سەردەمی هاوچەرخ بڵاوکردوەتەوە. لەسەرەمەرگدا ساڵی 1975 بەرگێک لە بەرهەمە دوو بەرگیەکەی (ژیانی مێشک یان ژیانی هزر The Life Of Mind) تەواوکرد، کە لە سێ هێزی هزری ژیان (بیرکردنەوە، ئیرادە، دادوەری)دەکۆڵیەوە.

- **پێشەکی**

هانا ئارێنت یەکێک لەبیرمەندە سیاسیە سەرەکیەکانی سەدەی بیستەم بوو. توانای بیرکردنەوەی ئەو لە بەرهەمەکانی وەک سەرچاوەکانی تۆتالیتاریم و دۆخی مرۆڤ و راپەڕین و ژیانی هزردا ئاشکرابوون، لەم بەرهەمانە و وتارە هەژمار نەکراوەکانیدا، ئەو لەگەڵ قەیراناویترین راستیەکانی سەردەمی

خۆی دەست و پەنجەی نەرم دەکرد، بۆئەوەی وانا و تێگەیشتنی مێژوییان بەدەستبێنێت و نیشانی بدات، کە چۆن ئەوان دادوەری رەوشتی و سیاسی ئێمەیان خستوەتە ژێر کاریگەریەوە. لە دیدی ئەوەوە ئەوەی پێویست بوو چوارچێوەیەکی نوێ بوو، بۆ توانای ئێمە لەبەیەکەوە گرێدانی ترسە لەدایکبوەکانی ئێمە لە سەدەی بیستەمدا.

لێرەدا فەلسەفەی سیاسی ئارێنت بۆ چواربەش دابەشدەکەین:

1. تێگەیشتنی ئەو لە مۆدێرنێتە.
2. تیۆری کارکردنی ئەو.
3. تیۆری دادوەری ئەو.
4. تێگەیشتنی ئەو بۆ هاووڵاتی بوون.

**1. تێگەیشتنی ئارێنت بۆ مۆدێرنێتە.**

ئارێنت لە بەرهەمی سەرەکی فەلسەفەی (دۆخی مرۆڤایەتی) و لە ژمارەیەک وتاری کۆکراوەیدا لە کتێبی (لەنێوان رابـوردوو و داهاتودا) تێگەیشتنێکی سلبی بۆ مۆدێرنێتە ریزبەندی کردووە، بۆ ئارێنت مۆدێرنێتە بە لەدەستچوونی جیهان (Loss of the world) دەناسرێت، مەبەستی ئەو لە لەدەستچوونی جیهان دانانی کۆت و بەند، یان لەناوبردنی چوارچێوەی گشتی کارکردن و قسە لە بەرژەوەندی جیهانی تایبەتی ناوخۆیی و بەدواداچونی بەرژەوەندی ئابوری بوو.

مۆدێرنێتە، سەردەمی دەرکەوتنی کاری کۆمەڵایەتی لەناوەوە جیاوازی پێشوی نێوان کاری گشتی و کاری تایبەتی، سەردەمی سەرکەوتنی گیانەوەری زەحمەتکێش بەسەر مرۆڤی داهێنەردا، بەپێی تێگەیشتنی کلاسیک مرۆڤ گیانەوەرێکی سیاسی بوو. مۆدێرنێتە سەردەمی بەڕێوەبردنی بۆرۆکراتیک و

زەحمەتی بێناونیشان لەجیاتی سیاسەت و کارکردن، سەردەمی دەسەڵاتی چینی خانەدان و دەستکاری رایگشتی بوو. سەردەمێکە کە شێوازەکانی حکومەتی تۆتالیتاری هاوشێوەی نازیزم و ستالینزم بۆ سەپاندنی ترس و تۆقین دەرکەوتبوون.

ئەمە تێڕوانینی ئارێنت بۆ مۆدێرنێتەیە، تێڕوانینێک کە لە نیگای یەکەمەوە پڕە لە توندوتیژی و نەبوونی لێبوردەیی. ئارێنت لە نوسینە سیاسیەکانیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دەرکەوتەی تۆتالیتاریزم بەردەوامی مێژووی رۆژئاوای پچڕاندووە و زۆربەی وتە رەوشتی و سیاسیەکانی ئێمەی بێ واتا کردوە. تۆتالیتاریزم لە قاڵبی ستالینیزم و نازیزم، بیرو سیاسەت و پێوەرە پەسەندکراوەکانی دادوەری رەوشتی لەناوبردوە و بەم شێوەیە بەردەوامی مێژووی ئێمەی پچڕاندوە. لەکاتی روبەڕوبوونەوەمان لەگەڵ رووداوی نەخوازراوی وەک هۆڵۆکۆست، ئیتر ئێمە ناتوانین بگەڕێینەوە بۆ بەها سوننەتیەکانمان، وەک دەڵێن کارێکی نەکراو بە کارێکی ئەنجامدراو پێناسە دەکەین، یان لە شتە ناسراوەکانەوە لە شتە نەناسراوەکان تێدەگەین. پێویستە روبەڕوبوونەوەی بەرپرسیارێتی ئەم سەردەمە بێ هاوکاری رابوردوو بێت، یان وەک ئەوەی ئارێنت جارێک وتویەتی (بێ پەیژە) تێگەیشتن و پێوەرە بۆماوەییەکانی ئێمە بۆ دادوەری لەژێرکاریگەری روداوە سیاسیە مۆدێرنەکاندا لەناوچون و ئێستا ئەرکی دووبارە بنیاتنانەوەی واتای رابوردوو لە دەرەوەی چوارچێوەی هەر جۆرە رابوردویەکە، چونکە هیچ شتێک بەهای رەسەنی خۆی نەپاراستوە. لەئەنجامدا ئەم رابوردوە، سوننەت و رەسەنایەتی نییە، کە ئارێنت هەوڵدەدات لە لەناوچون لە ئاگایی کاتی مۆدێرندا بیپارێزێت، تەنها بە دوبارە دیاریکردنی رابوردوو بەهۆی ئەوەی ئارێنت بە (کاریگەری کوژەری بیرە نوێیەکان) ناوی دەبات، ئومێدێک هەیە واتا بۆ ئێستا بگێڕدرێتەوە و روناکییەک لە دۆخی هاوچەرخ بدرێت.

ئارێنت درکی خۆی بۆ مۆدێرنێتە لە چوارچێوەی چەند تایبەتمەندی کلیلی ڕێکدەخات: بێگانە بوون لە جیهان، بێگانەبون لە زەوی، دەرکەوتنی کاری کۆمەڵایەتی، سەرکەوتنی گیانەوەری زەحمەتکێش. بێگانە بوون لە جیهان ئاماژەیە بۆ لەدەستدانی جیهانی ئەزمون و کار، کە بەهۆیەوە خودناسی و تێگەیشتن لە راستی لە هزرماندا بونیاددەنێین. بێگانەبوون لە زەوی هەوڵدانە بۆ قوتاربوون لە سنورداری زەوی، ئاماژەیە بۆ هاندانی مۆدێرن و تەکنەلۆجیا، ئێمە بە هەوڵدان بۆ پەیبردن بە بۆشایی ئاسمان و دوبارە داڕشتنەوەی ژیان لە دۆخی تاقیگەییدا، بۆ درێژکردنی تەمەنمان بەدوای ڕێگەیەکدا بۆ سەرکەوتن بەسەر دۆخی سنورداری زەویەکەماندا دەگەڕێین. دەرکەوتنی کاری کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ پەرەسەندنی ئابوری بازاڕ لە سەردەمی مۆدێرنێتەی سەرەتاوە و پاشەکەوتی دارایی و سەرمایەی کۆمەڵایەتی. سەرکەوتنی گیانەوەری زەحمەتکێش ئاماژەیە بۆ زەحمەتی مرۆڤی داهێنەر و مرۆڤ گیانەوەرێکی سیاسیە.

ئارێنت دوو قۆناغی سەرەکی بۆ دەرکەوتنی مۆدێرنێتە دیاریدەکات:

– قۆناغی یەکەم: لە سەدەی شانزە تا سەدەی نۆزدە و یەکسانە بە بێگانە بوون لە جیهان و دەرکەوتنی کاری کۆمەڵایەتی.

– قۆناغی دووەم: لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە و یەکسانە بە بێگانەبوون لەزەوی و سەرکەوتنی گیانەوەری زەحمەتکێش.

ئارێنت چەند هۆکارێک دەخاتە روو: دۆزینەوەی ئەمریکاو بچوک بوونەوەی زەوی، شەپۆلەکانی زەوتکردنی خاوەندارێتی کە لەماوەی جوڵانەوەی چاکسازی ئاینی سەریهەڵدا، داهێنانی تەلسکۆب کە کارایی هەستەکانی تێپەڕاند، دەرکەوتنی زانست و فەلسەفەی مۆدێرن و دوای ئەوە دەرکەوتنی تێگەیشتنێک لە مرۆڤ وەک بەشێک لە پرۆسەی سروشتی

و مێژویی و بەرفراوانکردنی سنوری ئابوری و بەرهەم و کەڵەکە بونی سەرمایەی کۆمەڵایەتی.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە تێگەیشتنی ئارێنت بۆ کاری کۆمەڵایەتی رۆڵی کاریگەری لە هەڵسەنگاندنەکانی ئەو بۆ مۆدێرنێتە گێڕاوەو چاوی ئەوی بەڕووی بابەتە گرنگەکاندا دانەختوە و ئەو بەرەو زنجیرەیەک لە دادوەری پرسیار وروژێنەر رادەکێشێت. سەرەتا شیکردنەوەی ئارێنت بۆ کاری کۆمەڵایەتی زۆر سنوردارە. ئەو پێیوایە کە کاری کۆمەڵایەتی سنوری دەسەڵاتی زەحمەت، سنوری دەسەڵاتی بایۆلۆژیک و مادی، سنوری دەسەڵاتی هەلومەرجی بوونی ئێمەیە، هەروەها رایدەگەیەنێت کە دەرکەوتنی کاری کۆمەڵایەتی هاوکاتە لەگەڵ پەرەسەندنی ئابوری لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمەدا. هەرچۆنێک بێت لەگەڵ یەکسانی کاری کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی ئابوری لە دوو سەدەی رابـوردودا، ئارێنت ناتوانێت ئەوە بەپێی مۆدێلێکی دوبارە بەرهەمهێنانەوەی سادە بناسێنێت. دووەم: یەکسانی کاری کۆمەڵایەتی لەگەڵ چالاکیەکانی خێزانی لەلایەن ئارێنتەوە دەبێتە هۆکاری کەموکورتی گەورە لە شیکردنەوەی ئەو بۆ ئابوری، لەراستیدا ئەو بێتوانایە لە تێگەیشتنی ئەوەی کە ئابوری سەرمایەداری مۆدێرن پێکهاتەیەکەی دەسەڵات لە دابەشکردنەوەی یەکسانی تێچونەکان و پاداشتەکان، بینادەکات. ئارێنت پێیوایە سەرجەم بابەتە پەیوەندیدارەکان بە ئابوریەوە سەرەتا سیاسین، لە ئەنجامدا بابەتی زۆر گرنگی دەسەڵاتی ئابوری و وەگەڕخستنی ئابوری لەبەرچاو ناگرێت.

لە کۆتاییدا ئارێنت بە جەختکردنەوە لەسەر جیاوازی لە نێوان کاری تایبەتی و کاری گشتی، لە نێوان کاری کۆمەڵایەتی و کاری سیاسی، لە توانایدا نییە پەیوەندی نێوان بوارو گرژیە پەیوەندیدارەکان بە دوبارە

داڕشتنەوەی سنورەکانی ئەوان لەبەرچاو بگرێت، لە ئێستادا زۆرێک لە بابەتە تایبەتیەکان بۆ نیگەرانی گشتی گۆڕاون و هەوڵدان بۆ دادپەروەری و یەکسانی مافەکان رەخنەیان کردوەتە ناو زۆر بوار. ئارێنت بە جیاکردنەوەی بواری سیاسەت لە نیگەرانیە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ کاری کۆمەڵایەتی و بەدانانی جیاوازی لە نێوان کاری گشتی و کاری تایبەتی نەیتوانیوە وەڵامی ژمارەیەک دەستکەوتی مۆدێرنێتە - پەرەسەندنی دادپەروەری و مافی یەکسان و دوبارە داڕشتنەوەی سنورەکانی نێوان کاری تایبەتی و کاری گشتی - بداتەوە.

## 2. تیۆری کارکردن

تیۆری کاری ئارێنت و زیندوکردنەوەی تێگەیشتنی دێرینی پراکسیس praxis لەلایەن ئەوەوە نیشاندەری رەسەنترین خزمەتی ئەو بە ئەندێشەی سیاسی سەدەی بیستەمە. ئارێنت بە جیاکردنەوەی کارکردن (پراکسیس) لە راستکردن (پۆیسیس poises) بە گرێدانی ئەو بە ئازادی و زۆرینە و بە نیشاندانی پەیوەندی ئەو لەگەڵ قسە و بیرهێنانەوە لەتوانایدایە تێگەیشتنێک لە سیاسەت ڕێکبخات، کە تێیدا بابەتەکانی واتا و ناسنامە بەشێوازێکی نوێ و رەسەن لێی بکۆڵرێتەوە، جگەلەوە ئارێنت بە تێڕوانینی لەکار وەک شێوازێکی بەیەکەوە بوونی مرۆڤایەتی دەتوانێت تێگەیشتنێک بۆ دیموکراتی بەشداری پەروەردە بکات، کە پێچەوانەی شێوە بۆرۆکراتیک کراوەکان و چینی نوخبەی سیاسی و بەمشێوەیە دەچێتە خانەی دژایەتی تایبەتمەندێتی تایبەتی قۆناغی مۆدێرنەوە.

ئارێنت سێ چالاکی زەحمەت و کارکردن و ئەنجامدان بەبێ جیاوازی بۆ ژیانی مرۆڤایەتی بەپێویست دەزانێت، بەو واتایەی کە هەریەکەیان

بەشێوەی تایبەتی خۆی یارمەتی هاتنەدی مەبەستەکانی مرۆڤ دەدەن.

دوو تایبەتەندی سەرەکی کار، بریتین لە ئازادی و زۆربون. مەبەستی ئارێنت لە ئازادی توانای هەڵبژاردنە لەنێوان کۆمەڵێکدا، یان توانای ئیرادەی ئازاد، کە بەپێی مەسیحیەت لەلایەن خواوە بەئێمە بەخشراوە، نییە، بەڵکو مەبەستی ئارێنت لە ئازادی بریتییە لە توانای دەستپێکردنی شتێکی نوێ کە سەرجەم مرۆڤەکان بەهۆی لەدایکبونەوە هەیانە، لە ئەنجامدا کار وەک بەدیهاتنی ئازادی رەگەکەی بۆ لەدایکبوون دەگەڕێنەوە، ڕەگ لە راستیدا واتە هەموو لەدایکبونێک سەرەتایەکی نوێ و ناساندنی شتێکی تازەدەرکەوتوە لە جیهاندا. وەک ئارێنت نوسیویەتی: (سەرەتایەکی نوێ کە لە لەدایکبووندایە، دەتوانێت خۆی لە جیهاندا هەست پێبکات و بەرجەستە بکات بەو هۆیەی کە تاکی تازە لەدایکبوو توانای دەستپێکی شتێکی نوێی هەیە، بەواتایەکیتر توانای کارکردن.)

هەروەها ئارێنت جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، چونکە کار رەگەکەی بۆ لەدایکبون دەگەڕێنەوە، چونکە بەدیهاتنی ئازادیە، لەگەڵ خۆی توانای داهێنانی شتێکی چاوەڕوان نەکراوی هەیە، لەبەرئەوە لەدایکبونی هەر تاکێک سەرەتایەکی نوێیە.

زۆربوون تایبەتمەندیەکی تری کارە، بۆئەوەی کە کار بەواتای گرتنە دەستی داهێنانی کارو ناساندنی کاری نوێ و چاوەڕوان نەکراو بۆ جیهان بێت، بەو واتایەشە کە ناتوانرێت ئەو بەپەراوێزخراوی و دور لەکەسانی تر جێبەجێ بکرێت. لەو لایەنەوە کە کار پێویستی بەزۆربوونە وەک ئەوەی هونەرمەندە نمایشکارەکان پێویستیان بەوەرگرە، بێ ئامادەبون و پەسەندکردنی لەلایەن ئەوانیترەوە ئیتر کار چالاکیەکی واتادار نابێت. ئارێنت زۆربـوون بە (مرۆڤەکان نەک کە مرۆڤ لەسەر زەوی دەژی و

لەجیهاندا نیشتەجێیە) پێناسە دەکات، دەڵێت ئەم دۆخە و هەلومەرجی کاری مرۆڤایەتیە (چونکە هەموومان لە ئەوەدا هاوشێوەین، کە مرۆڤین بەشێوەیەک کە هیچ کەسێک لە هیچ کەسێکیتر کە ژیاوە و دەژیت ناچێت.)

لەدۆخی مرۆڤایەتیدا ئارێنت جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە کار گرنگیەکی روکارە و پەیوەندی مرۆڤایەتی بە پەیوەندی بەرامبەرەوە دەبێت و بەمشێوەیە دەتوانین ریزبەندی بکەین، کار لەخۆگری قسەیە (Speech) بەهۆی زمانەوە ئێمە دەتوانین کارەکانمان ڕێکبخەین، بەپێچەوانەشەوە قسەش لەخۆگری کارە، نەک بەو واتایە قسە روخسارێکی کارە، بەڵکو بەو واتایەی کە کارکردن ئامرازێکە بەهۆیەوە راستی بێژەر تاقیدەکەینەوە، کەواتە بەوشێوەیەی کە کارکردن بێ قسەکردن روبەروی مەترسی بێ واتایی دەبێتەوە، لە قسەی بێ کرداریشدا ئێمە یەکێک لە ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی بێژەرمان کەمە.

لەبەشی سەرەتای وەرزێکی کتێبی دۆخی مرۆڤایەتی لەبارەی کارەوە، ئارێنت یەکێک لەکاراییە سەرەکیەکانی ئەو، واتە دەرخستنی ناسنامەی ئەنجامدەر شیدەکاتەوە. ئارێنت پێیوایە لە کردار و قسەدا تاکەکان بەشێوەیەک خۆیان دەردەخەن کە نایابن و کەسایەتیە جیاوازەکانیان بۆ جیهان دەردەخەن. بەپێی جیاکاری ئارێنت ئەوان لەجیاتی ئەوەی دەریخەن چین، دەریدەخەن کە کێن. دوەمیش تواناکانی تاکە و بەهەمان ڕێژەش ئاماژەیە بۆ کەموکورتی و خراپیەکان کە تایبەتمەندی هاوبەشی مرۆڤەکانە. زەحمەت و کار تاکەکان ناچار ناکەن ناسنامەی خۆیان ئاشکرا بکەن، لەکاتی زەحمەتدا کەسێتی هەر تاکێک بەهۆی گرێدراوی بە پێداویستیە سروشتیەکان و کۆتوبەندە سەپێنراوەکان لەلایەن میراتی ژیانەوە نادیارە. کاتێک ئێمە زەحمەت دەکێشین تەنها دەتوانین لێکچونمان دەربخەین. لەراستیدا پێویستە

ڕەفتار بکەین، ڕۆڵ ببینین، چونکە ئێمە پەیڕەوی لە کۆمەڵێک بەرپرسیارێتی دەکەین. لەکاتی کارکردندا سنوری بەرفراوانتر بۆ تاک هەیە، هەموو بەرهەمێکی هونەری یان بەرهەمهێنراو نیشانەی بەرهەمهێنەرەکەی لەسەرە، بەڵام هێشتا بەرهەمهێنەر بەرامبەر بەرهەمی کۆتایی خۆی بەدەستەوە دەدات، بەو واتایەی بەهۆی نمونەیەکەوە ڕێنوێنی دەکرێت، هەروەها بەو واتایەی بەشێوەیەکی گشتی بەرهەم تەمەنی لە بەرهەمهێنەر زیاترە، لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمی کۆتایی زانیاری زۆر لەبارەی بەرهەمهێنەرەوە بەدەستەوە نادات، بێجگە لەئەوەی کە ئەو ژنە یان پیاوە ئەمەی ڕاستکردوە، لە ئەنجامدا تەنها لە کردارو قسەدا تاکەکان دەریدەخەن کێن و دەتوانن ناسنامەی تایبەتی خۆیان بسەلمێنن. بەو واتایەی کردار و قسە پەیوەندیەکی زۆر نزیکیان بەیەکەوە هەیە، چونکە هەردویان وەڵامی پرسیارێکیان لەخۆگرتوە، کە لە تازە هاتویەک دەپرسرێت (تۆ کێیت؟) ئەم ئاشکراکردنەی (کێیت؟) بە کردار و قسەش دەبێت، بەڵام لە نێوان ئەم دوانەشدا ئەوە  قسەیە گرێدراوی نزیکی بە ئاشکرا کردنەوە هەیە. بێ هاوڕێ بوونی قسە، کردار توانای ئاشکرا کردن لەدەست دەدات و ئیتر ناتوانێت پەیوەندی ببەستێت.

**کار، گێڕانەوە و بیرهێنانەوە**

بەبڕوای ئارێنت کاتێک یەکێک لەبارەی بابەتەکانیان و پاڵەوانی چیرۆکەکان بۆ ئێمەی دەگێڕێتەوە، زیاتر لە بەرهەمی هەر مرۆڤێک بە ئێمە دەڵێت. بێ بوونی ئەفلاتونێک پێمانبڵێت سوقرات کێ بووە، ئێمە نازانین چ شتێک سوقراتی بەو کەسایەتیە بەرجەستەیە گەیاندوە. لەڕاستیدا ئەمە یەکێک لە گرنگترین وتەکانی ئارێنتە، کە واتای کار گرێدراوە بە گێڕانەوە و نوسینەوەی مێژونوسان و گێڕەڕەوەکانەوە.

لەبەرئەوە گێڕانەوەکان دەتوانن پێوەرێک بۆ راستی بن و پلەی باڵاتر بۆ تێگەیشتنی مرۆڤەکان فەراهەم بکەن، هەروەها گێڕانەوەکان یادگاری کردارەکان بەدرێژایی مێژوو دەپارێزن و لەماوەی ئەمکارەدا دەبنە هۆی ئەوەی ئەم کردارانە ببنە سەرچاوەی ئیلهام بۆ ئایندە، بەواتایەکی تر ببنە مۆدێلێک و پەیڕەوی بکرێن. ئارێنت جەخت دەکاتەوە کە یەکێک لە لەمپەڕە سەرەکیەکانی بـەردەم کار لەبیرچونەوەیانە، بەپێچەوانەی بەرهەمی چالاکی کار کە بەهۆی راستەقینەیی خۆیانەوە خاوەنی جۆرێک بەردەوامین، بەڵام تەنها بیرهێنانەوە مەرجی مانەوەی کردار و قسەیە دوای ئەنجامدانیان. وەبیرهێنانەوە دەتوانێت ژیان و کردارەکان لە فەرامۆشی و پوچ بوون بپارێزێت. گێڕانەوەی رابوردووش پێویستی بە وەرگر هەیە. یەکێک لە کارایيەکانی پۆلیس Polis دەوڵەت شاری یۆنانی دێرین ئەوە بوو، کە کۆبونەوە دەکرا و وتە و کردارەکانی هاوڵاتیانی دەپاراست، بۆئەوەی لەم ڕێگەیەوە بیگەیەنێت بە نەوەکانی داهاتوو، شارە دەوڵەتی یۆنانی ئەو شوێنە بوو کە هەمو هاوڵاتیەک دەیتوانی شایەت و لە ئەنجامدا گێڕەرەوەیەکی بەهێز بێت.

**کار، دەسەڵات، پانتایی نیشانە**

پۆلیس (دەوڵەت) لە نوسینەکانی ئارێنتدا بەردەوام دوبارە دەبێتەوە و ئاماژە دەکات بە سەرجەم نمونە مێژوییەکان، کە لەنێوان کۆمەڵێک هاووڵاتی ئازاد و یەکسان روخساریان وەگرتووە، ئەگەر راستتر بڵێین پۆلیس (دەوڵەت) لە جێگەی فیزیکی خۆیدا نییە، ئەم پانتایی نیشانەیە دەتوانێت لەهەر شوێنێک کۆمەڵێک تاک بەشێوەیەکی سیاسی کۆ ببنەوە سەرلەنوێ راست بکرێنەوە، بەڵام بەهۆی روداو و بەسەرهاتی دڵتەزێنەوە، لەوانەیە

کۆمەڵگەیەک لەناوبچێت، لەم بارەشدا بە نەمانی چالاکی هاووڵاتیان ئەم پانتایی نیشانەیەش بونی نامێنێت.

پانتایی نیشانە پێویستە بەردەوام لەلایەنی کردارەوە دوبارە ڕێکبخرێتەوە و هەرکاتێک چالاکوانەکان بەمەبەستی کاروباری گشتی کۆدەبنەوە دەردەکەوێت و لە ساتێکدا کە ئەم چالاکیە کۆتایی دێت، ئەویش نامێنێت.

توانای کاری هاوبەش بۆ بەدیهانتی ئامانجێکی گشتی - سیاسی، یەکسانە بە ئەوەی ئارێنت بە دەسەڵات ناوی دەبات. پێویستە دەسەڵات لە هێز و زۆرداری و توندوتیژی جیابکرێتەوە. بەپێچەوانەی هێز، دەسەڵات لە خاوەنداریتی تاکێکدا نییە، بەڵکو کۆمەڵێکی چالاک کە ئامانجێکی سیاسی هاوبەشیان هەیە، خاوەنی ئەون. بەپێچەوانەی زۆرداری، دەسەڵات سروشتی نییە و راستکراوی مرۆڤە. بەپێچەوانەی توندوتیژی، دەسەڵات پشت بە ناچارکردن نابەستێت، بەڵکو پشت بەستوە بە رازی بوون و هاندانی عەقڵانی.

بۆ ئارێنت دەسەڵات دەرکەوتەیەکی تاکە، چونکە بەرهەمی کارە و بەتەواوی لەسەر بنەمای هاندانە. دەسەڵات بەرهەمی کارە، چونکە لەناخی چالاکیە هاوبەش و هاوئاهەنگیەکانی بکەرانەوە سەرچاوە دەگرێت و لەسەر بنەمای هاندانە، چونکە توانای بێ سنوری گرەنتی رازیبوونی کەسانیتر لە ڕێگەی گفتوگۆ و روبەڕو بوونەوەوە هەیە. تەنها سنورداری ئەو بوونی کەسانیترە، بەڵام ئارێنت ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەم سنوردارییە لەخۆوە نییە، چونکە دەسەڵاتی مرۆڤایەتی پێش هەر شتێک لەگەڵ دۆخی زۆربوون، هاوشێوەیە.

ئارێنت پێداگرە لەسەر ئەوەی، رەوایی دەسەڵات لە گردبوونەوەی سەرەتایی خەڵکیدایە، واتە لە ڕێککەوتنی سەرەتایی کۆبوونەوەیەک کە کۆمەڵێکی سیاسی

دادەمەزرێنن، هەرکاتێک ئەو ئاکانە بەهاوبەشی و بەناوبژێویانی قسە و هاندان بۆ کارکردن کاربکەن، ئەم ڕێککەوتنە دوبارە پەسەند دەکرێنەوە. ئارێنت پێیوایە لەو لایەنەوە کە دەسەڵات بە بوونی کۆمەڵە سیاسیەکانەوە گرێدراوە، ئەوەی پێویستی پێی هەیە رەواییە... دەسەڵات ئەو کاتە سەردەردێنێت کە هاووڵاتیان لەدەوری یەکتر کۆببنەوە و بەهاوبەشی کاربکەن، بەڵام رەواییەکەی زیاتر لە کۆبوونەوەی سەرەتاوە بە دەستدێنێت نەک لەوکارەی بەدوایدا دێت.

لای ئارێنت دەسەڵات ئەوەیە، کە سنوری گشتی دەپارێزێت، هەمان پانتاییە بەهێزەی نیشانە لەنێوان مرۆڤە کاراکان و ئەوانەی قسە دەکەن. دەسەڵات هاوشێوەی پانتایی نیشانە بەردەوام هۆکارێکی بەهێزی دەسەڵاتە، نەک بونێکی نەگۆڕ، ناپێورێ و پشتی پێنابەسترێت وەک هێز و توانا... ئەو کاتەی مرۆڤەکان بەیەکەوە کاردەکەن، دەسەڵات لێیانەوە سەرچاوە دەگرێت و کاتێک پەرتەوازە دەبن، لەناودەچێت. (پشتیوانی هاووڵاتیان دەسەڵات بە ئۆرگانەکانی حکومەت دەبەخشێت و ئەم پشتیوانیەش بێجگە لە بەردەوامی رازی بوون ، کە بەر لەهەر شتێک یاسا بەرهەم دێنێت... سەرجەم ئۆرگانە سیاسیەکان بەشێکن لە دەسەڵات، هەر کاتێک پشتیوانی هاولاتیان لەدەست بدەن، لەکار دەکەون و هەڵدەوەشێن.)

**کار، پێشبینی نەکراو، نەتوانینی گەڕانەوە**

کار پێشبینی نەکراوە، چونکە برێتیە لە ئاشکراکردنی ئازادی، توانای داهێنان و گۆڕینی هەلومەرج، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە کار لەناو تۆڕێک لە پەیوەندیەکانی مرۆڤدا روو دەدات، کەواتە هیچ بکەرێک ناتوانێت ئەنجامی کۆتایی کۆنترۆڵ بکات.

هۆکارێکی تری پێشبینی نەکردنی کار، ئەنجامە بێکۆتاکانە: هەموو کارێک ژمارەیەکەی بێسنور لە کار و کاردانەوەیان هەیە و لەراستیدا هیچ کۆتاییەکیان نییە، وەک ئارێنت دەڵێت: (هۆکاری سادەی ئەوەی ئێمە هیچ کاتێک ناتوانین بەدڵنیاییەوە ئەنجام و کۆتایی کارەکان پێشبینی بکەین، ئەوەیە کە کار کۆتایی نییە.) ئەمەش لەبەرئەوەی کار (لەگەڵ ئەوەی لەوانەیە لەهیچ شوێنێک راست بێت، بەڵام دەچێتە زەریایەکەوە لەناویدا هەر کاردانەیەک بۆ زنجیرەیەک کاردانەوە دەگۆڕێت و هەر رەوەندێک دەبێتە هۆی کۆمەڵێک رەوەندیتر... بچوکترین کار لە سنوردارترین هەلومەرجدا، تۆوی هەمان بێسنوری دەچێنێت، چونکە کردارێک یان وتەیەک بەسە، بۆ ئەوەی هەر کۆمەڵگەیەک بگۆڕێت.)

بابەتێکیتری پەیوەندیدار بە بێسنوری و پێشبینی نەکردنەوە، نەگەڕانەوەیە. هەموو کارێک چەند پرۆسەیەک دەخاتەگەڕ، کە ناتوانرێت ڕێگەیان لێبگیرێت یان بگێڕدرێنەوە، بۆ نمونە دەتوانین بەرهەمێکی راستکراوی خۆمان لەناوببەین، بەڵام ئەمە لەبارەی کردارەوە مەحاڵە، چونکە کار بەردەوام لەناو تۆڕێکی هەبووی پەیوەندیەکانی مرۆڤدا روو دەدات، شوێنێک کە هەموو کارێک بۆ کاردانەوەیەک دەگۆڕێت، هەموو کردارێک دەبێتە سەرچاوەی کردارەکانی داهاتو، ناتونرێت هیچ یەکێک لە ئەمانە رابگیرێت، یان لەناوببرێت، لەبەرئەوە دەرەنجامی هەمو کارێک نەک پێشبیی نەکراوە، بەڵکو گەڕانەوەشی نییە. ناتوانین پرۆسە دەستپێکراوەکانی کار کۆنترۆڵ بکەین یان بیانگێڕینەوە.

لێرەدا پێشنیاری ئارێنت توانای لێبوردەیی و توانای بەڵێنە. ئەم دوو توانایە بەتوندی بەیەکەوە گرێدراون: یەکەم، بەلێبوردن لە بکەری کارێک، کە دەرەنجامی نەخوازراوی لێکەوتۆتەوە، پاساوە بۆ نەگەڕانەوە. دووەم،

بە سنورداركردنی بكەرەكان. لەمڕووەوە هەردوو تواناكە بەبەردەوامی لە پەیوەندیدان: لە تێڕوانینی ئێستادا لێبوردەیی لەئەوەی پێشتر رویداوە دەڕوانێت، لە بكەری ئەو كارەی خۆنەویستانە ئەنجامی داوە، دەبورێت، لە كاتێكدا كە بەڵێن بەرەو پێش دەچێت، چونكە دەخوازێت كۆمەڵێك ناوچەی پارێزراو لە داهاتویەكدا كە پێشبینی نەكراوە، راست بكات.

ئارێنت نوسیویەتی: (بێ لێبوردن، بی رزگاربوون لەوەی ئەنجاممان داوە پێدەچێت توانای ئێمە بۆ كاركردن لەیەک كرداردا سنوردار بێت، كە هیچ كاتێک ناتوانێت سارێژ بێت. ئێمە بۆ هەمیشە وەک قوربانی ئەنجامەكانی دەمێنینەوە.) لەلایەكیترەوە (بێ پابەندبوون بە بەجێهێنانی بەڵێنەكان، هەرگیز ناتوانین ناسنامەكانی خۆمان بپارێزین، ئێمە مەحكوم دەكرێین بەوەی لەروی نەزانی لە تاریكی دڵی مرۆڤدا هەنگاو بنێین.) هەردوو تواناكە سەرچاوەیان ئازادی مرۆڤەكانە، چونكە بێ توانایی پاككردنەوەی ئەوەی لە رابوردو ئەنجاممان داوە و بێتوانایی كۆنترۆڵكردنی ئەو پرۆسانەی دەستمان پێكردون، ئێمە دەبینە قوربانی پێویستیەكی خۆنەویست كە سەرجەم نیشانە یاساییەكانی نەرمی نەنواندنی تێدایە.

### 3. تیۆری دادوەری ئارێنت

تیۆری تەواونەكراوی ئارێنت لەبارەی دادوەری ،هەروەها تیۆری كاركردن میراتی سەرەكی ئەو بۆ ئەندێشەی سیاسی سەدەی بیستەم نیشان دەدەن.

- **دوو نمونەی دادوەری**

ئارێنت بە نیاز بوو لێكۆڵینەوەكانی لەبارەی ژیانی هزری بە تایبەتی لە بەرگی سێهەمی توانای دادوەریدا باس بكات، بەڵام بەهۆی مردنی لەناكاوی

ساڵی 1975 نەیتوانی ئەمکارە تەواو بکات. ئەوەی ئەو بۆ ئێمەی جێهێشتوە برێتین لەم بابەتانە: لەبارەی بیرکردنەوە Thinking، ئیرادە Willing، ژمارەیەک وانە لەبارەی فەلسەفەی سیاسی کانت کە لە خوێندنگەی نوێی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی لە پاییزی 1970 وتراونەوە، وتارێک بەناوی بیرکردنەوە و تێبینیە رەوشتیەکان، دوو راپۆرت لەبارەی رابوردوو و داهاتوو، سەرنجدانە راستەقینە. ئەم نوسینانە نەک تەنها تیۆرێک، بەڵکو دوو نمونەی جیاوازن، یەکێک لەسەر بنەمای تیۆری کار، ئەویتر لەسەر بنەمای بۆچونی بینەر پێشکەش دەکەن، کە تا ڕێژەیەک بێگانەن بەیەکتری. دەتوانین نوسینەکانی ئارێنت لەبارەی دادوەریەوە بەشێوەیەکی دوو قۆناغی ببینین: قۆناغی یەکەم تێیدا دادوەری توانای کاری بکەرە سیاسیەکان لە سنوری گشتیدایە، قۆناغی دوەمیش ئیمتیازی بینەران بەتایبەتی شاعیران و مێژونوسان، کە دەیانەوێت واتای رابوردوو بدۆزنەوە و ئێمە بەوەی رویداوە گرێبدەنەوە.

**- دادوەری و ژیانی شیکاری**

روبەروبوونەوەی ئارێنت لەگەڵ دادوەری وەک توانای هەڵسەنگاندنی داهاتوو، واتە ڕێگە دەدات لە رابوردوو بێنە دەرەوە و سەرچاوەکەی هەوڵی ئەوە بۆ دوبارە ناساندنەوەی ماتەمینیەکانی سەدەی بیستەم، نازیزم و ستالینیزمە. ئارێنت هەوڵیداوە ئەو روداوانە بەپێی راستەقینەییان هەڵبسەنگێنێت، نەک بەپێی دەرهاویشتەی ئەوان لە کاروباری رابوردوو و تێگەیشتن لێیان نەک بەشێوەیەکی لەخۆوە، بەڵکو بەشێوەی روبەروبوونەوەیان لەگەڵ هەمو توندوتیژی و چاوەڕوان نەکراویان، شتێک کە ئارێنت چەندینجار بۆی دەگەڕێتەوە. چوارچێوەی دادوەری ئێمە (لەگەڵ

هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی راستەقینەی ئەو بۆ ئەزمونی سەرەکی سیاسی سەردەمی ئێمە) شکست دێنێت. تێگەیشتنی هاوبەشی ئێمەش بێ سود بووە، چونکە (ئێمە لەجیهانێکی هەڵگەڕاوەدا ژیان دەکەین، جیهانێک کە ناتوانین ڕێگەی خۆمان بەپەیڕەوی کردن لەو یاسایانەی سەردەمانێک هاوبەشبوون، بدۆزینەوە.)

لە ئەنجامدا قەیرانی تێگەیشتن هاوکاتە لەگەڵ قەیرانی دادوەری، تا ئەو شوێنەی کە تێگەیشتن لای ئارێنت (ئەوەندە پەیوەندیەکی پتەوی بە دادوەریەوە هەیە، کە پێویست دەکات هەردویان لەریزبەندی کارێکی تایبەتی لەژێر بنەمایەکی جیهان شمول دابنرێن.) کاتێک ئەم بنەمایانە متمانەی خۆیان لەدەستبدەن، ئیتر ئێمە توانای تێگەیشتن و دادوەری کاروباری تایبەتیمان نابێت. هەرچۆنێک بێت ئارێنت پێیوانییە کە لەدەستچونی ئەم بنەمایانە توانای دادوەری ئێمەی بەکۆتا گەیاندبێت، بەپێچەوانەوە لەولایەنەوە کە مرۆڤەکان بەتوانایان بۆ سەرلەنوێ دەستپێکردنەوە جیاکراونەتەوە، دەتوانن کەتیگۆری نوێ پێکبهێنن و پێوەری نوێ بۆ دادوەری ئەو روداوانـەی رویانداوە، ئەوانەی لەوانەیە لە داهاتودا روبدەن، دابنێن.

لەبەرئەوە بەبۆچونی ئارێنت دڕندەیی و چاوەڕوان نەکراوی تۆتالیتاریزم توانای دادوەری ئێمەی لەناونەبردوە، بەڵکو پێوەرە پەسەندکراوەکانی دادوەری ئێمە و ڕێکخستن و شیکاری و هەڵسەنگاندنەکانی ئێمەی لەناوبردوە، ئیتر ئیتیکی یان سیاسی بن. لەم دۆخەدا تەنها ڕێگەچارە پەنابردنە بەر خەیاڵە، کە ڕێگەمان پێدەدات لە دیدی گونجاوەوە لە کاروبارەکان بڕوانین و بێ سودوەرگرتن لە بنەمایەک، یان بابەتێکی گشتی لەپێشدا پێشکەشکراو دادوەری لەبارەیانەوە بکەین، بۆ ئارێنت خەیاڵ ئەو توانایە بەئێمە دەدات کە بێلایەنانە دادوەری بکەن، لەهەمانکاتیشدا نزیکی

پێویست بۆ تێگەیشتن دەستەبەر دەکات. لەم ڕێگەیەوە ڕەزامەندی ئێمە بۆ ڕاستەقینە ڕاستەقینەیەکی ماتەمینی سەدەی بیستەم بەدەست دێنێت.

بەشداری ئارێنت لە دادگایی (ئایشمەن) لە سەرەتاکانی دەیەی 1960دا، بۆ جارێکیتر ئارێنتی لەبارەی دوبارە تێڕوانینەوە لەو ڕاستیەی کەلە سەرەتادا تێڕوانینی مرۆڤی ڕەتکردوەتەوە، ئاگادارکردەوە. ئەم کەسە ئاساییە چۆن بەوشێوەیە دڕندەیی بەکارهێناوە؟ کاریگەری دادگاییەکە وای لە ئارێنت کرد، بابەتێکی تر لەبارەی دادوەریەوە پێشکەش بکات: ئەو بابەتەی ئایا ئێمە ئەو مافەمان هەیە، گریمانەی ئەوە دابنێین، کە توانایەکی مرۆڤی سەربەخۆ بێ پشتیوانی یاسا و رایگشتی، هەرکاتێک هەلومەرجێک بێتە پێش، لەبارەی هەر کردار و مەبەستێک بەشێوەیەکی نوێ و خۆویستانە دادوەری بکات؟

### - دادوەری و شنەی بیرکردنەوە

ئارێنت لە بیرنەکردنەوەی ئایشمەن سەری سوڕمابوو، چونکە لە دیدی ئارێنتەوە ئەم بیرنەکردنەوەیە بەرپرسیاری بێتوانایی ئایشمەن بۆ دادوەری لەهەلومەرجێکدا بوو، کەلە هەموو شتێک پێویستتر بووە. ئارێنت نوسیویەتی:

(ئامادەنەبوونی بیر، مەیلی منی بۆلای خۆی راکێشا. ئایا ئەنجامدانی شەڕ.... لە دۆخی لەدەستدانی نەک تەنها پاڵنەری دیکتاتۆری بەڵکو هەموو جۆرە پاڵنەرێکدا لەوانەیە ببێت... ئایا لەوانەیە بابەتی خێر و شەڕ، توانای ئێمە بۆ جیاکردنەوەی راست و هەڵە، لەگەڵ توانای بیرکردنەوەی ئێمە پەیوەندی هەبێت؟)

ئارێنت بەگرێدانی چالاکی بیر و چالاکی دادوەری بەشێوەیەکی دوولایەنە وەڵامی ئەم پرسیارەی دایەوە.

یەکەم، بیرکردنەوە - دیالۆگی بێدەنگی من و خۆم - دابونەریتی بیرکردنەوە و بنەما جێگیرەکانی ڕەفتار هەڵدەوەشێنێت، لە ئەنجامدا ڕێگەیەک دەکاتەوە بۆ چالاکی دادوەری لەبارەی کاروباری تایبەتی بەبێ یارمەتی کاروباری جیهان شمولی لەپێشدا دیاریکراو. بەوشێوەیە نییە کە بیرکردنەوە بۆ دادوەری بنەمای نوێ بەمەبەستی ریزکردنی کاری تایبەتی لەژێر فەرمانی جیهان شمولدا فەراهەم بکات، بەڵکو کۆنترۆڵی کاری جیهان شمول بە کاری تایبەتیەوە دەپچڕێنێت و بەمشێوەیە دادوەری لە وتارە توندەکانی ئەندێشە و پێوەرە باوەکانی هەڵسەنگاندن ئازاد دەکات، لە قۆناغە قەیراناویەکانی مێژوودا، ئیتر بیرکردنەوە بابەتێکی لاوەکی نییە، چونکە بە لەناوچوونی سەرجەم پێوەر و بەهاکان، ئەو هەلومەرجە بۆ تاک دەڕەخسێت، تا لە جیاتی ئەوەی لەڕێگەی کارەکان و ئایدیا گشتگیرەکانەوە کێش بکرێت، بۆخۆی دادوەری بکات.

دوەم: ئەو شێوازەی ئارێنت تێیدا چالاکی بیرکردنەوە بە دادوەریەوە گرێدەدات نیشاندانی ئەوەیە، کە بیرکردنەوە بەهێنانەدی دیالۆگی من و خۆم، ویژدان وەک بەرهەمێکی لاوەکی راستدەکات. ویژدان بەپێچەوانەی دەنگی خودا هیچ کارێکی ئیجابی ناکات، تەنها پێماندەڵێت چی نەکەین، لە کارو بەرکەوتنەکانماندا لەگەڵ کەسانی تر لەچی دوور بکەوینەوە و لە چی پەشیمان بین.

ئەگەر ویژدان نیشاندەری تاقیکردنەوەیەکی دەرونییە، کە بەهۆیەوە کارەکانی خۆمان هەڵدەسەنگێنین، دادوەری نیشاندەری روخساری دەرەوەی توانای ئێمە بۆ بیرکردنەوەی رەخنەگرانەیە. هەر دوو تواناییەکە بە پرسیاری راست و هەڵەوە گرێدراون، بەڵام لەکاتێکدا کە ویژدان سەرنج بۆ خۆی رادەکێشێت، دادوەری سەرنج بەرەو جیهان دەبات.

### -دادوەری و جوانناسی کانت

ئارێنت بە بەقەرز وەرگرتنی واژەی بەکارهێنراو لەلایەن کانتەوە لە رەخنەی سێهەمی خۆی بۆ ناساندنی دادوەری جوانناسی، ئەم توانای بیرکردنەوە نوێنەریە بە هزری گەشەسەندو ناودەبات. ئێستا سەرنج لەم بەرهەمە دەدەینەوە، چونکە ئارێنت تیۆری دادوەری سیاسی خۆی زیاتر لەسەر بنەمای فەلسەفەی جوانناسی کانت دامەزراند نەک فەلسەفەی رەوشتی ئەو.

لەیەکەم روانینەوە لەوانەیە ئەم هەڵبژاردەیە ئاڵۆز بێتە بەرچاو، چونکە فەلسەفەی رەوشتی و سیاسی خۆی لەسەر وردە کاری دامەزراند، نەک لەسەر بنەمای جوانناسی ئێمەی مرۆڤ، لەگەڵ ئەوەشدا ئارێنت بڕوای وابوو کە رەخنە لە هێزی حوکم، لەخۆگری فەلسەفەی سیاسی نەنوسراوی کانت بوو، هەروەها بەشی یەکەمی ئەو (رەخنەی دادوەری جوانناسی) بە بەرهەمترین بنەما بۆ دامەزراندنی تیۆرێک لەبارەی دادوەری سیاسی بوو، چونکە لە تێڕوانینی بینەری دادوەرەوە، دادوەری جوانناسی لەگەڵ جیهانی نیشانەکان کاریدەکردو توانای مەیلی لە پلەی توانای ئامانجە بینراو و بەرجەستەکراوەکان بە خاڵی دەستپێکی خۆی دادەنا، لە ئەنجامدا مێژونوس، یان بینەری دادوەر بە پەیوەندیکردن لەگەڵ روخساری تایبەتی ئەم روداوانە لەتوانایدایە تیشک بخاتەسەر تێگەیشتنی جیهانیان و لەم ڕێگەیەوە ئەوان وەک نمونەیەک بۆ داهاتوەکان بپارێزێت.

لای ئارێنت ئەوە بینەرانن کە ئیمتیازی دادوەری بێلایەنانە و بێسودیان هەیە، لە ئەنجامی ئەمکارانەوە دوو توانای هەستیار بەکاردێنن، خەیاڵ و تێگەیشتنی هاوبەش. خەیاڵ برینیە لە توانای دارشتنەوەی ئەوەی پێشتر تاک لە هزری خۆیدا هەستی پێکردوە. لەڕێگەی خەیاڵەوە دەتوانرێت

ئەو ئامانجەی ئیتر ئامادەنین دابڕێژرێنەوە، چونکە دووری پێویست بۆ دادوەریەکی بێلایەنانە فەراهەم دەکات. هەرکاتێک ئەم دووریە رەخسا تاک جێگەیەکی گرتووە، کە دەتوانێت لە تێڕوانینە جیا جیاکانەوە لەبارەی ئەم دووبارە داڕشتنەوەیە لەسەری بوەستێت و بەمشێوەیە بە دادوەری تایبەتی ئامانجێک بگات.

توانایەکیتر تێگەشتنی هاوبەشە، چونکە بێ ئەوە ناتوانن دادوەریەکانیان هاوبەشی پێبکەن یان بەسەر رەوشتە تایبەتیەکانی خۆیاندا زاڵ بن. کانت پێیوابوو بۆئەوەی دادوەریەکان متمانە پێکراوبن، پێویستە لە دۆخی تایبەتی یان تاک هزری خود بۆ بەرژەوەندی گشتی سەربکەوین، ئێمە بە پەنابردنەبەر تێگەیشتنی کۆمەڵی خود، عەقڵی تەواوی خود، توانای ئەمکارەمان هەیە.

لە ئەنجامدا پێوەری دادوەری پەیوەندی بەستنە، ڕێژەی بڕیاردان لەبارەی ئەوەی کە ئایا دادوەریەکانمان بەراستی توانای پەیوەندی بەستنیان هەیە، یان ئایا ئەوان لەعەقڵی تەواوی کەسانیتردا، جێگە دەگرن یان نەخێر؟ ئارێنت ئاماژە بەوە دەکات کە پێداگری لەسەر پەیوەندی بەستنی دادوەریەکانی مەیل و وێناکردنی گرێدراوی هزرێکی گەشەسەندو، بەسادەیی پەیوەندی لەگەڵ ئایدیای کانت لەبارەی یەک مرۆڤایەتی کە لە ئاشتیەکی پتەودا دەژی، هەیە.

ئارێنت جەختدەکاتەوە لەسەر ئەوەی (بەهۆی ئەم ئایدیایەوە کە مرۆڤەکان مرۆڤن و لە ناخی هەر مرۆڤێکدا هەیەو دەتوانن تا ئەو شوێنەی کە ئەم ئایدیایە نەک تەنها بۆ دادوەریەکانیان، بەڵکو بۆ کارەکانیشیان ببێت بەڕاستەقینە، بە خاوەن شارستانیەت یان مرۆڤانە ناوببرێن. لەم خاڵەدایە کە بکەر و بینەر یەکدەگرن، یاسای بکەرو ئەو یاسا و پێوەرەی کە بەهۆیەوە بینەر دادوەری نمایشی جیهان دەکات، دەبن بەیەک.

**- دادوەری و ژیانی کارکردن**

ئارێنت لە وتاری (قەیرانی فەرهەنگ) و (راستی و سیاسەت) نمونەیەکی دادوەری پێشکەشکرد، کە زۆر سیاسیترە لەوەی تا ئێستا پێشکەشکرا. لەراستیدا لەم وتارانەدا دادوەری وەک توانای تواناسازی کارکردنی سیاسی بۆ بڕیاردان لەبارەی ئەوەی کە کام یەک لەو جوڵانەوانەی کار لە سنوری گشتیدا بگرنە ئەستۆ لەبەرچاو بگرن، چ جۆرە ئامانجێک گونجاوتر و شایانی بەدواداچونە، هەروەها بەهۆی کاری رابوردووەوە، یان بەهۆی بڕیارەکانی پێشو کێ بە کەمتەرخەم بزانن و ستایشی کێ بکەن؟ لەم نمونەیەدا وەک توانایەکی تەواو سیاسی لە دادوەری دەڕوانرێت، واتە لە پلەی (توانای بینینی کارەکان نەک لە دیدی خودەوە، بەڵکو لە دیدی سەرجەم ئامادەبوانەوە)، هەروەها لەپلەی (یەکێک لەتوانا بنەڕەتیەکانی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی سیاسی، کە دەتوانێت ئاڕاستەی خۆی لە سنوری گشتیدا بدۆزێتەوە). تێگەیشتنی هاوبەش گرنگی جیهان وەک ئەوەی گوایە جیهانێکی هاوبەشە بۆ ئێمە ئاشکرا دەکات، ئێمە بۆ ئەم کارە قەرزارباری تێگەیشتنی هاوبەشین، کە پێنج هەستەوەرە تایبەتی و هزریەکەمان و دەرهاویشتەکانیان دەتوانن خۆیان لەگەڵ جیهانی بینراو کە ئێمە هاوبەشین تێیاندا، لەگەڵ کەسانی تر هاوبەشین ڕێکبخەن. دادوەری ئەگەر نەڵێین گرنگترین ئەوا یەکێک لە گرنگترین ئەو چالاکیانەیە تێیدا هاوبەشیکردنی جیهان لەگەڵ ئەوانیتر دەرەخسێنێت.

بەبڕوای ئارێنت متمانەبوون بە دادوەری سیاسی بە توانای ئێمە بۆ بیرکردنەوەی نوێنەرایەتیەوە گرێدراوە، واتە بیرکردنەوە لە تێڕوانینی هەر کەسێکی تر بەشێوەیەک بتوانین لە دیدی جیا جیاوە لە جیهان بڕوانین. لەوانەیە تاکەکان رای تایبەتی لەبارەی زۆر بابەتەوە دەرببڕن، بەڵام دەتوانن بە فراوانکردنی رای خۆیان بۆ لەخۆگری رای کەسانی تر، رای نوێنەرایەتی

پێشکەش بکەن. وەک ئەوەی ئارێنت دەڵێت: (بیری سیاسی وەک نوێنەرایەتی وایە. من رایەک بە لەبەرچاوگرتنی بابەتێکی گریمانەیی لەچەند گۆشە نیگایەکی جیاوازەوە، بە ئامادەکردنی رای ئەوانەی لێرە نین لە هزری خۆمدا ڕێکدەخەم، بەواتایەکیتر دوبارە دایدەڕێژمەوە... تا رای خەڵکانی زیاتر لەکاتی هەڵسەنگاندنی بابەتێکی گریمانەیی لە هزری خۆمدا ئامادە بکەم و باشتر بیر لەوە بکەمەوە، ئەگەر لە جێگەی ئەوان بومایە، چۆن هەست و بیرم دەکردەوە، توانای من بۆ بیرکردنەوەی نوێنەرایەتی بەهێزتر و دەرەنجامە کۆتاکانی من، رای من، بەهەند وەردەگیرێت.)

- **دادوەری و بەهەندوەرگرتن**

ئارێنت بەردەوام جەختی دەکردەوە کە پێکهاتەی بڕواپێکراوەکان پێویستیان بە پاناییەکی گشتیە، بۆئەوەی تاکەکان بتوانن بۆچوونەکانی خۆیان لەڕێگەی گفتوگۆ و رۆشنگەری دوولایەنە تاقیبکەنەوە. هەرچۆنێک بێت ئەو بە توندی دژی ئەو ئایدیایە دەوەستایەوە، کە پێویستە باوەڕەکان بە پێوەری راستی هەڵبەسەنگێنرێن.

بە بەراوردکردنی زۆربونی بیروباوەڕ، راستەقینە تایبەتمەندیەکی دیکتاتۆرانەی هەیە: راستەقینە ڕێککەوتنی جیهانی دەسەپێنێت، بۆ ئازادی هزر جوڵەیەکی کەم دەهێڵێتەوە، جۆراوجۆری تێڕوانینەکان لەناودەبات و دەوڵەمەندی وتەی مرۆڤایەتی کەم دەکاتەوە. لەم لایەنەوە راستەقینە دژە سیاسیە، چونکە بە لەناوبردنی گفتوگۆ و جۆراوجۆرێتی، بنەماکانی ژیانی سیاسی لەناودەبات. وەک ئارێنت نوسیویەتی: (گرفت ئەوەیە کە راستی راستەقینە وەک سەرجەم راستیەکانی تر بێ مشتومڕ دەخوازێت پەسەند بکرێت و ڕێگەی گفتوگۆ دەگرێت، لەکاتێکدا کە گفتوگۆ پێکهێنەری گرنگی

ژیانی سیاسیە. شێوازەکانی ئەندێشە و پەیوەندی کە پەیوەندیان بە راستیەوە هەیە، ئەگەر لە دیدی سیاسیەوە لێیان بڕوانرێت، دەسەڵات خوازن: ئەوان رای خەڵکانی تر هەژمارناکەن و هەژمارکردنی ئەمانە پێوەری سەرجەم بیرکردنەوە سیاسیەکانە.)

بەرگری ئارێنت لە بیروڕا و باوەڕ نەک لەژێر کاریگەری ئەو باوەڕەی ئەودایە، کە راستی جێگەیەکی بۆ مشتومڕ و جیاوازی بیرورا نەهێشتوەتەوە، بەڵکو لەژێر کاریگەری ئەم بڕوایەی ئەودایە کە تواناکانی هەڵهێنجانی ئێمە تەنها لە وتەیەکدا دەپشکوێت.

ئارێنت پێیوابوو بڕوا روخسارێکی کەم و کورت لە زانست نییە، کە لەگەڵ بەدەستهێنانی راستی دەستی لێهەڵگریت، بەڵکو بڕوا روخسارێکی جیاواز لە زانستە، کە لە ناخی هاوبیری کۆمەڵێک هاونیشتیمانیەوە سەردەردێنێت و پێویستی بە بەکارهێنانی خەیاڵ و توانای بیرکردنەوەی نوێنەرایەتیە.

ئارێنت ناخوازێت هەوڵی فەلسەفە بۆ دۆزینەوەی پێوەرەکانی جیهان شمول، یان لۆجیکی زانست و ناسین لەبەرچاو نەگرێت، بەڵکو خوازیاری لێکدانەوەی مەیلەکانی ئەوان بۆ سەپاندنی ئەو پێوەرانە بەسەر کاروبار مرۆڤایەتیەکانە، چونکە زۆربوون و ڕێژەی گرنگی ئەو لەناو دەبەن. ئارێنت پێیوایە بەسەپاندنی ئەمجۆرە پێوەرە بەواتای ئەوە دێت، کە ئیتر تاکەکان پێویستیان بە بەکارهێنانی دادوەری خۆیان، گەشەپێدانی بیرکردنەوەیان، یان پەروەردەکردنی هزرێکی گەشەسەندو نابێت، چونکە ئیتر ئەوان پێویستیان بە بیرکردنەوەی هاوبەش نییە.

پەیوەندی نێوان راستیەکان و بیروباوەڕەکان یەکێک لەو پێویستیە دوو لایەنانەیە: ئەگەر بیروڕاکان پشت بە زانیاری راست و دەست پێڕاگەیشتنی ئازاد نەبن، لەوانەیە بەدەگمەن متمانەپێکراوبن، هەروەها ئەگەر ئەوانە

لەسەر بنەمای خەیاڵ و خۆفریودان و هەڵەی خۆویست بن، ئەوکاتە ئەگەری گفتوگۆی سەرەکی هەرگیز بەهێز نابێت، لەبەرئەوە راستی لۆجیکی و دابونەریتی گشتی بۆ وتنی راستی، بۆ ڕێکخستنی بیروڕای راست و پشکوتنی گفتوگۆی سیاسی مەرجی سەرەکین، بێجگە لە ئەمانە ئەگەر تۆماری رابوردوو بە درۆی ڕێکخراو لە ناوبرابێت، یان بە هەوڵدان بۆ دوبارە نوسینەوە مێژوو بەلاڕێدا برابێت، ئەوا ژیانی سیاسی لە یەکێک لەپێکهێنەرە پێویست و پتەوکارەکانی خۆی بێبەش دەبێت.

بۆ ئارێنت دوژمنایەتی لە نێوان راستی عەقڵانی و بیروڕای پتەو هەیە، چونکە یەکەمیان ڕێگە بە گفتوگۆ و جیاوازی بیروڕا نادات، لەکاتێکدا کە دووەمیان گەشەی پێدەدات، لە ئەنجامدا بەرگری ئارێنت لە بیروڕا پێویستە وەک بەرگری لە هاوبیری سیاسی و رۆڵی بڕوا پێهێنان و ڕێگرتن لە سەرجەم بابەتە کاریگەرەکان لەسەر کۆمەڵی سیاسی دابنرێت.

### 4.تیۆری هاووڵاتی بوون

### - هاووڵاتی بوون و بواری گشتی

ئارێنت پێیوابوو بواری گشتی دوو روگەی جیاوازی هەیە، بەڵام بەیەکەوە گرێدەدرێت. یەکەم روگە بریتیە لە پانتایی نمود (نیشانەکان) پانتاییەک بۆ ئازادی و یەکسانی سیاسی، کە بە کارکردنی هاوئاهەنگ و هاوبەشی هاولاتیان بە ناوبژیوانی قسەو باوەڕپێهێنان راستدەبێت. روگەی دووەم جیهانی هەموانە، جیهانێکی هاوبەش و گشتی پێکهات و لە راستکراوەکان، ئۆرگانەکان و پانتایی مرۆڤایەتی کە ئێمە لە سروشت جیا دەکاتەوە و بوارێکی بەنزیکەیی بەردەوام و نەمر بۆ چالاکیەکانی ئێمە فەراهەم دەکات. هەر دوو روگەکە بۆ لێکۆڵینەوە لە هاولاتی بوون پێویستن، یەکەم

کۆمەڵێک پانتایی راستەکات، کە هاوڵاتی دەتوانێت گەشە بکات، دووەم رەخسێنەری پشتیوانێکی پتەوە کە پانتاییە گشتیەکانی کارکردن و هاوبیری دەتوانن تێیدا دەرکەون، بۆ ئارێنت چالاککردنی دوبارەی هاوڵاتی بوون لە جیهانی مۆدێرنیشدا گرێدراوە بە دوبارە دارشتنەوەی جیهانێک بۆ هەموان و هاوبەش، هەروەها راستکردنی پانتایی زۆر، کە تاکەکان لەناویدا دەتوانن ناسنامەی خۆیان ئاشکرا بکەن و پەیوەندی دوو لایەنە و بەیەکەوە بەستراو ببەستن.

بواری گشتی، بواری سیاسەت بەشێوەیەکی گشتی سێ تایبەتمەندی هەیە، کە بۆ تێگەیشتنی ئارێنت لە هاوڵاتی بوون سەرەکین و بریتین لە کوالێتی راستکراو، کوالێتی پانتایی (بۆشایی)، جیاوازی نێوان گرێدراوی گشتی و تایبەتی.

بۆ تایبەتمەندی یەکەم ئارێنت بەردەوام جەختی دەکردەوە لەسەر دەستکردی ژیانی گشتی و چالاکیە سیاسیەکان بە شێوەیەکی گشتی، ئەوەی کە ئەوان مرۆڤی دەستکردن، نەک سروشتی یان لەپێشدا دانراوبن. ئارێنت ئەم دەستکردیەی بە بابەتێک، کە دەبێت ستایش بکرێت دەزانی. بۆ ئەو سیاسەت دەرەنجامی زەمینەی پێشوی سروشتی مرۆڤایەتی نییە، بەڵکو دەستکەوتی فەرهەنگی بنەمای یەکەم ئەوەیە، کە تاکەکان هان بدرێن بۆ تێپەرین لە پێویستیەکانی ژیان و روخسار بەخشین بە جیهانێک بۆ چەکەرە کردنی چالاکی و گوتاری سیاسی ئازاد.

دەرەنجامێکی تر کە ئارێنت پێداگری لەسەر دەکرد، دەستکردی ژیانی سیاسی لە روو وەرگێرانی ئەوە لە هەرجۆرە پەنا بردنێکی نیورۆمانتیک بۆ تێگەیشتنی خەڵک و ناسنامەی نەتەوەیی، وەک بنەمایەک بۆ کۆمەڵی سیاسی. ئارێنت جەختی دەکردەوە کە ناسنامەی نەتەوەیی و مەزهەبی، یان

نەژادی پەیوەندی بە ناسنامەی تاکێکەوە وەک هاوڵاتی نییە، هیچ کاتێک نابێت ببێت بە بەدیل بۆ بنەمای ئەندامێتی لە کۆمەڵێکی سیاسیدا.

لای ئارێنت بەشداری سیاسی لەو ڕووەوە گرنگ بوو، کە جێگیری پەیوەندیەکانی لەسەر بنەمای مەدەنیەت و گرێدراوی نێوان هاوڵاتیانی دەڕەخساند. ئەو پێیوابوو کە پەیوەندییە سەرچاوەگرتوەکان لە نزیکی و خۆشەویستی، هەرگیز بە سیاسی نابن، چونکە ئەوانە نیشانەی جێگیریە دەروونناسیەکانن بۆ لەدەستچونی جیهانی هاوبەش. تەنها پەیوەندیە سیاسیە ڕاستەقینەکان سەرچاوەیان دۆستایەتی مەدەنی و گرێدراوییە، چونکە ئەمانە خواستەی سیاسی دێننە پێش و گەڕانەوە بۆ جیهان دەپارێزن.

دووەم تایبەتمەندی کە ئارێنت پێداگری لەسەردەکات کوالیتی پانتایی ژیانی گشتیە کە چالاکیە سیاسیەکان لە پانتاییەکی سیاسیدان و هاوڵاتیان دەتوانن یەکتر ببینن و بیروڕایان ئاڵوگۆڕ بکەن و لەبارەی جیاوازیەکانەوە گفتوگۆ بکەن، بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە بگەڕێن. لای ئارێنت سیاسەت بابەتی خەڵکانێکە کە لە جیهانێکی هاوبەشدا بەشدارن، بەشێوەیەک کە توانای دەرکەوتن و ڕێکخستنی نیگەرانییە گشتیەکان لە تێڕوانینە جیا جیاکانەوە فەراهەم دەبێت. لەدیدی ئارێنتەوە باش نییە کۆمەڵێک کەسی تایبەتمان هەبێت و جیا جیا و بێ ناو لەسەر بنەمای رای تایبەتی خۆیان دەنگ دەدەن، بەڵکو پێویستە ئەم کەسانە لەتوانایاندا بێت ببینن، لەگەڵ یەکتر قسە بکەن و لە بارودۆخێکی سیاسی گشتیدا یەکتر ببینن بەشێوەیەک، کە دەرکەوتنی جیاوازیەکان و هاوشێوەییەکانیان و گۆڕانی بۆ گفتوگۆی دیموکراتی بڕەخسێت.

هۆکارێکی تری جەختکردنەوەی ئارێنت لەسەر کوالیتی، پانتایی سیاسی چۆنێتی هاوپەیمانی کۆمەڵێک تاکی جیاواز بۆ پێکهێنانی کۆمەڵێکی سیاسیە.

ئارێنت پێیوایە ئەو هاوپەیمانێتیەی کە لەوانەیە لە کۆمەڵێکی سیاسیەوە بەدەستبێت نە دەرەنجامی گرێدراوی مەزهەبی، یان نەتەوەییە و نە دەرهاویشتەی سیستمێکی بەهای هاوبەشە، بەڵکو دەتوانرێت ئەوجۆرە هاوپەیمانێتیە لە هاوبەشی پێکردنی پانتاییەکی گشتی و کۆمەڵێک دامەزراوەی سیاسی و بەشداری لە چالاکیەکاندا کە خاسیەتی ئەو بارودۆخ و دامەزراوانەیە، بەدەست بێت.

خاڵێکی تر کە ئارێنت ئاماژەی بۆ دەکات، ئەوەیە لەو لایەنەوە کە سیاسەت چالاکیەکی گشتیە، بەشداریکردن لە سیاسەت واتە بەشداری چالاک لە گردبوونەوەی گشتی جۆراوجۆر، کە تێیدا بڕیاری کاریگەر لەسەر کۆمەڵ دەدرێت، لە ئەنجامدا ئەم پێداگریەی ئارێنت لەسەر گرنگی بەشداریکردنی راستەوخۆ لە سیاسەتدا پشت بەستوە بەوەی، لەبەرئەوەی سیاسەت پێویستی بە پێگەیەکی جیهانیە و دەتوانێت تەنها لە گردبوونەوەدا رووبدات، ئەو کاتە ئامادەنەبوون لەو گردبونەوەیەدا یەکسانە بە بەشداری نەکردن لە سیاسەتدا.

بەبۆچونی ئارێنت چالاکی سیاسی هەوڵدان بۆ گەیشتنە ئامانج نییە، بەڵکو خۆی ئامانجە. بەشداری سیاسی بەمەبەستی گەیشتنە پلەی خۆشگوزەرانی نییە، بەڵکو بۆ هێنانەدی بنەما زاتیەکانی ژیانی سیاسی وەک ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری و هاوپەیمانێتیە.

**- هاووڵاتی بوون، هۆکار، ناسنامەی بەکۆمەڵ**

گرنگە ئاماژە بەئەوە بکەین، کە یەکێک لە بابەتە مشتومڕ لەسەرەکانی گوتاری سیاسی بریتیە لە دۆزینەوەی ناسنامەیەکی بەکۆمەڵ. لەو رووەوە کە گوتاری سیاسی بەردەوام لەبارەی کارەکانەوە جیاوازی تێدایە، ناسنامەی (ئێمە) کە بڕیارە لەڕێگەی شێوازێکی کارکردنەوە راست بێت، دەگۆڕێت بۆ بابەتێکی ناوەندی. لەراستیدا بە دەستوەردان لەو جوڵانەوەیە یان ئەو جوڵانەوەیەی کارە، خواستەیەک بەنوێنەرایەتی یەک (ئێمە) تۆماردەکەین، بەواتایەکی تر ئێمە

روخسارێکی تایبەتی لە ناسنامەی بەکۆمەڵ راستدەکەین. لەم ڕووەوە کار و گوتاری سیاسی بۆ دامەزراندنی ناسنامە بەکۆمەڵەکان پێویستن.

بەتێڕوانین لە بابەتی کارایی سیاسی گرنگە تیشک بخەینە سەر ئەو پەیوەندیەی ئارێنت دەیخاتەڕوو لەنێوان کاری سیاسی بەواتای دەستوەردانی چالاکی هاوڵاتیان لە سنوری گشتیدا و بەکارهێنانی کارایی سیاسی کاریگەر. ئەم پەیوەندیەی نێوان کارو هۆکار یەکێک لە خزمەتە سەرەکیەکانی بەشداری چالاکی هاوڵاتیان. بەبۆچونی ئارێنت کاری چالاکی هاوڵاتیان بۆ دیاریکردنی کاروباری گشتی نەک بۆ ئەوان تەنها ئەزمونی ئازادی گشتی و شادییە، بەڵکو هەستی کارایی سیاسی راست دەکات.

لەدیدی ئارێنتەوە جێگرەوەی سیستمی نوێنەرایەتی پشت بەست و بە پارتە بۆرۆکراتیکەکان و پێکهاتە حکومییەکان بریتیە لە سیستمی فیدراسیۆنی ئەو ئەنجومەنانەی هاوڵاتیان لە ڕێگەیانەوە بتوانن بەشێوەیەکی کاریگەر کاروباری سیاسیان دیاری بکەن، بە بۆچوونی ئارێنت تەنها ئامڕازی بەشداری راستەوخۆی سیاسی، واتە لەڕێگەی بەشداری لە کاری هاوبەش و هاوبیری گشتیەوەیە، کە دەتوانرێت هاوڵاتی بوون بسەلمێنرێت و کارایی سیاسی بە شێوەیەکی چالاک بێنەدی.

# راپۆرتی ئارێنت لەبارەی بارودۆخی مرۆڤ 1958

لە فارسییەوە: مەجید مارابی

ئەوەی کە لەم بابەتەدا باسی دەکەین، راپۆرتی هانا ئارێننە سەبارەت بە بارودۆخی مرۆڤ، کە شەش بەش لەخۆ دەگرێت لەوانە: دۆخی مرۆڤ، سنوری گشتی و سنوری تایبەتی، زەحمەت، کار، کردار، تۆڕی ئاڵۆزی پەیوەندی و چیرۆک گەلێک کە جێبەجێدەکرێن، لە کۆتاییدا تەرخانکردنی ژیان بۆ کردار و سەردەمی مۆدێرن.

بۆ ناساندنی تێکڕای ئەم بەرهەمە، لە کورتترین وتەدا، دەتوانرێت بوترێت هەوڵێکی هاوبەشە لە گوتاری «رەخنەی مۆدێرنێتە» کە لە سەردەمی ئارێنت(نیوەی دووەمی سەدەی بیست) بە شێوەی جدی دەستپێکردبوو. لەو رووەوە سروشتییە ئەگەر ئەو بابەتانەی لەم کتێبەدا لە روانگەی ئارێنتەوە گەڵاڵەکراوە، لەپێناو روونکردنەوەی شکستی مۆدێرنیتەدا لەکاردابێت.

بەڵام ئەوەی لەم باسەدا بەدواداچوونی بۆ دەکەین، چڕبوونەوە لەسەر روانگەی رەخنەگرانەی ئارێنت لە مۆدێرنێتە یان بەرگریکردن لەو نییە، بەڵکو تاوتوێکردن و پێشکەشکردنی نمونەگەلێک لە «گوتار - روانگەی» فەلسەفی ئارێننە لەبارەی «کردار»، «زەحمەت»، «کار»، سنوری تایبەتی»، «سنوری گشتی». بارودۆخێک کە لە روانگەی ئەوەوە بە ئاوابوونی مرۆڤی مۆدێرن و جیهانی مۆدێرنێتە، بەرەو نابودی دەچێت.

رەنگە واگونجاو بێت ئەم نوسینە لێرەوە دەستپێبکەم، کە ئارێنت لە سەرەتای باسەکەیدا، بۆ فۆرم بەخشین بە «جیهان»ی دەستکردی مرۆڤ، پێگەیەکی گرنگ بە «سنوری کردار»، «بەشداری ئەوی دیکە»، چەمکی

«مرۆڤ» دەدات، چونکە نە «کردار» واتا ئەو چالاکیەی کە لە روانگەی ئارێنتەوە، مرۆڤ دەگەیەنێتە پلەی مرۆڤایەتی، دەتوانێت لە تەنیایی و لە گۆشەگیریدا سەرهەڵبێنێت، نە بونیاتنانی جیهانی خولقێنەری مرۆڤیش بەبێ مرۆڤی شایستەی کردارو هاوڕێیەتی بوونی ئەوانی دیکەیە سەرهەڵدێنێت، بەو جۆرەی کە دەڵێت: «هیچ جۆرە ژیانێکی مرۆڤ، تەنانەت ژیانێکی گۆشەنشین، کە لە پانتایی سروشتدا جێی گرتووە، بەبێ جیهانێک کە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە سەربوونی ئەوانی دیکە شایەتی دەدات، مومکین نییە. تێکڕای چالاکییە مرۆییەکان بەندە بەو راستیەوە کە مرۆڤەکان پێکەوە بەسەر دەبەن، بەڵام تەنها کرداریە کە لە دەرەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤەکان تەنانەت شیاوی وێناکردنیش نییە»(ل 65 66-).

جەختنکردنەوەی ئارێنت لە سەر «بەشداری ئەوانی دیکە»، سنوری باسەکە بە واتای مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی سیاسی، یان بە پەیوەندیەکانی بەستراو بە پەیکەرەی سیاسیەوە گرێدەدات، هەڵبەت بە سەرنجدان بە خوێندنەوەکان، هۆگری و گرنگیدانی مێژوویی تایبەتی ئەو بە دەوڵەت شارەکانی یۆنان و رۆمای کۆن، وەکو سەرچاوەی نمونەیی، سروشتیە کە رەوتی باسەکە بە واتای دەسەڵاتی گشتی و تایبەتی و جیاوازیەکانی نێوان ئەوان، لە روانگەو ئاسۆی دەوڵەت شارەکانی یۆنانی و رۆمایی دەکێشرێت، بە جۆرێک کە بتوانرێت هەر دوو چەمک لە دڵی رێژەیەکەوە دەربێنێت، کە لەگەڵ «قەڵەمرەوی کردار»(کە هەمان کرداری سیاسیە)، بناسێنرێت. ئێستا بەردەنگی(گوێگری) مۆدێرن بە «کردار»، نەک لە جیهانی واقعی و رۆژانەیدا، بەڵکو ئەو جۆرەی کە لە بنەمای وشیاری سیاسی یۆنانی و رۆمایی بە واتای بونیاتنانی کاروباری جیهانی هاوبەش لە پێشدا بوونی هەیە، ئاشنا دەبێت. جاروباریش بەهۆی راپۆرتەکەی ئارێنتەوە، بەردەنگ تێدەگات کە «سنوری تایبەتی» یۆنانی، یان

ڕۆمایی تەنها بە نیسبەت سنوری گشتی هاوبەشی ئازادیخوازان لە کۆماریدایە، کە راستدەکرێت، ئەویش تەنها لە چەمکی «چۆڵگە» و شوێنی حەسانەوەی ئەوان یان بەناو گۆشەیەکی هێمن و ئارام کە بە دوور لە کێشەو سەرقاڵی «کۆماری» (یان هەمان بابەتە گشتیەکان»، دوای ژیانی تایبەتی خۆی بکەوێت، بەڵام تەنها لە ژێر ناوی «خەڵوەتگە» و نە زیاتر، بەو جۆرەی کە ئارێنت دەیڵێت، لە روانگەی پیاوانی بە ناو ئـازادەوە، مرۆڤێک کە تەنها ژیانی تایبەتی هەبوو، مرۆڤێکی تەواو نییە: «مرۆڤێک کە وەکو کۆیلەکان رێگەی پێنەدرابوو بچێتە ناو سنوری گشتیەوە، یان وەکو بەڕبەڕەکان نەیویستبوو وەها سنورێک دامەزرێنێت، مرۆڤی تەواو نەبوو»(ل 80).

ئارێنت لەو بڕوایەدایە، کە لە پرۆسەی چەند سەد ساڵەی سەردەمی مۆدێرندا، « مرۆڤی بە کردار و راستکەری جیهان» لەگەڵ بارودۆخێک رووبەڕووبووەتەوە، کە لە«پەیوەندی عەینی لەگەڵ ئەوانی تر» بێبەش بووە. بە جۆرێک کە بە سەرنجدان بە بەڵگە تەریبکراوەکانی سەردەمی کۆنی یۆنان و رۆما، مرۆڤ چەمکی»تەواو»ی خۆی لە سەردەمی مۆدێرندا لە دەستداوە، ئیتر توانای گرتنە ئەستۆی جیهانی هاوبەشی خۆیی نییە، وەها مرۆڤێک لە روانگەی فەلسەفەی هانا ئارێنتەوە بە شێوەی »دیاردەی جەماوەری تەنها گۆشەگیر»ی لێهاتووە. ئەو دەرکەوتەی کۆمەڵگەیەکە کە لە بری سنوری بەشدارانەی گشتی، لە ژیانی تایبەتی  خۆیدا سنوردارکراوە، واتا بێبەشە لە روانگەی کەسانی دیکە و بیستنی قسەکانیان (ل 103 و 104)، ئەوەی کە ئەو بێبەشکردنە لە جیاتی مرۆڤی بەکردار جێگیری دەکات، ئاژەڵێکی زەحمەتکێشە (animal laborans) (ل 148).

لە ئێستادا ئارێنت بە بەکارهێنانی تەمومژاویانەی تیۆرییە ئابوری و سیاسیەکانی مارکس و دەستکاریکردنی وشەی «کار»، گۆڕینی بۆ «زەحمەت»

و ئێكدانی سنوری چەمکی جێی باسی مارکس لە «کار»، رووونکردنەوەی فەلسەفی خۆی تایبەت بە دابەزاندنی پلەی مرۆڤی مۆدێرن لە مرۆڤی بە کرداروە و بۆ»ئاژەڵی زەحمەتکێش» ئاوتوێدەکات. ئەو دەڵێت:»کۆمەڵگە جەماوەرێکی پێکهاتوو لە زەحمەتکێشان، وەکو ئەوەی لە مێشکی مارکسدا بوو، کاتێک کە لە «مرۆڤی کۆمەڵایەتیەوە» قسەی دەکرد، پێکهاتووە لە نمونەگەلێکی بێ جیهانی جۆری مرۆڤ، کە چ کوێلەکانی ناوماڵ بن، کە توندوتیژی ئەوی دیکە ئەوانی توشی ئەو دۆخە نالەبارە کردوە، یان ئازادبن و بە ئیرادە و خواستی خۆیان کارەکانیان ئەنجام بدەن» (ل 181).

ئارێنت بە ئێگەیشتنێکی کەمخوازانە کە لە «کاری» مارکس هەیەتی، بۆ «زەحمەتی» دادەبەزێنێت. دوای ئەو بە «مرۆڤی شایستەی کردار»ی یۆنانی بەراوردێکی هاوتەریبی دەکات، بۆئەوەی دابەزینی پلەی مرۆڤی مۆدێرن «شایستەی زەحمەت» بەرجەستە بکات، بەڵام راستی ئەوەیە کە ئەگەر مارکسیش بەبێ لەبەرچاوگرتنی دۆخی مادی جیهانی راستەقینە، تەنها لە دنیای تیۆریدا بە هەڵە «زەحمەت»و «ئاژەڵی زەحمەتکێشی» لە بری مرۆڤی شایستەی کرداری یۆنانی بەرز بکردایە، ئایا ئەوە بەو مانایە دەبێت، کە لە جیهانی راستەقینەدا یەخەی مرۆڤی راستەقینەی گرتبێت، مارکس و باسە تیۆریەکانی ئەو لە بەرزکردنەوەی »زەحمەت»دایە؟ بە واتایەک ئایا تەواوی کوێرەوەریەکانی مرۆڤی پلە دابەزیو، پەیوەندی بە ناسین و تیۆری ماتریالیستی مارکس، یان ئابوری سیاسی ئادام سمیسەوە بووە! هەرچۆنێک بێت ئارێنت لە رووونکردنەوەی بۆچوونی لەپێشدا رووونکراوەی خۆیدا، بە دوای ئەو باوەڕەوەیە کە سەردەمی مۆدێرن بە گشتی و مارکس بە تایبەتی، ئەو مەیلە خۆرانەگرەیان هەبوو، کە هەر زەحمەتێک بە چاوی کارەوە ببینن و ناوێک بۆ ئاژەڵی زەحمەتکێش دابنێن، کە زیاتر شیاوی مرۆڤی بونیاتنەرە(ل 150).

بەڵام سەرنجڕاکێش ئەوەیە، کە ئەمە هەر هەمان بابەتە کە مارکس بەرامبەری بە توندی ناڕازی بوو، چونکە لەو رووەوە کە ئەو «کاری هوشیاریدەرانە و مێژوویی» بە توخمی سەرەکی خولقێنەری و داهێنەرانەی مرۆڤ دەزانێت، رووداوەکانە ئاشکراکردنی کاروباری ئەو دیاردانە کە بۆنەی سەرمایەداری لە پرۆسەی «لە خۆنامۆبوونی کار»، نەهێشتنی هۆشیاری چینایەتی (یان هەمان وشیاری بەرامبەر بە «کردار» لە ئەدەبیاتی ئارێنتدا)، خولقێنەری سەرەکی ئەوان بووە، بەڵام جیاوازی گەورەی مارکس لەگەڵ ئارێنت کە بە دەستکاریکردنی چەمکی بنەڕەتی و پەرەسەندوی»کار» بە سێ بەشی کردارو کار و زەحمەت دەست پەیدادەکات لەوەدایە کە مارکس بە تێگەیشتنی جیایی هەڵنەگری خۆی لەم دۆخی سەرچاوەگرتووە لە بوونی کۆمەڵایەتی، هەروەها تێگەیشتنی ئامانجدارانە لە «کاری مرۆیی» نەک هەر بە کەلێنی نێوان تێڕوانینی عەینی - زهنی، یان چینی ئاغا و ژێردەستە ماڵ ئاوای دەکات، بەڵکو بە پێشوازی رەخنەگرتن لە جیهانی سەرمایەداری و کاڵایی بوونەوەی هێزی کار دەچێت، بەم جۆرە بەسەر ئەشرافیەتی دوالیزمی ئەندێشەی زەین و جەستەو یان عەین و زەین زاڵ دەبێت، بە واتا بەوجۆرەی کە ئارێنت وەبیری دەهێنێـەوە، نەک هەر مارکس جیاوازیەک لە نێوان کاری تایبەتی و ناتایبەت و کاری فیکری یان زەینی و دەستی دانانێت، بەڵکو لەو سەردەمەدا، ئابوری سیاسی پشێوانی چینی بۆرژوازی کلاسیکیش هەم شەرعیەتێکە بۆ ئەو جیاوازیە و هەڵبەت لە پێناو چەوسانەوەی پسپۆڕان، یان کرێکاران بە ناو زەینیدا دانانێت. لەم رووەوە لەسەر ئەو باوڕە بوو، کە هەر چالاکیەک پێویستی بە هەندێک لێهاتوویی هەیە. بۆچوونێک هەبوو کە پێیوابوو «جیاوازی»، پەیوەندی بە چالاکیە جۆراوجۆرەکانەوە نییە، بەڵکو تەنها پەیوەندی بە هەندێک قۆناغ و چییەتی

هەریەک لەوانەوە هەیە(ل 151)، بەڵام پێویستە جیاوازیەک شیبکەینەوە کە لە نێوان تێڕوانینی ئابوری سیاسی ئارێنتدا بوونیان هەیە و ئەو دەرینەبڕیوە، چونکە مارکس لە ڕێگای کاری بە کاڵا کراوەوە (شمەکێکی شیاوی کڕین و فرۆشتن) کە بنەمای بۆچوونی ئابوری سیاسیە، بناغەی تیۆری ڕەخنەگرانەی» لەخۆنامۆبوون» دەخاتەڕوو.

هەرچۆنێک بێت بەکاڵاکردنی «کار» و چەواشەکردنی لە بوونی کۆمەڵایەتی مرۆڤ(بە واتای هێزی بونیاتنەر، خولقێنەر و پەیوەندی)، لە بەرامبەردا گۆڕینی بە «هێزی» تۆخمی میکانیکی بەرپاکردنی جیهان لە لیژنەی شارەکان، ڕێگاکان، کارگەکانی بەرهەمهێنان، هەروەها زۆرێک لە دامەزراوە بۆرۆکراتیکەکان لە قوتابخانەکان، نەخۆشخانەکان،... ، دەرفەتێکی بێوێنەی بۆ چەسپاندنی دۆخی خاوەن دەسەڵاتەکان و سامانی سەرمایەداران لە قەڵەمڕەوی گشتی و دۆخی بەرهەمهێنانەوەیدا پێکبهێنێت. بەم پێیە نهێنی سەرکەوتنی بـۆرژوازی لە لەخۆنامۆبوونی کار و چەوساندنەوەی توێژە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتیەکاندایە، کە لە وێناکردنی ئابستراکتی ئارێنت لە هەڵگێڕانەوەی بۆچوونی «زەحمەت» و گۆڕینی بە «مرۆڤی شایستەی کردار»، یان «مرۆڤی بونیاتنەر» بە «ئاژەڵی زەحمەتکێش»، وەکو تایبەتمەندی بەرجەستەی سەردەمی مۆدێرن(ل 441)، بەڵکو لە پەیوەندی مادی و فۆرمدان بە «هۆشیاری ناڕاستدان» کە (تەنانەت بۆ راستکردنی ئاژەڵی زەحمەتکێشی ئارێنت) لە ڕێگای پرۆسەی لەخۆنامۆبوونی کارەوە پێویستە، بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێش بەردەوامی ئەم پرۆسە دڵخوازەی جیهانی سەرمایەدارییە کە لە فەلسەفەی ئارێنتدا، بە شێوەی نەخوازراو دەتوانێت ڕووبدات، چونکە ئەو لەبری ڕەخنەگرتن لە بوونی کۆمەڵایەتی - سیاسی سەرمایەداری، هەنگاو بەرەو ڕەخنەیەکی تەواو فەلەسەفی بە مەیل و

ئارەزوی دەرونی (لە بەرامبەر جەستەیی)، هەروەها بە پێشوازیکردن لە نوێکاری «کار» واتا جیاکردنەوە و گۆڕینی بوونناسانەی بۆ زەحمەت، کردارو کار، لە راستیدا بە رێڕەوێکدا دەڕوات، کە سەرمایەداری سەرەتایی نیولیبراڵ لەدەستپێکی یەکەم هەنگاوەکانیدا لە دەیەی (60) پێویستی پێیەتی: بە جیهانی کردنەوەی مرۆڤ و سوککردنی قەڵەمڕەوی گشتی، ئەگەر بزانین کە یەکێک لە کەرەستەکانی کۆنترۆڵکردنی بێ کەم و کۆڕی دامەزراوە سیاسی - کۆمەڵایەتیەکان لە سیستمی سەرمایەداریدا، بێ مەیلکردن (کۆنترۆڵکراو) لە بەشداری سیاسی - کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنانەوەدایە، ئەو کاتەیە کە لە گرنگی قەڵەمڕەوی گشتی و دژە بەهای ئەو لە بەرامبەر دەسەڵاتی سەرمایەداریدا (لە هەر وەفدێکدا بێت) تێدەگەین. هەرچۆنێک بێت رێک لەو کاتەدا، واتا لە سەروبەندی دەیەی (1960)دایە، کە سەرمایەداری لە فۆرمبەندی نوێ و بەرهەمهێنانەوەی خۆیدا، لە ئەزمونکردنی دابڕان لە سیستمی «دەوڵەت نەتەوە» لەلایەک و بەهرەمەندبوون لە بچوکبوونەوەی قەڵەمڕەوە جۆگرافیەکان لەلایەکی دیکە، لەم قۆناغە مێژووییەدایە، کە ئارێنت بە باشی دەزانێت، بۆئەوەی لە مرۆڤی مۆدێرن و گەڕانەوەی ئەو بۆ خۆی قسە بکات.

لە بواری خوێندنەوەی مێژوویی، بە رواڵەت زۆربەی کاتەکان ئەوەی کە بۆ ئارێنت گرنگی هەیە، سەرباری شەیدایی ئەو بەرامبەر بە رێکخراوی کۆمەڵایەتی - سیاسی یۆنان و رۆمای کۆن، کەم بایەخکردن یان لە بەرچاونەگرتنی هەوڵە رزگاریخوازانەکان کە بۆ فۆرمدان بە سەردەمی مۆدێرن (وەکو سەردەمی ئازادی دەسەڵاتی کڵێسا، یان دەسەڵاتی پاشایەتی)، بەدیهاتووە. ئەو هەوڵانەی کە بۆ نمونە لە سەدەکانی ناوەڕاست (حکومەتی پاپاکان و دەسەڵاتی کڵێسا) و سیستمە پاشایەتیەکان و ئەرستۆکراتی لەلایەن

گروپە کۆمەڵایەتییە بێدەسەڵاتەکان، لە ژێر ناوی بۆرژوازی روویدا، بۆ ئەوەی خۆی بگەیەنێتە بواری گشتی کە تێیدا دەسەڵات و سامان لەلایەن کڵێسا، شا و ئەشرافیەتەوە بلۆککراوە، لە وەها ساتێکی مێژوویدا شایەتی هەوڵی گروپە تازە سەرهەڵدراوەکانین، بۆ ئەوەی بە هاوکاری «زانست» یان «کار»، چەمکێکی نوێ لە مرۆڤی کۆمەڵایەتی راست بکەن، بۆ ئەوەی سود و سودگەرایی، جێگەی «باوەڕ» بگرێتەوە. بەم پێیە ئەوەی ئارێنت بە تێڕوانینی خۆی لە «سودگەرایی» و «شتگەرایی» فەرامۆشی کردوە، چ پێشتر و چ لە ئێستای سەردەمی مۆدێرندا بە تێڕوانینەکانی خۆی زیادیان بکات دۆخی رزگارییەخشی هەر یەک لە چەمکەکان و رۆڵی کۆمەڵایەتی ئەوانە، تەنانەت ئەگەر ئەو هەوڵەش لەخۆڕایی بێت یان لە بەرژەوەندی بۆرژوازیدا بشکێتەوە، دیسان گومان دەکرێت بیرهێنانەوەی ئەم بابەتە بۆ بەردەنگ هەنوکە بێت، بە هەرحاڵ سڕینەوە، یان لەبەرچاو نەگرتنی «بوونی کۆمەڵایەتی» وەها چەمکێک باسەکە دەکێشێتە جیهانی ئابستراکت و یارمەتیەک بە ناسینی راستەقینەی مەسەلە مرۆییەکان ناکات.

ئارێنت لەوبڕوایەدایە «مرۆڤی مۆدێرن کاتێک کە جیهانەکەی تری لە دەستدەدا، ئەم جیهانەی بە دەست نەهێنا، ئەگەر بمانەوێت بە وردی قسەبکەین، لە ژیانیشدا دواخرا رەوانەی مەیدانی دەرونی داخراوی دەرون بڕوا کرا، کە تێیدا خراپترین شتێک کە دەیتوانی ئەزمونی بکات پرۆسە بێناوەڕۆکەکانی هەڵسەنگاندنی زەین و گەمەی زەین لەگەڵ خۆیدا بوو»(ل 457).

لە راستیدا وتەکانی ئارێنت دوپاتکردنەوەی چەندین جارەیە سەبارەت بە بێ جیهانی بوونی فەلسەفەی مۆدێرنە کە هەر جارە بە جۆرێک بە ئاگاداری دەگەیەنێتەوە (ل 426)، ئەمجارە لە رێگەی گەڵاڵەکردنی «گەمەی

زەین لەگەڵ خود»، واتا پرۆژەیەکی وەرگیراو لە کانت و بیرمەندانی پێشەنگی سەدەی مۆدێرن، ئەو پرۆژەیەی کە بە بەردەوامی ئامادەیە تا بە وتەی ئارێنت، مرۆڤ لە بەرامبەر «ناسین» و دڵنیایی، لەناکاو بەو گومانە بیگرێتەوە کە»سەروکارمان تەنها لەگەڵ پرۆژە و نمونە زەینیەکانی خۆماندا بوو» (ل 418)، بەڵام ئێستا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە، ئایا دەتوانرێت بەبێ جیهان، قسە لە نمونە زەینیەکان بکرێت؟ باشتروایە وردتر قسەبکەین، ئەگەر بەو جۆرەی کە ئارەنت دەیڵێت، پەیوەندی نێوان تێفکرین و ئەزمونی هەستی، گەوهەری دۆخی مرۆڤە(ل 419)، ئایا دەتوانرێت ئەم «گەوهەرە» لە دەرەوەی جیهان وێنا بکرێت؟ بە دڵنیاییەوە وەڵام نێگەتیڤە، چونکە تێکڕای بۆچوونی نەرێنی و دواخراوی ئارێنت لە «جیهان»مەندی مرۆڤ، خۆی هۆکارێکە بۆ رۆڵی راستەوخۆ و بەهێزی ئەم جیهانە(بۆ ئەوەی ئەو وەک کاردانەوە، ناچار بە وەها دەرەنجامێک بکات) جیهانێک کە بە هۆکاری ناکامڵ بوونی لە بەرزکردنەوەی دۆخی مرۆییدا، لەلایەن ئارێنتی فەیلەسوفەوە پشتگوێ خراوە، بەم پێیە بێ جیهان بوونی مرۆڤی مۆدێرن تەنها لە ئاستی خواستێکی نەرێنیانەدایە، بەو واتایەی کە لە دنیای واقعیدا ئەو وتەیە بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت راستی هەبێت، بەو جۆرەی کە بە پێچەوانەی وێناکردنەکانی ئارێنت، رزگاری چینی زەحمەتکێش لە ئەدەبیاتی مارکسدا، نەک تەنها» رزگاری لە زەحمەتە» یان تەنانەت رزگاری لە «زەڕورەت»(ل 194)، بەڵکو تەنها خواستێکی «شۆڕشگێڕانە و خەباتکارانەیە» لە دژی هەر چەشنە ستەم و چەوسانەوەیەکی «کۆمەڵایەتی» یان هەر شتێکی دیکە، کە هەڕەشە بێت بۆ سەر «ئازادی» و گەشانەوەی مرۆڤ دەژمێردرێت، تەنانەت ئەگەر هەڕەشەیەک لەلایەن «سیستمی سروشتەوە»بێت.

تێگەیشتنی ئەم بابەتە کە ئارێنت بە لەبەرچاوگرتنی هەندێک لە تێڕوانینەکانی «مارکس»، ئایدیا فیکریەکانی خۆی لە کتێبی دۆخی مرۆڤدا رسکاندوە، زۆر گرنگە. ئەم وتەیە بە هیچ شێوەیەک بە واتای لاساییکردنەوە، یان داهێنەرنەبوونی ئەندێشەی ئارێنت نییە، بەڵکو دەربڕی گرنگی بیرۆکەی مارکس لە پەروەردەکردنی روانگەی رەخنەیی مۆدێرندایە. بەم پێیە ئێمە لەگەڵ نەوەیەک لە فەیلەسوف و بیرمەنداندا بەرەوڕووین، کە لە ژێر کاریگەری تیۆری و بۆچوونەکانی مارکسدان، بەڵام ئەوەی کە چۆن ئەو پرۆسەی کاریگەریدانانە فۆرمی گرتووە، پێدەچێت لەلایەک پەیوەندی بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی - مێژووی و لەلایەکی دیکەش پەیوەندی بە پاڵنەرە فیکری و کەسیەکانی بیرمەندانەوە هەبێت لەسەر ئەم بنەمایە لەپەیوەند بە پرۆسەی کاریگەری دانانی تیۆریەکانی مارکس، لەسەر بیرۆکەی ئارێنت، دەتوانین ببینین کەئەو لە سێبەر و پێبەپێی ئەندێشەکانی مارکس، کە لە روناکیدایە، بەرەو لای «دەرونگەرایی» دەڕوات. هەنگاوێک کە بە هۆی بارودۆخی مێژوویی و کۆمەڵایەتی سەردەمی ئارێنت، گوتاری رەخنەگرانەی خۆرئاوا پێکدەهێنێت. بۆچی؟ لەوانەیە لەو رووەوە بێت کە دەبێت لە نێوان دوو جەنگی جیهانیدا، کە بە مەودای کەمتر لە نیو سەدە لە ئەوروپای پەروەدەکراودا شکڵی گرتبوو، وەڵامبداتەوە، جگەلەوەش دەبوایە وەڵامی قەیرانی ئابوری - سیاسی کە ئەوروپای بە تەواوەتی هەژاندبوو، هەروەها بە کارەساتی ترسناکی «رەگەزکوژی» دژە جولەکە وەڵامی بدایەتەوە، کە بەرۆکی ئاکار و شارستانیەتی ئەوروپای بە شێوەیەکی قەرەبوو هەڵنەگر لە جەنگی جیهانی دووەمدا گرتبوو، هەروەها وەڵامدانەوە بە سەدان مەسەلەی گەورە و بچووکی دیکە، کە خۆی بەسە بۆ ئەوەی «فەیلەسوفی ئەوروپی» بەرەو گوتارێک لە سەرتاسەری ئەوروپا بانگهێشت بکات.

بەم پێیە «ڕەخنەی مۆدێرنێنە»، لەم ساتە مێژوویی - کۆمەڵایەتیە تایبەتیەدا، وەک تۆمارکردنی داوایە لە دژی عەقڵانیەت، ڕوانگەو شێوە ژیانی ئەوروپی، کەواتە بەجۆرێک پێداچوونەوەی مێژووییە بە خود دا لە «کۆمەڵگەی ئەوروپی»، چونکە دەتوانرێت بەهەمان ڕادە کە بەرامبەر بە عەقڵانیەتی مۆدێرن ڕەشبین بوو، ڕاستەوخۆ ئەوی ئاراستەی کۆمەڵگە و دەوڵەتی ئەوروپی کرد، یان بە پێشینەکانی مارکس، ئەوی ئاراستەی ئۆرگانیسمی سەرمایەداری کرد.

هەرچۆنێک بێت ئارێنت بە دانانی خۆی لە سێبەر و بەکارهێنانی کەرەستەکانی ناسینی مارکس و هەوڵدان بۆ دەرهێنانی ئەوان بە شێوەی دڵخواز، پێبەپێی تیۆرییە مارکسیەکان بە ڕاستکردن و سوارکردنی تیۆریە ڕەخنەیەکانی خۆی، سەبارەت بە چەمکەکانی کار، لەخۆنامۆبوون و»مۆدێرنیتە» سەرقاڵ دەبێت، بەڵام لەو ڕووەوە کە شەرمەزاری «مۆدێرنیتە» و عەقڵانیەتی بەناو «تۆتالینێری» ئەوە، لە بری ڕەخنەگرتن لە سەرمایەداری تۆتالیتار و بە جیهانی بووە کە لە هەناوی قەیرانە ئابوریەکانی دەوڵەتی بۆرژوازی نەتەوەیی سەریدەرهێناوە (بە ئارەزویی ئێرنەبوو تەنانەت هەوڵی خواردنی دەسکەوتەکانی سەرمایەداری پێشوش واتا ئۆرگانەکانی دەوڵەتی نەتەوە، کۆمەڵگە و تاکێتی بۆرژوازیشیدا)، ڕووی هێنایە ڕووانگەی نیوە عیرفانی - فەلسەفی.

ئێڕوانینێک کە لە ڕابوردوودا بە بەردەوامی لە مێژووی فیکری مرۆڤدا، ئامادەبوونێکی تایبەتی لە ڕەتکردنەوەی «جیهانی ئێستا» هەبووە و لە سەردەمی مۆدێرندا لەگەڵ یەکەم سەرشۆڕی مێژوویدا بەرامبەر بە مۆدێرنیتە، ڕێگای چوونە ناو جیهانی نوێیشی دۆزیەوە. واتا لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەوە کە خاڵی وەرچەرخانە فەلسەفیەکەی (وەکو کاردانەوەیەک

بەرامبەر بە قەیرانی سیاسی - کۆمەڵایەتیەکان) دەگەڕێتەوە سەردەمی ڕۆمانتیزم، ئەوەش لە کاتێکدایە کە مارکس(لە پلەی یەکێک لە هیگڵیە گەنجەکان کە دەستیدایە ئاوژوکردنی بۆچوونەکانی هیگڵ) لە گۆڕەپانی خەباتی فەلسەفی خۆیدا بە دروشمی»گۆڕینی جیهان» لە بری «شرۆڤەکردنی جیهان»، لە بەرامبەر ئەو بۆچوونەدا وەستا، چونکە لە دەزگای فەلسەفی مارکسدا، ئێمە هەرگیز ڕووبەڕووی «جیهان» وەکو خۆی نابینەوە، بەڵکو ڕووبەڕووبوونەوەی ئێمە لەگەڵ جیهان، لەڕێگای «مرۆڤێکەوە» ڕوودەدات کە لە ڕێگای بوونی کۆمەڵایەتیەوە ڕاستی دەکات. ڕەنگە سەرنجراکێش بێت بزانین تێکڕای سیستمی فەلسەفی مارکس دەتوانین هەر لەم واتایەدا ببینین و لێی تێبگەین، چونکە کلیلی چوونەناوەوە، لە پشت چەمکی مرۆیی و جیهانیدا شاراوەتەوە کە لە «بوونی کۆمەڵایەتی»یدا دەخولقێت: ئەو بوونە سیستماتیکەی کە شێوەی پەیوەندی «بەرهەمهێنان»ی ئەو، ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە پێناسەی مرۆڤ و جیهاندا هەیە.

بەڵام بەوجۆرەی کە دەیبینین، هەڵبژاردنی ئارێنت، بەهۆی پشتکردنی لە ململانێی حاشاهەڵنەگری قەیرانە سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، کە تێیدا سامان و دەسەڵات و شێوازی دابەشکردنی، لە نێوان گروپە کۆمەڵایەتیەکان قسەی یەکەمی (بەدڵنیایەوە جاروبار لە دەربڕینێکی توندوتیژدا)دەکات، لە کۆتاییدا بەرەو کشانەوە لە جیهانی کرداریی، تەنانەت دواخستنی کارو بونیاتنان هەنگاو دەنێت، کە بە وەرگرتن لە خۆی دەتوانین بڵێن بەرەو شوێنی تیۆریدانان کۆچ دەکات، شوێنێک کە پێدەچێت ئەو دیوی دراوی» ئاژەڵی زەحمەتکێش»و جێهێشتنی مرۆڤە لە خۆیدا، کە ئەگەرچی «وەکو» ئەگەر) بۆ ئاژەڵی بەناو زەحمەتکێش نائاشنایە، بەڵام بۆ بیرمەندو فەیلسوفی ڕەنجاو و بێ هیوا لە جیهان بە ڕواڵەت و بە

بەردەوامی ئامادەیە، چونکە لە ئاستێکی دیکەدا، وەکو کاردانەوەی جەستە بەرامبەر بە ئازار، کە مرۆڤ بەرەو خۆی دەگەڕێنێتەوە، بیرمەندیش دەخاتە خۆیەوە و لە جیهان بەتاڵی دەکات. ڕەنگە خراپ نەبێت لێرەدا وتەکەی خودی ئارێنت بەکاربێنن، سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئازارو زەحمەت و بەراوردکردنیان لەگەڵ جیهان و بێ جیهانیدا: «تەنها چالاکیەک کە بە ڕێک و پێکی لەگەڵ ئەزمونی بێ جیهانی یان، بە دەربڕینێکی وردتر، بە لەدەست چوونی جیهان لە حاڵەتی ئازاردا، چاودێریان لەسەر یەکتر هەیە، چالاکی زەحمەتکێشانە کە تێیدا جەستەی مرۆڤ، سەرباری چالاکبوونی، بەرەو خۆی دەکشێتەوەو دەگەڕێتەوە بۆ خۆی، جگە لە زیندووبوون لەسەر هیچی تر چڕنابێتەوەو لە گەمارۆی گۆڕانە ناوخۆیەکانی خۆیدا، لەگەڵ سروشت دەمێنێتەوە، بێ ئەوەی هەرگیز لە سوڕانی دوبارەی کردارکانی خۆی ئەولاتر بچێت، یان رزگار بێت» (ل 177)، بەڵام ئەگەر بزانین لەگەڵ کشانەوە لە گۆڕەپانی گشتی، »هۆشیاری» چ لە شاندی هۆشیاری خۆی، چ لە شاندی وشیاری ئەوینردا (جیهان و شتەکان) چۆنیەتی پەیوەندی لەگەڵیان، بە تەواوەتی لە دەستدەدەین، لەو حاڵەتدا دەبینین جێهێشتنی جیهان یان بواری گشتی بەو جۆرە نییە، کە هەندێک لە فەیلەسوفەکان بە تایبەت ئارێنت بۆی دەچن، چونکە بوونی (هۆشیاری) لە بنەڕەتدا «کۆمەڵایەتیە» (تەنانەت ئەگەر»وشیاری ناڕاستیش»بێت)، بۆیە سەرسوڕهێنەر نییە کاتێک دەبینین ئارێنتێک کە بەم شێوەیە لە جیهانی ژین، بایەخ نادات لە بەشەکانی کۆتایی کتێبەکەی خۆیدا بەبێ ئەوەی ناوێک لە فەیلەسوفەکانی سەردەمی خۆی بهێنێت (بە پێچەوانەی ئەو شێوازەی کە پێشتر پەیڕەوی دەکرد و هەر شرۆڤەیەک بە ناوی فەیلەسوف و تیۆریەکانیەوە هێناویەتی)، ئاماژە بە ڕوانگەیەک دەکات، کە»ڕاستکردن» و «کردار»ی فیدای «تیۆریدانان»

کردوە. بەوجۆرەی کە دەڵێت:»ئێستا ئەو (مرۆڤ)، قەناعەتیکردوە لە پێناو هەرچالاکیەکدا دەست لە توندوتیژی هەڵبگرێت و شتەکان بەوجۆرەی کە هەن دەستکاری نەکات، ماڵەکەی خۆی لە شوێنی نیشتەجێبوونی تیۆریدانانندا لە پەنای کاروباری هەرمان و هەتاهەتایدا بدۆزێتەوە.... تەنها کارێک کە پێوست بوو بیکات ئەوە بوو کە دەست لەکار هەڵبگرێت و کرداری چاودێریکردنی ئیدۆس تا بێکۆتایی درێژە پێبدات، چاودێریکردنی رواڵەت و نمونەی هەتاهەتایی، کە پێشتر دەیویست لاسایی بکاتەوە و ئێستا دەیزانی بەهەرجۆرە دەست پێشخەریەک بۆ بابەتیبوون تەنها لەوانەیە سەرتربوون و جوانی ئەو لەناو بباتە» (ل439).

بەڵام پێویستە لە بەدواداچوون بۆ باسی ئازار و بێ جیهانیدا ئەم خاڵە زیادبکرێت کە بە رواڵەت لە شێوازی دوورەپەرێزانەی ئارێنتدا، ئەو پشتگوێ خستنە بەرچاو دەکەوێت کە «ئازار»، تەنها مرۆڤ لە خۆیدا کۆت دەکات، نەک ئەوەی کە «بێ جیهانی» بکات، چونکە بەهۆی هەبوونی جیهانەوە کە مرۆڤ توانای لەخۆدا کۆکردنەوەو هۆشیاری لەوەدا(ئازار) دۆزیوەتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەندێشە و بیرۆکەی بەناو تیۆری ئاسایانەش، بەهیچ شێوەیەک لە ئەگەری پچڕان (نەک تەنها) لە جیهان، لە «کـردارو» و بونیادنانیش بێ بەش نییە، چونکە «بۆچوونێک» کە لە رێگای فەیلەسوف یان بیرمەندەوە بە ناو «پوختە» دەکرێت، لەو رووەوە توانای «پوختەبوونی» هەیە، کە لەپێشدا خاوەنی «بوونی کۆمەڵایەتییە» و لە راستیدا دەستکردی ئەوە. بە واتایەکی دیکە بۆچوون دەربڕینی فەیلەسوف، لە پێشدا گرێدەراوە بە دۆخێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوەوە، دۆخێک کە جیهانێک لە رسکان و نیشانەکانی «هاوبەشی» لەخۆ دەگرێت، کە راستکراوی سیستمێکن لە جیهانی ژین، سیستم و شێوازێک کە لە شێوازێکی ئابستراکت و لە دۆخێکی

کۆمەڵایەتی و مێژووییدا کۆدێک راستدەکەن، کە تەنها کەسانێک توانای کردنەوەیان هەیە، کە لە پێشتدا خۆیانیان بۆ شکاندن و خوێندنەوەی ئامادە کردبێت: مرۆڤگەلێکی کۆمەڵایەتی، مێژوویی، سیاسی، کولتوری... بەم پێیە بەجۆرەی کە دەبینین لە ئەندازیاری «ئیۆریدانانداندا» نەک هەر بۆشاییەک لە جیهان و جێهێشتنی کار، راسنکردن، کردار و تەنانەت «زەحمەتی فیکری» نابینرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە تەنانەت دەتوانرێ بوترێت پەیوەندی بە جۆرێک لە «تەکنۆلۆژیاوە» هەیە. تەکنیکێکی کۆمەڵایەتی و لە بواری توانای پەیوەندیەوە، شیاوی تێگەیشتنن، کە وەکو هەموو تەکنیکەکانی تر لێوەشاوەیی خۆی لە مەشقکردن و کاردا بەدەستدێنێت.

هەندێک جار، ئارێنت ئایدیای «بێ جیهان» خۆی لە شێوازی جۆراجۆردا دەبینێتەوە. ئەو لە رێگای بۆچوونەکانی ماکیاڤێلییەوە ئەو بۆچوونەی شرۆڤە دەکات کە کارە باشەکانی بێ جیهانین. ئەو لەو باوەڕەدایە «چاکە» ناتوانێت لە ئاستی گشتیدا دەرکەوێت، چونکە دەرکەوتنی، هۆکارەکانی لەنابردنی پێکدەهێنن: دنیایی»سیکۆلار» بوون و بە شێوازی بەشێک لە جیهان بە خۆگرتن. هەرچۆنێک بێت ئەو دەڵێت:»بێ جیهانی گەوهەری کارە باشەکانە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی کەسێکی باش، کەسێکی لە گەوهەردا نامرۆیی و سەرو مرۆیی بێت... بەم پێیە چاکە لە پلەی شێوازێکی رێکخراو لە ژیان، نەک هەر لە سنورەکانی مەیدانی گشتیدا ئیمکانی نییە، بەڵکو تەنانەت دەبێتە هۆکاری لەناوچوونیشی، رەنگە هیچ کەس ئەوەندەی ماکیاڤیلی بەرامبەر بە چۆنیەتی روخێنەربوونی چاکەکردن بە قوڵی هۆشیار نەبێت... لەلای ماکیاڤیلی، هۆکاری ئەوەی کە کڵێسە کاریگەریەکی گەندەڵانەی لە سەر سیاسەتی ئیتاڵیا دادەنا، بەشداریکردنی لە کاروباری دنیایی و علمانیدا بە واتای وردی وشە بوو، نەک گەندەڵی تاکانەی قەشەکان» (ل 122 و 123).

بۆیە پێدەچێت ئارێنت لە راپۆرتی خۆیدا، سەبارەت بە «دۆخی مرۆڤ»، کە رەخنەگرتنی ئەوە لە «مۆدێرنیتە» هەنگاوەکانی خۆی بە ئاراستەی جێهێشتنی بواری گشتی رێکدەخات. ئەو لەم بارەیەوە هۆکاری خۆی هەیە. شتێک کە «سەرکەوتنی ئاژەڵی زەحمەتکێش» و شکستی مرۆڤی بونیاتنەری پێدەڵێت، تەنانەت بە سەرهەڵدانی ژیانی تەرخان بە «کردار»: «کردارێک» کە لەم راپۆرتەی لە جیهان کشانەوەدا، وەکو توانای هونەرمەندانەی «راستکردن»، ئەزمونێکی نایابە و تایبەتە بە کەسانێکی دەستەبژێر...

بەڵام بە رواڵەت راپۆرتە نیگەرانکەرەکەی ئارێنت لە دۆخی مرۆڤ، سەبارەت بە «بیرمەند»، بەم جۆرە کۆتایی نایەت، چونکە ئارێنت لە پلەی فەیلەسوفێکی رۆشنبیر (دەرونگەرا و تیۆرزان) لەم جیهانە نایابەی ئەزمونی کردار و بونیاتناندا، چاوی بڕیوەتە ئاسۆیەک کە پێشتر کاتوی تێدا ژیاوە. ئەو بە هیوایەکی نوێوە بۆ بیرمەند نەک هەموان، قسە لە «بیر و ئەندێشە» دەکات کە تێیدا بێ کرداریی و کۆشەگیری (قسەکردن لەگەڵ خۆت)، دوورکەوتنەوەیە لە کرداری تەنیایی. بەو جۆرەی کە لە دوا دێڕەکانی کتێبەکەیدا دەڵێت:»کات و چەندە بەرهەق بۆ ئەو کاتەی کە دەیوت: مرۆڤ هیچکات ئەوەندەی ئەو کاتەی کە کردارێک ئەنجام نادات، شایستەی کردار نییە، هەرگیز ئەوەندەی ئەو کاتەی کە لەگەڵ خۆیدا بەسەر دەبات، لە تەنیایی دوور نەکەوتووەتەوە» (ل 463).

**سەرچاوە :**

1- زهره روحی، انسان شناسی و فرهنگ

2- http://www.cdi-iran.com/Article/

# هانا ئارێنت کتێبی تۆتالیتاریزم

سپیدە ساسانی

لەفارسییەوە: نەسرین رەحیمی

«هانا ئارێنت» لە ساڵی 1906 لە بنەماڵەیەکی یەهودیدا لە دایک بوو، کەم تا زۆر لە بنەماڵەوە سەرقاڵی سیاسەت بوو، لە سەردەمی خوێندندا لە زانکۆ لە نێوان 18 تا 32 ساڵی، خوێنکاری چەند کەسێک لە جەنجاڵترین بیرمەندانی سەدەی بیستەم بوو. «هانا» لە هەژدە ساڵیدا خوێندکاری مارتین هایدگەر بوو، لەو کاتەدا «هایدگەر» سەقاڵی بیرکردنەوە لە گرنگترین بەرهەمەکەی خۆی «بوون و زەمان» بوو، لەم کاتەدا لە نێوان هایدگەر و هانا ئارێنت دا پەیوەندیەکی دۆستانە و رۆمانسی بوونی هەبوو، ئەم پەیوەندیە بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی هایدگەر پەیوەست بوو بە حزبی نازییەکان، ئەم پەیوەندییە توشی قەیران بوو، لە ساڵی 1959 دا «هانا ئارێنت» وەکو یەکەم مامۆستای ژن لە زانکۆی «پپرینستۆن» وانەی دەوتەوە هانا دوای شەڕی دووەمی جیهانی توانی هەموو کاتی خۆی بۆ نوسین تەرخان بکات.

یەکێک لە گرنگترین بەرهەمەکانی هانا ئارێنت کە کۆمەڵێ لە ئەندێشەکانی دەگرێتەوە، کتێبی تۆتالیتاریزمە کە بە وەرگێڕانی «موحسین پلاپی» لەلایەن بڵاڤۆکی « پالپ»وە، بڵاوکراوەتەوە، هانا ئارێنت لەم کێبەدا دوای روونکردنەوەی بنەماکانی تۆتالیتاریزم لە دوور وڵاتی ئاسمان لە سەردەمی هیتلەر و روسیا لە سەردەمی ستالیندا بە کەڵک وەرگرتن، لە بەڵگەی جۆراوجۆر و تەواو لێکچوون و جیاوازی ئەم دوو چەشنە حکومەتە، وەکو یەک شرڤە دەکات، لە راستیدا دەتوانین بنەما سەرەکیەکانی ئەندێشەی هانا ئارێنت، سەبارەت بە تۆتالیتاریزم لە ناو قەیرانی گەورەی شەڕی جیهانی دووەم و دەرکەوتنی نازیزم، کە کاریگەریی راستەوخۆی لە سەر ژیان هەبوو، پەیڕەوی بکەین.

بە جۆرێکی تر فەلسەفەی «هانا ئارێنت» بەهۆی ژیـان لە یەکێک لە پڕکارەساتترین و ترسناکترین ئاکارەکانی مێژوودا کە مرۆڤ بینەری دوو شەڕی جیهانی، تاوانی ڕەگەز پەرەستانە، بۆمبارانی کیمیایی، شەڕی ڤێتنام و دیکە ڕووداوە توندو تیژەکانیتر بوو، زۆر کاریگەر بوو لەو ڕووداوانە و بەجۆرێک لە هەڵوێست و پەرچەکردار بەم توندو تیژیانە، لە گەڕان بە دوای چارەسەرێکدا بوو، بۆ رزگاربوون و خۆشبەختی مرۆڤەکان.

فەلسەفەی «ئارێنت» تێکەڵییەکی زۆریی لەگەڵ سیاسەت و مۆراڵدا هەیە، گرنگییەکی تایبەت بە ئازادیی مرۆڤ دەدات، لە روانگەی «ئارێنت» ەوە مافی مرۆڤ دەبێ لەگەڵ ناسنامەی سیاسی مرۆڤەکاندا تەبابێ، لە بواری سیاسیدا دەکرێ دنیای هاوبەشی مرۆڤەکان بنیاتبنرێ، ئارێنت لە کۆمەڵە بەرهەمەکانیدا، گرنگیەکی زۆر بە چەمکەکانی توندو تیژی یان شەڕ، تۆتالیتاریزم، ژیانی پراکتیکی و ژیانی تیۆرییک دەدا، لە زۆر شوێندا بە لێکدانەوە و شیکاریی ئەم چەمکانە خۆی سەرقاڵکردووە، بە دوای رێگا گەلی دەرچوون لەم کارەساتانەوە بووە.

«هانا ئارێنت» خۆی زیاتر بە تیۆریزینێکی سیاسی دەزانێ و بە ئۆمێدەوە بە دوایی رێگە چارەیەکەوە بۆ رزگاربوون و باش بوونی ژیانی مرۆڤایەتی، ئەو بەردەوام بەدوای لێکدانەوەو چۆنیەتی پێکهاتنی چاخی تاریکی بوو لە مێژووی ژیانی مرۆڤەکاندا، «ئارێنت» جەماوەر بە کۆمەڵێکی پێکهاتوو لە چەند کەسێکی تەنیا و تاک کەوتوو دەزانێ، کە جیاوازی چینایەتی خۆیان لە دەستداوە، بە بۆچوونی «ئارێنت» کاتێک جیاوازی چینایەتی لە ناو دەچێت، جۆرێک لە تاکایەتییان نامێنێت و باوەڕیان بە هیچ ئەرکێکی کۆمەڵایەتی بۆ خۆیان نییە، وەها خەڵکانێک لە رووی سیاسیەوە نەزۆکن، چونکە هیچ جۆرە پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ئەندامانی هیچ گروپێک نامێنێ، بەڵام هەر ئەو کەسانەی کێبڕکێ و هاوکات حەز بۆ هەبوونی بەرژەوەندیی گروپییان لە دەست نەداوە، بەمەوە بەرەو رێکخراوە سیاسیەکان

دەڕۆن و دەکرێ ڕێکبخرێن، بەڵام نە بەهۆی پێداویستی یان بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان، بەڵکو تەنیا بۆئەوەی لە خزمەت بەرژەوەندیی کەمایەتیەکاندا جێگربن، ئەمەش دەسپێکە بۆ دەرکەوتنی تۆتالیتاریزم.

ئەندێشەکانی «هانا ئارێنت» وەکو تـەواوی بیرمەندان و تیۆریزینەکانی تۆتالیتاریزم، بە پشتیوانی ئەزمونگەلی تاڵی ئەو بە پشتیوانی دیکۆمێنتاری کە بە ڕووداوە مێژووییەکانەوە پەیوەستە، فەزایەکی ساردو تاڵی بە بەرهەمەکانی داوە، لەگەڵ ئەم تێڕوانینەدا، دیسانەوە «ئارێنت» بە داهاتوو گەشبینە، ئەمەش بەڵگەی جیاوازبوونی ئەوە لە گەڵ تەواوی بیرمەندانی تۆتالیتاریزمدا.

**سەرچاوەکان:**


1- هانا ارنت، اندیشە و مددخطات اخلاقی، وەرگێڕانی عباس باقری، تاران نشر نی

2- راسل ماکوبی، هانا ارنت و تناقضهایش، وەرگێڕانی علی محمد طباطبایی

3- قدرت و قهر در فلسفە سیاسی هانا ارنت، محیی

4- در بارە زندگی و اثار هانا ارنت، منصورە افقهی

# دیاردەی تۆتالیتاریزم لەڕوانگەی (هانا ئارێنت)ەوە

دکتۆر: حوسەین ئیمامی
لەفارسییەوە: هەڤاڵ ڕەحیمی

«هانا ئارێنت» بە لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان «ئامانج و کەرەستە» ئیشک دەخاتە سەر ئەم بابەتە نارِوونە توندو تیژی خاوەنی سروشتێکی کەرەستەییە، وەکو هەموو کەرەستە و کەل و پەلەکانی تر بـەردەوام پێویستی بە ئامانجێکە کە رێنوێنی بکات و پاساوی پێ بهێنێنەوە، ئەو شتەی کە بۆ پاساودانی خۆی پێویستی بە شتێکی تر بێت، خەسڵەتێکی بەکارهێنانی هەیە، بەڵام هیچکات دیاریکەر نییە، لەم قسانەی «هانا ئارێنت» دەتوانین بەو ئاکامە بگەین، کە چییەتی دەسەڵات ناکرێ دیاردەی توندو تیژەی باسی بکەین، توندو تیژی بە پێچەوانەی دەسەڵات خاوەنی سروشتێکی رووخێنەرە، کە بیکاتە ئامانجێک کە توندو تیژی بە دەستبهێنێت، پێویستی بە کەرەستەیەکی رووخێنەر، ترسێنەرو ستەمکارانە هەیە، بەڵام ئەمە بە نیسبەت دەسەڵاتەوە راست نییە، دەسەڵات تایبەتمەندی تاکە و تەنیا کاتێک پەیدا دەبێ، کە مرۆڤەکان یەکگرتووبن، دەسەڵات بەردەوام پێویستی بە دۆخی ئاشتی خوازانەو متمانەبوونی بەرامبەر هەیە، لە کاتێکدا دۆخێک کە بە کەرەستەی توندو تیژی راست دەبێ پڕە لە ترس و دڵەڕاوکێ، بێ-متمانەیی هانا ئارێنت ئەم جیاوازییە بەم شێوە کۆدەکاتەوە، لە قاموسی سیاسیدا بەسی نییە، بڵێین دەسەڵات و توندو تیژی یەکێک نییە، بەڵکو هەر دەبێت بڵێین دەسەڵات و توندو تیژی خاڵی دژواری بەرامبەر بە یەکترن، لە جێگایەکدا کە یەکێک لەم دووانە حاکم بێت، ئەوی دیکە بوونی نییە، توندو تیژی کاتێک کاری پێ دەکرێ کە دەسەڵات لە مەترسیدا بێت، ئەگەر

چارەنوسی دەسەڵات بخەینە بەر قسەی توندو تیژییەوە، ئامانجی کۆتایی لەیەککاتدا دەبێتە کۆتایی هاتن و رووخاندنی دەسەڵات، بەمەوە ئەنانەت ناتوانین بڵێین خاڵی بەرامبەری توندو تیژی نەبوونی توندو تیژیە و دیارە قسەکردن لە دەسەڵات بە «بێ توندو تیژی» مانایەکی نییە، توندو تیژی

دەتوانێ دەسەڵات بڕووخێنێت، بەڵام هیچکات، ناتوانێ دەسەڵات راست بکات، شتێک کە لە لولەی تفەنگەوە دێتە دەرەوە، دەتوانێ کاریگەریی ئەوەی هەبێت کە داوای پەیڕەویکردنی بێ مەرج دەکات، لە لولە تفەنگەوە هیچ کات دەسەڵات نایەتە دەرەوە، ئەم چارەنوسە چیەتی، یان خەسڵەتی تایبەتی خوێندنەوەی «ئارێنت»ە لە چەمکی دەسەڵات، دەبێ لە پەیوەندی لەگەڵ بەکارهێنان پراکتیکی و واقعیەتی زمانی دەسەڵاتدا، یان گوتاری دەسەڵاتدا لە بەستنی پەیوەندیی رۆژانەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریی و کەلتوریی مرۆڤەکاندا لێکبدرێنەوە، بە جۆرێکیتر تێڕوانینی هانا ئارێنت، بۆ چەمکی دەسەڵات خاوەن چیەتی یان سروشتێکی توێژەرانەی تایبەتییە، حکومەتی تۆتالیتار بە باوەڕی هانا ئارێنت کە یەکەم بۆچوونی وردی لەم بارەوە ئاڕاستەکردووە، دیاریەکی سیاسی وەهای بێوێنەیە، تۆتالیتاریزم لەگەڵ دیکتاتۆریەتدا بەو جۆرەی کە مۆنتسکیۆ پێناسەی کردووە جیاوازیی هەیە دارشتنی شوێنکەوتنی تەواوی کۆمەڵگە لە بۆچوونێکی دیاریکراو، سەبارەت بە مرۆڤ و نکۆڵیکردنی بنەمای ئازادی مەترسییەکی گەورەیە بۆ شارستانیەت، چونکە روسیای ستالین و ئەڵمانی هیتلەری کە دوو شێوازی تەواوی ئەو چەشنە حکومەتەن، ئەم دووە لە سەداسەد دژ بە یەکترن، بەڵام لە بواری کاری ئایدۆلۆژییەوە، لەودیو ناکۆکیە رووکەشەکانەوە وەکو یەکن، تۆتالیتاریسم، لە شێوازە جۆراجۆرەکانیدا لە نازیزم و فاشیزمەوە بگرە، تاکو ستالینیزم کە پانتاییی بەربڵاو لە بواری سیاسەتی جیهاندا

لە ئیتاڵیاو ئیسپانیاوە بگرە تاکو روسیا، چین و ژاپۆنی بە خۆیەوە توش کردووە، یەکێک لە بابەتە گرنگەکان بوو لە دەیەکانی ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، وەکو وترا، بیرمەندان و توێژەرانی زۆر سەبارەت بە تۆتالیتاریزم و شێوازە تایبەتەکانی وەکو فاشیزم و نازیزم لێکۆڵینەو لێکدانەیان هەبووە، بەڵام لەم نێوانەدا تێڕوانینی ورد و لێکدانەوەی قووڵی هانا ئارێنت لە فەلسەفەی سیاسی سەدەی بیستەمدا پێگەیەکی تایبەتی هەیە، کە گوتارو کردارو ئازادی مرۆڤەکان دەگرێتەوە، ئارێت خوازیاری مافێکی یەکسانە بۆ هەموو مرۆڤەکان لە کردار و گوتاردا، بە بۆچوونی ئەو مافی مرۆڤ دەبێ لەگەڵ شۆناسی سیاسی مرۆڤەکاندا هاوڕێ بێ، لە بواری سیاسەتدا دەکرێ دنیای هاوبەش مرۆڤەکان بنیات بنرێ.

ئارێنت لە کۆی بەرهەماکانیدا گرنگیەکی تایبەت بە چەمکەکانی -توندوتێژیی- شەڕی تۆتیالیتاریزم ژیانی پراکتیک خوازارانە و تیۆری خوازانە دەدات، لە زۆر جێگادا شیکاریی بەم چەمکانە هەبوو، بە دوای رێگا چارەیەکەوە بۆ دەربازبوونی مرۆڤ لە قەیرانەکان بووە، لە سەرچاوەکانی تۆتالیتاریزمدا ئارێنت لە سێ بەشدا خوێندنەوە و لێکدانەوەی دژی یەهودییگەریی ئیمپڕیالیزم و تۆتالیتاریزم خۆی سەرقاڵکردووە، لە باسی دژەیەهودییگەریی دا بە مێتۆدی دیاردە ناسانە بنەما و ریشەکانی ئەم شتەی لێکداوەتەوە و لەنێوان نەفرەت لە یەهودیەکان بە بۆنەی دژایەتی و ئایینی و نەفرەت لە یەهودیەکان بە هۆی بۆچوونی رەگەزپەرەستانەوە جیاوازیی داناوە، لە روانگەی ئارێنتەوە، نەفرەت لە یەهودییەکان بەهۆی ئایینەوە بە گۆڕانی ئایین، ئەویش دەگۆڕدرێ، بەڵام لە باری رەگەزییەوە یەهودیەت بەردەوام ئەسڵیەتی یەهودییە، بەمەوە یەهودیەت هیچکات ناتوانێ لە شەڕی یەهودی بوون رزگاری بێ، بە بۆچوونی هۆکاری

سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی دەستیان بە دەست یەکەوە داوە، تاکو دژە یەهودییگەلی و رەگەز پەرەستی توندو تیژ ببێتە هۆی راستکردنی قەیران بۆ یەهودییەکان، ئارێنت یەهودییەکانی دژ دەوڵەت یەهودیانی دەوڵەتی ئەو گروپ و تاقمە یەهودییەن، کە قەبوڵیان کردووە تێکەڵ بە کۆمەڵگەبن، بەمەوە بەهۆی یەهودی بوونەوە وەکو کۆمەڵێکی تایبەت لە کۆمەڵگەدا قەبوڵکراون، یەهودیانی دژ دەوڵەت یان پەرتکراو، ئەو یەهودیانەن کە لە کۆمەڵگە و یەهودیانی دەوڵەتی جیابوونەتەوە و لەواقعدا لە مافی شارۆماندی بەهرەمەندین، یان مافی شارۆمەند یان لە مەترسیدایە، لە روانگەی «ئارێنت»ەوە تەواوترین جۆری ژیانێکە کە لەسەر بنەمای پراکتێک کار دەکات، پێویستی بە هاورێتی و راستکردنی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانە، کردەوە و گوتاریش بە شوێنی دەرکەوتن هەیە، ئەویش هەمان دنیای هاوبەشی مرۆڤەکانە، کردە بە پێچەوانەی زەحمەت و کارەوە، کە دەبێتە هۆی لە ناوچوونی تاکییەتی و شوناسی مرۆڤەکان و دابەزینی کۆمەڵگە بە کۆمەڵگەیەکی بەر خۆر یان بەرژەوەندییخواز، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کۆمەڵگەیەکی سانترالە و بەخت لە دیاریکردن و شوناس و کەسایەتی مرۆڤ دەکاتەوە...

هانا ئارێنت بۆچوونی دیاردەناسانەی پدیدار شناسی بە نیسبەت توندوتیژییەوە هەیە، توندوتیژیی بە ئەنجامدانی کردەوەیەکی کارلێک بێ گوتارو بێ بیرکردنەوە لە ئاکامی توندوتیژی دەزانێ و توندوتیژی بە سەرچاوەی ناکارامەیی دەزانێ، بە مانایەکیتر بە کەمرەنگ بوونەوەی بەستێنی گشتی و کەوتنە پەراوێزی کارلێک و گوتار توندوتیژی پر رەنگ دەبێتەوە، توندوتیژی ئەستەمێکی کەرەستەیی هەیە و لە بەرامبەر کارلێک و ئەندێشەدایە، ئارێنت لە نێوان توندو تیژی لەگەڵ دەسەلاتدا و خۆری

دەسـەڵاتی و هێز جیاوازی دادەنـێ و لە روانگەی ئـەوەوە دەسـەڵاتی پۆناسینێکی مرۆڤانەیە، کە نە تەنیا بۆ ئەنجامدانی کارێک، بەڵکو بۆ رێکەوتنی نێوان مرۆڤەکان و ئەنجامدانی کاری هاوبەشی نێوان مرۆڤەکان لە هێز و توندوتیژی نییە، خەسڵەتێکی کەرەستەیی هەیە و دەلالەتی لە سەر پۆتانیسەلێک ئازادکراوە دەکات بە هۆی بزافە کۆمەڵایەتیەکانەوە بە بۆچوونی هانا ئارێنت بەردەوام بوون و جێگیر بوونی «هێز» پێویستی بە رێزگرتنی بێ مەرجی کەسێک، یان خۆ رێکخراوێک هەیە، چونکە «هێز» جەوهەرێکی دەبەخشێ، هانا ئارێنت لە نێوان دەسەڵات و توندو تیژیدا باوەڕی بە جیاوازی بنەڕەتی هەیە و توندوتیژی بە خاوەنی سروشتێکی وێرانگەر دەزانێ، بە پێچەوانەی دەسەڵات کە سروشتێکی بنیاتییە «ئارێنت» سروشتێکی کۆمەڵایەتی و گشتی بۆ دەسەڵات، لە بەرچاو دەگرێ و دەڵێ، توندو تیژی پێویستی بە یاسا هێنانەوە نییە، چونکە نسێکە لە خۆیدا و لە جەوهەری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بوونی هەیە، بەڵام دەسەڵات پێویستی بە مەشروعییەت هەیە، ئەڵێت مەشروعیەتی دەسەڵات لەسەر ئامانج، یاخود ئەو هۆکارانەی کە بە تاقمێکی کۆمەڵایەتی بە کاری دەبەن دادەمەزرێ، دەسەڵات بۆ مەشروعیەتدان بە خۆی بۆ رابوردووی دەگەڕێنەوە، لە حاڵەتێکدا ئامانجێک کە پاساوی بۆ کەرەستە هەیە، پەیوەندی بە داهاتووەیەوە هەیە، دەکرێ بۆ توندوتیژی پاسای بهێنێنەوە، بەڵام هیچکات ناتوانن مەشروعیەتی پێبدەن، ئارێنت بە جیاواز بوونەوەی

دەزگای حاکمیەت و دەسەڵات لە سەرچاوەی ئەسڵی خۆی کە خەڵکن، نە هۆکاری تەرکی کەوتنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت، زاڵی دەسکەوتەکەشی بە ئاڵتەرناتیڤی توندوتیژی دەزانێ، چونکە «هانا ئارێنت» دەسەڵاتی بە موڵکی خەڵک دەزانێ، کە خەڵک لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا دەسەڵات بە حکومەت و دەوڵەت دەسپێرن.

هانا ئارێنت، باوەڕی بە جیاوازی نێوان جەنگ و شۆڕشە، ئامانجی شۆڕش بە ئازادیی دەزانێ، لە روانگەی «ئارێنت»ەوە شەڕ دیاردەیەکی کۆنە و لەگەڵ توندو تیژیدا هاوتەبایە بە بۆچوونی ئەو، شۆڕش تایبەت بە چەرخی نوێیە و لەگەڵ ئازادییدا پەیوەندی هەیە، وشەی شۆڕشی یەکەم جار لە ساڵی 1660دا دوای رووخانی پەرلەمان و گەڕانەوەی و بنیاتانەوەیە، ئەو مەسەلەی کۆمەڵایەتی بە هۆکاری سەرەکی پێکهاتنی شۆڕش و هەژاریش بە هۆکار و جوڵێنەری شۆڕشی دەزانێ.

بە گشتی دەتوانیت بڵێیت هانا ئارێنت، خوێندکاریی فەلسەفە، زیاتر خۆی تیۆرسینی سیاسی دەزانێ و کاریگەر لەسەر سەردەمێک بوو، کە تێیدا دەژیا، بەردەوام بە دوای رێگاچارەیەکەوە بوو، بۆ رزگارکردن و باشتربوونی ژیانی مرۆڤایەتی، لە هەمانکاتدا گەشبین بوو بە دەسپێکردنێکی تازە دۆخێکی گشتی کە تێیدا ئازادی و یەکسانی مرۆڤەکان دەستەبەر بێت.

**سەرچاوەکان:**

1- پاتریشیا، التبرند جانسۆن، فلسفەی هانا ارنت، وەرگێڕانی خشایار دیهیمی تاران، طرح نو

2- هانا ارنت، انقلاب، وەرگێڕانی عزەت الله فولادوەند، تاران، خوارزمی

3- هانا ارنت، خشونت، وەرگێڕانی عزەت الله فولادوەند، تاران، خوارزمی

## بیۆگرافیای ژیانی هانا ئارێنت

| ساڵ | زانیاری |
|---|---|
| ١٩٢٩ | نامەکەی بڵاوبویەوە. |
| | هانا ڕێگری لێدەکرا لە ئامادەسازیکردنیدا بۆ وانەوتنەوە لە زانکۆکانی ئەڵمانیا، چونکە جولەکە بوو . |
| ١٩٣٣ | بەهۆی هاتنەسەر دەسەڵاتی نازیەکان، خاڵی گۆڕان لە ژیانی هانا ئارێنت ڕوویدا، چونکە وایکرد لە فەلسەفە دوربکەوێتەوە و ڕوو لە سیاسەت بکات بە عەمەلی . |
| ١٩٣٣ | دەزگای ئاسایشی نازیەکان هانایان گرت، بەڵام دواتر ئازادیان کرد. |
| ١٩٣٧ | لە ڕەگەزنامەی ئەڵمانی بێبەشدەکرێت. |
| ١٩٤٠ | شوو دەکات بە شاعیری ئەڵمانی و مارکیسی فەیلەسوف هایرنش بلوگ، بەهۆی نەبوونی ڕەگەزنامەی ئەڵمانی خرایە سەربازگەی جیزر، بەوەی دوژمنێکی بێگانەیە، بەڵام پاش چەند هەفتەییەک توانی هەڵبێت. |
| ١٩٤١ | لەگەڵ هاوسەر و خێزانەکەی ڕایانکرد، لە ڕێگەی دبلۆماسێکی ئەمریکی (هیرام بینغام) بە قاچاغ ڕەوانەکران بۆ ئەڵمانیا، لەم ڕێگەشەوە هاوکاری ٢٥٠٠ جولەکەی تری کرد. |
| ١٩٤١– ١٩٤٥ | ستونێکی بە زمانی ئەڵمانی لە ڕۆژنامەی مال (Aufbau)ی جولەکە دەنوسی، هانی جولەکەی ئەڵمانی دەدا، پاش جەنگی جیهانی دووەم گەڕایەوە ئەڵمانیا و کاری بۆ لاوان و زایۆنزمی ناوچەکە دەکرد، ژمارەیەکی زۆر منداڵی ڕزگارکرد و ڕەوانەی فەلەستینی کردن. |
| ١٩٥٠ | ڕەگەزنامەی ئەمریکی وەردەگرێت. |

| | |
|---|---|
| | له زانکۆکانی کالیفۆرنیا -بیرکلی -برنستۆن-نرۆرس ویستر وەک لێکۆڵەرێکی میوان خزمەتی کردووە. |
| ١٩٥١ | یەکەم کتێبی گەورەی بە ناوی بنچینەی گشتگیری بڵاوکردەوە، لە هەموو بەڵێنامە باڵاو ئیمپریالیەکاندا شوێن بنچینەکانی ستالینی شیوعی و نازی کەوتبوو، بۆیە چەپەکان دژی ئەم کتێبە وەستانەوە. |
| ١٩٥٦ | بەشداری ڕاپەڕینی هەنگاریای کردووە. |
| ١٩٥٨ | کتێبی (باری مرۆڤی) بڵاوکردەوە، تێیدا جیاوازی لە نێوان چەمکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا کردووە، لەگەڵ کارو شێوە جیاوازەکانی کارکردن. |
| ١٩٥٩ | وەک یەکەم ژنی وانەبێژ وانەی لە زانکۆی برینستۆن وتوەتەوە، هەروەها لە زانکۆی شیکاگۆ وانەی وتوەتەوە، بووەتە ئەندامی لیژنەی بیری کۆمەڵایەتی قوتابخانەی نوێ لە مانهاتن ،زانکۆی ییل. |
| ١٩٦٠ | تیۆری لە بارەی ئازادی و ماف دانەوە. |
| ١٩٦١-<br>١٩٦٢ | بووە هاوکار لە بنکەی لێکۆڵینەوەی پێشکەوتوو لە زانکۆی ویسلیان. |
| ١٩٦٢-<br>١٩٦٣ | هەڵبژێردرا بۆ هاوکاریکردن لە ئەکادیمیای ئەمریکی بۆ هونەر و زانست. |

## ساڵنامەی سەردەمی هانا ئارێنت

| زانیاری | ساڵ |
|---|---|
| شکستی رۆم لەبەرامبەر (گۆل)ەکان پەرەسەندنی قەڵەمڕەوی رۆم رادەگرێ. | ٣٩٠پێش زایین |
| مردنی ئارلینۆفانس، نوسەری نمایشنامەی کۆمێدی. | ٣٨٠پ.ز |
| حکومەت لەچوارچێوەی پۆستی کۆنسۆلگەرێتی لەرۆم دادەمەزرێ. مەرگی دیونوسیوسی یەکەم، زۆرداری سیراکوس، و گەڕانەوەی دووبارەو کورتخانەی ئەفلاتوون بۆ سیسیل. | ٣٦٧پ.ز |
| سێیەمین سەفەری ئەفلاتوون بۆ سیسیل. | ٣٦١پ.ز |
| مردنی شاماوسولوس، کە لەماوسولوم، یەکێک لە حەوت سەیروسەمەرەکانی جیهاندا، دەنێژرێ. | ٣٥٣پ.ز |
| پەیماننامەی دووەمی نێوان رۆمو کارتاژ. | ٣٤٨پ.ز |
| مەرگی ئەفلاتوون. | ٣٤٧پ.ز |
| ئەسکەندەری مەزن، دەبێتە جێنشینی فلیپی دووەمی باوکیو قۆناغی داگیرکاریەکانی دەست پێدەکات. | ٣٣٥پ.ز |
| ئەسکەندەری مەزن، دەگاتە دەروازەی هیندستان، لەکاتێکدا کە ئیمپراتوریەتەکەی لەسنوورێکی گەورە دەگرێتە خۆیو لە دەریای ئادریاتیک، تا ئەو بەری رووباری سند درێژ دەبێتەوە. | ٣٢٦پ.ز |
| مەرگی ئەسکەندەری مەزنو بەدوایدا، هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتەکەی. | ٣٢٣پ.ز |

## مێژووی ڕووداوە گرنگەکانی فەلسەفە

– سەدەی شەش پ. ز سەرهەڵدانی فەلسەفەی خۆرئاوا لەگەڵ تالس مەڵتی.

– کۆتایی سەدەی شەش پ.ز مردنی فیساگۆرس.

| ساڵ | زانیاری |
|---|---|
| ٣٩٩ پ. ز. | سوکرات لە ئەسینا فەرمانی مردنی بەسەردا دەدرێت. |
| ٣٨٧ پ.ز | ئەفلاتون ((ئەکادیمی)) لە ئەسینا دامەزراند، کە یەکەم زانکۆیە لە جیهان. |
| ٣٣٥ پ.ز | ئەرستۆ قوتابخانەی ((لوکیۆن))، لە ئەسینا دادەمەزرێنێت، کە دەبێتە رکابەری ئاکادیمی. |
| ٣٢٤ ز | ئیمپراتۆریەتی قوستەنتین پایتەختی ئیمپراتۆریەتی رۆما بۆ بیزانت دەگوازێتەوە. |
| ٤٠٠ | ئۆگەستینی قەشە دانپێدانانەکەی دەنووسێت. فەلسەفە رادەکێشرێتە خواناسی کریستیانییەتەوە. |
| ٤١٠ | بەربەرییەکان رۆما دەڕوخێنن و هەواڵی بەرایی (سەدەی تاریکی). |
| ٥٢٩ | داخستنی (ئەکادیمیای) ئەسینا بە فەرمانی ئیمپراتۆر پۆستنین کە کۆتایی چەرخی حیکمەتی یۆنانی بوو. |
| ناوەڕاستی سەدەی (١٣) | تۆماس ئەکویناس باسەکەی لەسەر ئەرستۆ دەنوسێت. سەردەمی فەلسەفەی قوتابخانەیی. |
| ١٤٥٣ | رووخانی بێزەنت بە دەستی تورکەکان. کۆتایی ئیمپراتۆری بێزەنتی. |
| ١٤٩٢ | کۆلۆمبۆس دەگاتە ئەمریکا. رێنسانس لە فلۆرانس و دووبارە رووکردنە زانیاری یۆنانی. |

| | |
|---|---|
| ١٥٤٣ | کۆپەرنیکۆس کتێبی دەربارەی سوڕانەوەی هەسارە ئاسمانییەکانی بڵاودەکاتەوە و لەسەر بنەمای ماتماتیک دەی سەلمێنێت، کە زەوی بەدەوری خۆردا دەخولێتەوە. |
| ١٦٣٣ | کڵێسا گالیلۆ ناچار دەکات حاشا لە تیۆری سەنتەربوونی خۆر بکات. |
| ١٦٤١ | دیکارت رامانەکان بڵاودەکاتەوە، کە بەرایی فەلسەفەی مۆدێرنە. |
| ١٦٧٧ | مردنی سپینۆزا، بڵاوکردنەوەی ئاکارەکانی. |
| ١٦٨٧ | نیوتن بنەماکان بڵاودەکاتەوە و چەمکی گرانشی دەخاتەڕوو. |
| ١٦٨٩ | لۆک پەیامێک دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ بڵاودەکاتەوە. سەرەتای ئەزمونگەری. |
| ١٧١٠ | بیرکلی بنەمای زانستە مرۆڤایەتییەکان بڵاودەکاتەوە و رەهەندی نوێ دەداتە ئەزموونگەری. |
| ١٧١٦ | مردنی لایب نیتز. |
| ١٧٣٩ | هیوم کتێبی سروشتی مرۆڤایەتی بڵاودەکاتەوە و ئەزموونگەری تا سنوورەکانی لۆژیکیەکەی پێش دەخات. |
| ١٧٨١ | کانت، رابوو لە ((خەوی دۆگمایی)) بە هاوکاری هیوم، رەخنەی ئەقڵی پەتیی بڵاودەکاتەوە. چاخی شکۆداری فەلسەفەی ئەڵمانی دەستپێدەکات. |
| ١٨٠٧ | هیگڵ دیاردەناسی زەین، لوتکەی فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی، بڵاودەکاتەوە. |
| ١٨١٨ | شۆپنهاور جیهان وەکو ئیرادە و وێناکردن بڵاودەکاتەوە و فەلسەفەی هیندی لە فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانیدا دەخاتەڕوو |
| ١٨٨٩ | نیچە کە رایگەیاندبوو (خوا مردووە)، لە تۆرین شێت دەبێت. |

| | |
|---|---|
| ١٩٢١ | ویتگنشتاین تێزی لۆژیکی- فەلسەفی بڵاودەکاتەوە کە بانگەشەی (دوا وەڵام)ە بۆ مەسەلە فەلسەفییەکان. |
| دەیەی ١٩٢٠ | ((ئەڵقەی ڤیەننا)) برەودان بە پۆزیتیڤیزمی لۆژیکی. |
| ١٩٢٧ | هایدگەر بوون و زەمەن بڵاودەکاتەوە کە باس لە ترازانی فەلسەفەی شیکاری و ئەوروپی دەکات. |
| ١٩٤٣ | سارتەر بوون و نەبوون بڵاودەکاتەوە، کە برەو بە هزرەکانی هایدگەر دەداو ئەگزیستانیالیزم دەخاتەڕوو. |
| ١٩٥٣ | برەودان بە پاش مردن، توێژینەوە فەلسەفییەکانی ویتگنشتاین، لوتکەی قۆناغی زمانشیکاری. |

## لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆڕش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەیفرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن- شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |